WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (360) دووشەممە 2015/5/25 4ی جۆزەردانی 2715 (750) دینار

حدکا مەرج قبوڵ ناکات

## PKK بە مەرج لەگەڵ حدکا دادەنیشێ

**ڕووداو- هەولێر**

پارتی کرێکارانی کوردستان مەرجی هەیە بۆ دانوستاندن لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەڵام حدکا دانیشتنی "مەرجدار" ڕەتدەکاتەوە.

بڕیارە ڕۆژی 2015/5/26 وەفدێکی پارتی و یەکێتی بۆ هێورکردنەوەی گرژییەکانی نێوان PKK و حدکا سەردانی قەندیل بکەن و سەرەتا لەگەڵ حیزبی دیموکرات و دواتریش لەگەڵ جەمیل بایک، هاوسەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردستان کۆببنەوە.

هەر دوای شەڕەکەی نێوان حدکا و پەکەکە لە ناوچەی کێلەشین کە شەهیدبوونی پێشمەرگەیەکی حدکا-ی بەناوی قادر کەریمی لێکەوتەوە. وەفدێک لە باشووری کوردستان بە سەرۆکایەتی نیعمەت عەبدوڵڵا، سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان سەردانی بناری قەندیلی کرد. نیعمەت عەبدوڵڵا باسی ئەنجامی سەردانەکەی کرد و گوتی شەڕەکە وەستاوە و هەوڵی دانوستاندن لە نێوان هەردوولا دەدرێت، بەڵام گوتی " PKK بە مەرج لەگەڵ حدکا کۆدەبێتەوە، مەرجەکەشی ئەوەیە پێشمەرگەکانی دیموکرات بگەڕێنەوە ئەو شوێنەی لێی هاتوون". بەڵام حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتی حدکا دەڵێ "ئامادەین بۆ دانوستاندن، بەڵام هیچ مەرجێکی PKK قبووڵ ناکەین".

« 3



جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا بۆ (ڕووداو):

### ئەنجامی هەڵبژاردن کاریگەریی لەسەر پرۆسەی ئاشتی نابێت

5

### پەرلەمانتارێکی کورد شکست بە بانگهێشتکردنی مالیکی دێنێ

10



ڕافع عیساوی بۆ (ڕووداو):


### ئێستا عێراق دابەش بووە

7

زۆربەیان گۆڕانن و مووچەی مانگانەیان 3 تا 5 ملیۆن دینارە

# بە واژۆی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان 14 ڕاوێژکار دادەمەزرێندرێن

« 3




فەرماندەیەکی سەربازیی کورد لە ڕومادی:

### کەوتنی ڕومادی خیانەتی مالیکی بوو لە عەبادی

4

### 4 کەس بە بەرد و بلۆک دەکوژرێن

15



هۆمەر دزەیی:

### ژنەکەم پێمدەڵێت ئەو وشانەی بەکاریاندێنی لە ڕیشی تۆ ناوەشێنەوە

12

## عەبادی ناوی پێشمەرگە دەخاتە سەر نووسراوەکانی

**بژار حەکیم/ ڕووداو- هەولێر**

حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕستەیەک دەخاتە سەر نووسراوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران کە لە ڕستەکەدا ناوی پێشمەرگەی هێناوە و بە "پشت" بۆ سوپای عێراق ناوی بردووە. ڕۆژی 2015/5/21 سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی بە نووسراوی فەرمی کە واژۆی حەیدەر عەبادی لەسەرەو ئاراستەی ئەنجوومەنی نوێنەران کراوە، داوا دەکات متمانە بدەن بە محەمەد عەبدولساحب دەراجی بۆ وەزیری پیشەسازی وکانزاکان، محەممەد عەمشاوی بۆ وەزیری سەرچاوەکانی ئاو. لە سەرەوەی نووسراوەکەش ڕستەیەک جێگیرکراوە کە نووسراوە "حەشدی شەعبی و پێشمەرگە پشتن بۆ سوپای عێراق".



ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (360) دووشەممە 2015/5/25

زیاتر لە 300 فەرمانبەر بۆ تەکیەی شێخەکان دامەزرێنراون

# 18 بڕوانامەی ساختە لە ئەوقافی سلێمانیدا ئاشکرا دەکرێن



بەڕێوەبەری ئەوقاف:

### هەندێک چاویان لە پۆستەکەمە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

چاودێری دارایی وردبینی لە دۆسیەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سلێمانیدا دەکەن. سەرچاوەیەک لەنێو بەڕێوەبەرایەتییەکە دەڵێت لە کاتی وردبینیدا چەندین دۆسیەی "نایاسایی" ئاشکرابوون. بەڕێوەبەری ئەوقافیش پشتڕاستی دەکاتەوە کە هەندێک لەو کارانەی لە بەڕێوەبەرایەتییەکەیدا کراون "نایاسایین".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "18 فەرمانبەری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە کە لە خێزانێکی ئاینی ناسراوی سلێمانین، بڕوانامەی دووی سەرەتاییان هەیە، بەڵام لەئامادەییەکی سلێمانی بڕوانامەکانیان ساختە کردووە بە شەشی ئامادەیی".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "لەو کارەدا بەڕێوەبەری ئەوقاف و ژمارەیەک لە بەرپرسانی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە کارئاسانییان بۆ کردوون، دواتر کە ئاشکرا بوون، بڕوانامەکانیان لە دۆسیەکانیاندا دەرهێناوە، هەر بۆیە ئێستا مانگانە ئەو مووچەیەی ئەم فەرمانبەرانە بە بڕوانامەی شەشی ئامادەیی وەریانگرتووە، لێیان وەردەگیرێتەوە".

بەڵام ئاکۆ حەسەن بەڕێوەبەری ئەوقافی سلێمانی ئەو زانیارییەی ڕەتکردەوە و گوتی "پرسیارم لەبەشی خۆیەتی و مزگەوتەکان کرد ئەو کەسانەی مجێور و کارگوزار بن هیچ بڕوانامەیەکیان بۆ هەژمار ناکرێ و هیچ مووچەیەکیشیان لێوەرناگیرێتەوە، تەنیا مجێورێکمان هەیە کە بڕوانامەی ئامادەیی هەیە و پێشتریش وەزارەت ڕازیبوو دەرماڵەی 25%یان پێبدرێ، بەڵام دواتر بڕیارێکی دیکە هات بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو بڕیارە".

سەرچاوەکە ڕوونیکردەوە کە چەندین دۆسیەی کەڵەکەبووی "نایاسایی" لە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سلێمانیدا هەن، لەوانەش "زیاتر لە 30 تەکیە دروستکراون، زۆربەشیان لەنێو ماڵی شێخەکاندان، لەکاتێکدا نابێت هیچ تەکیەیەک لەنێو ماڵدا بێت". بەڕێوەبەری ئەوقافی سلێمانی پشتڕاستیکردەوە نزیکەی 10 - 12 تەکیە لەنێو ماڵەکاندان کە بە نایاسایی دروستکراون.

هەر بەپێی زانیارییەکان، لەسالآنی نەوەدەکانەوە زیاتر لە 300 فەرمانبەر بۆ تەکیەی شێخەکان دامەزرێندراون کە 200 فەرمانبەریان بۆ تەکیەی شێخەکانی سلێمانی بووە و زۆربەیان بەنێوی کارگوزار دامەزراون. بەگوتەی سەرچاوەکە "هەندێک لەوانە کەسوکاری ماڵی شێخەکان و هەندێکیشیان کەسوکاری بەرپرسانی ئەوقافن".

ئاکۆ حەسەن ئەو زانیاریەشی پشتڕاستکردەوە کە هەندێک لەو کەسانەی وەکو خادم لە تەکیەکان دامەزراون کەسوکاری شێخەکانن، بەڵام بۆ ئەوانەی کەسوکاری بەرپرسانی ئەوقافن، گوتی "بەرپرسان وەکو کێ؟ ڕەنگە خزمی فەرمانبەری تێدا بێت، بەڵام وەکو خۆم هیچ کەسێکم لەو تەکیانە دانەمەزرێنراوە".

سەرچاوەکەی (ڕووداو) ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هەندێک لەوانەی دامەزرێنراون تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمتر بووە و ئەوەش "نایاساییە". بەڵام بەڕێوەبەری ئەوقافی سلێمانی گوتی ئەوانەی وەکو خادم بۆیان دامەزرێنراون هەموویان 18 ساڵیان تەواو کردووە، بەڵام لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا هەندێک کەس وەکو خادم دامەزرێنراون کە 18 ساڵیان تەواو نەکردبوو.

هەر بەپێی زانیارییەکانی سەرچاوەکە "پێشتر لەکاتی وەرگرتنی مووچەدا کەسێک دەهات و مووچەی چەندین کارمەندی دیکەی وەرگرتووە، کەسیش نازانێت ئاخۆ ئەو کەسانە هەبوون یان نا"، بەڵام ئاکۆ حەسەن گوتی "هەر کەسێک بریکارنامەی کەسێکی دیکەی نەبێت، مووچەی کەسی دیکەی پێنادەین".

بەپێی یاسا هەر کەسێک زەوی ئەوقاف بۆ هەر جۆرە پرۆژەیەک بەکاربێنێت، پێویستە دوای تەواوبوونی ڕادەستی ئەوقافی بکاتەوە، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی سەرچاوەکە، هەندێک بازرگانی ناسراوی سلێمانی لەگەڵ دروستکردنی مزگەوتدا ژمارەیەک دووکانیشیان دروستکردووە، یاخود هەندێک لەو بینا بازرگانییانەی موڵکی ئەوقافن، بەپێی گرێبەستی نێوان ئەوقاف و ئەو بازرگانانە پێویستە ساڵانە کرێی دوکانەکان بدەنە ئەوقاف، بەڵام تائێستا کرێیان نەداوە.

لەو بارەیەشەوە سەرچاوەکە نموونەی مزگەوتێکی شاری سلێمانی هێناوە کە لەم ساڵانەی دواییدا بازرگانێک لە شوێنێکی زۆر گرنگی سلێمانی دروستیکردووە و ژمارەیەک دووکانیشی تێدا دروستکراوەو ساڵانە زیاتر لە 70 هەزار دۆلار کرێ وەردەگرێ، بەڵام کرێ ناداتە ئەوقاف، بەهەمانشێوە باڵەخانەیەکی دیکەی بازرگانیش کە موڵکی ئەوقافە و لەساڵانی ڕابردوودا دروستکراوە و کرێ ناداتە ئەوقاف.

ئاکۆ حەسەن دانی بەوەدا نا کە هەندێک لە موڵکەکانیان کێشەیان تێدایە و گوتی "یەک دوو شوێنمان هەیە کە پارە نادەن و داومانتەتە دادگا".

سەرچاوەکەی ئەوقافی سلێمانی سەرسوڕمانی خۆی لەو کارەی ئەوقاف نیشاندا و گوتی "لەکاتێکدا ئەوقاف ماڵی خودایە، دەبووایە کەمترین گەندەڵی تێدا بێت، بەڵام پێدەچێت گەندەڵییەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەش هیچی لەبەڕێوەبەرایەتییەکانی دیکە کەمتر نەبێت".

سەرچاوەکە ئاشکراشی کرد "چاودێریی داراییش دەستیان بە هەندێک وردبینی کردووە و ئێمەش چاوەڕێی ئەنجامی کارەکانی ئەوانین تاوەکو بزانین هەڵوێستی وەزارەتی ئەوقاف چۆن دەبێت".

بەڕێوەبەری ئەوقافی سلێمانی پشتڕاستی کردەوە کە چاودێری دارایی وردبینی لەدۆسیەکانیاندا دەکەن و گوتی "بەڵێ ماوەیەکە لەوێن وەکو هەر فەرمانگەیەکی دیکە". ئاکۆ حەسەن پێیوایە بەشێکی زۆری ئەو زانیارییانەی باسدەکرێن لەلایەن کەسانی "بێرەحم"ەوە بەرامبەریان دەگوترێن و دەڵێت "هەندێک کەس چاویان لە پۆستەکەمە".

لێژنەی بۆ پێکهێنراوە

# لە چاکسازیی گەورانی سلێمانی دەست بەسەر 20 مۆبایلدا دەگیرێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەڕێوەبەری زیندانی چاکسازیی گەورانی سلێمانی ڕایگەیاند لەسەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو ئێستا دەستیان بەسەر 20 مۆبایلدا گرتووە کە بۆ گیراوەکان براونەتە نێو زیندان. لەسەرئەم کارەش کارمەندێکی گرتووخانەکەیان داوەتە دادگا. ئێستا لە زیندانەکە لێژنەیەکی تایبەت بۆ دەستبەسەرداگرتنی مۆبایل پێکهێنراوە.

لە زیندانی چاکسازیی گەورانی سلێمانی 1200 سزادراو و 600 کارمەندی تێدایە، لەم ماوەیەی ڕابردووشدا پۆلیسێکی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بە تۆمەتی بردنە ژوورەوەی مۆبایل بۆ سزادراوێک دەستگیرکرا و دواتریش دانی بەکارەکەدا نا، پاشان ڕەوانەی دادگا کرا.

عەقید بارزان عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری چاکسازیی گەورانی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەپێی ڕێنماییەکانیان نابێت هیچ کارمەندێکیان هاوکاری سزادراو بکات بۆ هێنانە ناوەوەی کەلوپەل، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییەی پێشتر دەستیان کەوتووە، پۆلیسێکیان چەند جارێک مۆبایلی بۆ سزادراوێک بردووەتە ژوورەوە و ئەوانیش دوای بەدواداچوون دەستگیریان کردووە.

عەقید بارزان گوتی "سێ مانگ لەمەوبەر ئەو زانیارییەمان پێدرابوو، بەڵام بەڵگەمان لا نەبوو، بۆیە دوای بەدواداچوونێکی ورد بۆمان دەرکەوت ئەو پۆلیسە مۆبایلەکان لە گۆڕەپانەکە دادەنێت، پاشان سزادراوەکە مۆبایلەکە هەڵدەگرێتەوە. بۆیە دوای گەڕان، لەنێو دەرگای زیندانەکە مۆبایلەکانمان دۆزییەوە. لەسەر ئەم کارە کارمەندەکەمان دایە دادگا".

ئەو مۆبایلانەی کە ئەو پۆلیسە بۆ سزادراوەکانی بردوونەتە ژوورەوە لە جۆرەکانی (نۆکیا و ئایفۆن) بوون و چوار مۆبایل بوون. سەبارەت بە نرخەکانیشیان، عەقید بارزان گوتی "ئەگەر مۆبایلی ئاسایی لە دەرەوە بە 45 هەزار دینار بووبێت، کارمەندەکە بە 600 تاوەکو 700 هەزار دینار بەو سزادراوانەی فرۆشتووە، ئەگەر ئایفۆنێکیش لە دەرەوە بە 400 تاوەکو 500 دۆلار بێت، کارمەندەکە بە 800 تاوەکو 1000 دۆلار بە سزادراوەکانی فرۆشتووە".

جگە لەو کارمەندەی کە ئەو مۆبایلانەی بردووەتە ژوورەوە، لە سەرەتای ئەمساڵیشەوە بەرپرسانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دەستیان بەسەر 16 مۆبایلی دیکەشدا گرتووە لە جۆرەکانی (نۆکیا و ئایفۆن و گالاکسی و جۆرەکانی دیکە)، بەڵام وەک عەقید بارزان گوتی "ئەو مۆبایلانەی دیکە لەنێو حەوشە و شوێنەکانی دیکە فڕێدراون و دۆزیومانەتەوە، بۆیە نازانین لەلایەن چ کەسێکەوە و بۆ چ سزادراوێک هێنراونەتە ژوورەوە و هەتا بەڵگەشمان پێ نەبێت ناتوانین کەس تۆمەتبار بکەین".

بەڕێوەبەری چاکسازیی گەورانی سلێمانی کۆنترۆڵکردنی دیاردەی بردنە ژوورەوەی مۆبایلی بەلاوە زەحمەتە، بۆیە دەڵێت "لیژنەیەکی چاودێری وردمان بۆ دەستبەرداگرتنیان دروستکردووە".

لە چاکسازیی گەورانی سلێمانی هێزی پاسەوانی بۆ بلۆکەکانی یەک ء دوو ء سێ و پرسگەکانی یەک ء دوو دانراون، هەروەها 3 مەفرەزەشیان هەیە بۆ گواستنەوەی سزادراوان بۆ دادگا ء نەخۆشخانە ء بنکەکانی پۆلیس ء ئاسایش هەیە، بەڵام بەڕێوەبەری چاکسازی گەوران داوای گۆڕینی بەشێکی زۆر لەو هێزانەی کرد و گوتی "بەشێک لەو هێزانە هاوکاری سزادراوان دەکەن ء بردنە ژوورەوەی ئەو مۆبایلانەش یەکێکە لە بەڵگەکان، بۆیە باشتر وایە لە وەزارەتی ناوخۆوە پاسەوانمان بۆ دابین بکرێ".

عەقید بارزان ئاشکرای کرد کە جگە لە بردنە ژوورەوەی ئەو مۆبایلانە، هەر لە ماوەی ئەمساڵدا دەستیان بەسەر (20 -25) گرام ماددەی هۆشبەردا گرتووە کە هەوڵدراوە ببرێتە نێو زیندان. عەقید بارزان گوتی "هەندێک لەو ماددانە لەڕێگەی خواردنەوە بۆ سزادراو بردراونەتە ژوورەوە، ئەویش بەهۆی کارمەندی نەشارەزاوە گەیشتووەتە ژوورەوە، یان لەڕێگەی فرۆشگەی چاکسازی، بۆیە ئێستا ڕێگە نادەین هیچ خواردنێک بێتە ژوورەوە".



# پۆلیسێک: بەهۆی تەقەکردن لە خۆپیشاندەران سزادراوم





**فەرمان چۆمانی**
**ڕووداو- قەڵادزێ**

پۆلیسێکی دانیشتووی قەزای پشدەر بەتۆمەتی تەقەکردن لە خۆپیشاندەران لە گوندی بەستەستێن، ڕاژەکەی لە قەڵادزێوە دەگوازرێتەوە ڕانیە. پۆلیسەکە دەڵێت "زۆربەی پۆلیسەکان تەقەیان کردووە، تەنانەت لەناویاندا هەبووە ئەفسەر بووە، بەڵام بیانوویان بە من گرتووە و ڕاژەکەیان گواستوومەتەوە".

دەروێش خدر عومەر، ئەو پۆلیسەی کە سزا دراوە بە (ڕووداو)ی گوت "ماڵم لە نزیک بنکەی پۆلیسی قەڵادزێیە کە دەوامم لەوێیە، ئاگادار کراومەتەوە کە ڕاژەکەم گواستراوەتەوە بۆ پۆلیسی فریاکەوتنی ڕانیە، ئەفسەری بنکەکەم و بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی قەزای پشدەریش پێیانگوتووم نازانین بۆچی تۆ گوازراویتەوە، بەڵام لەڕێگای کەسێکی نزیکم کە لە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕینی پرسیوە، زانیم کە تۆمەتی تەقەکردنیان بۆ دروستکردووم لە ڕۆژی خۆپێشاندانیبەستەستێن".

ڕۆژی 2015/5/8 بەمەبەستی وەرگرتنەوەی زەویەکانیان، ئەو هاووڵاتیانەی لە ئۆردوگای بەستەستێن لە ساڵانی هەشتاکان لە گوندەکانیان ڕاگوێزرابوون و لەو کۆمەڵگەیە نیشتەجێکرابوون، خۆپیشاندانیان کرد و داوای وەرگرتنەوەی زەوییەکانیان کرد، لە خۆپیشاندانەکە شەڕ لە نێوان پۆلیس و خۆپیشاندەران دروستبوو، بە تەقەی پۆلیسەکان و داروبەردی خۆپیشاندەران 9 کەس لە هەردوولا بریندار بوون.

دەروێش دەڵێت "ئەو ڕۆژە بەشێکی زۆری پۆلیسەکان تەقەیان کرد، بە فەرمانی ئەفسەرەکانمان تەقەکراوە و ئەفسەرمان هەبوو خۆی بە گوللە تایەی تراکتۆری خۆپیشاندەرانی تەقاندووە، بۆ دەبێت تەنیا من سزا بدرێم، بەڵام من دەزانم پەیوەندی بە تەقەکردنەوە نییە، ئەوەیان کردووەتە بیانوو، بەڵکو پەیوەندی بەوە هەیە کە پۆلیسێک لە ڕانیە دەگوازرێتەوە بۆ قەلادزێ، هەر پۆلیسێکیش ئاڵوگۆڕی پێ بکرێت دەبێت کەسێک بەدیلی بێت، من دەکەنە بەدیلی ئەو و ئەو بیانووەم بۆ دروست دەکەن".

سەبارەت بە قسەکانی ئەو پۆلیسە، (ڕووداو) پەیوەندی بە لەشکر سەعید بەڕێوەبەری پۆلیسی ڕاپەڕینەوە کرد، بەڵام ئەو گوتی "هیچ ڕوونکردنەوەیەکم لەسەر ئەو بابەتە نییە، پۆلیسە و گواستومەتەوە، ئەم بابەتە پەیوەندی بەتۆوە نییە".

دەروێش وەک خۆی دەڵێت 7 ساڵە پۆلیسە و هیچ کاتێک کەمتەرخەمی نەبووە و بەبێ کەموکوڕی دەوامی کردووە. بڕیاری گواستنەوەکەشی زۆر ناڕەحەتی کردووە، هەر بۆیە گوتی "نیوەڕۆی ڕۆژی 2015/5/24 بەهۆی بێزاریم لەو بڕیارە، هەوڵی خۆکوشتنم داوە، بەڵام ماڵەوەمان فریام کەوتوون و ئەگەر کێشەکەشم بۆ چارەسەر نەکرێت بڕیارێکی خراپ دەدەم".

ڕاپۆرت
رووداو
ژمارە (360) دووشەممە 2015/5/25

## حدک پشتگیری حدکا دەکات

**رووداو – هەولێر**

حیزبی دیموکراتی کوردستان "حدک" هەڵوێستی خۆی لەبارەی شەڕەکەی نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران "حدکا" و پارتی کرێکارانی کوردستان "پەکەکە" ڕاگەیاند و بە توندی ئیدانەی شەڕەکەی کرد. دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەیاننامەیەکی 5 خاڵی بڵاوکردووەتەوە و لە یەکەم خاڵیدا ڕایگەیاندووە "شەڕو تێکهەڵچوون لەنێوان هەر هێز و لایەنێکی کوردی نێو بزووتنەوەی کورد بە زیانبار بۆ بزووتنەوەی کورد دەزانین. حدک لە بەیاننامەکەدا جەختیکردووەتەوە "سیاسەتی دەستوەردانی پەکەکە لە کاروباری بەشەکانی دیکەی کوردستان هەر لە کۆنەوە، سەرچاوەی گرژیی و ناکۆکی لە گەڵ هێزە کوردییەکان بووە". داواش دەکات دەنگی ناڕەزایی بەرامبەر پەکەکە هەڵببڕن.

## مووچەی مانگانەی هەر یەکێکیان 5 ملیۆن دینارە

# بە ئیمزای سەرۆکی پەرلەمان 14 ڕاوێژکار لە پەرلەمان دادەمەزرێن

### گۆران ئازاد، پەرلەمانتاری یەکێتی:
### گۆڕان هەیمەنەی بەسەر پەرلەماندا کردووە

### کاردۆ محەممەد، ڕاوێژکاری سەرۆکی پەرلەمان:
### نابێ گۆڕان ئەزموونی شکستخواردووی پارتی و یەکێتی دووبارە بکاتەوە

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

لە ماوەی ساڵێکدا بە ئیمزای سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان 14 کەس بە پلەی ڕاوێژکار لە پەرلەمانی کوردستان دادەمەزرێنرێن کە زۆربەیان سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانن، بەمەش ژمارەی ڕاوێژکارانی پەرلەمان دەگاتە 57 ڕاوێژکار.

بەپێی بەدواداچوونی (رووداو)، لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا 100 کەس لە پەرلەمانی کوردستان دامەزرێنراون کە ژمارەیەکیان بە پلەی ڕاوێژکار و شارەزا دامەزراون.

مەجید ساڵح، ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان لەبارەی دامەزراندنی ئەو هەموو ڕاوێژکارانە لەماوەی کەمتر لە ساڵێکدا گوتی "لەهەموو حیزبەکانی تێدایە، بەڵام دامەزراندنیان بە گوێرەی پێویستی بووە".

مەجید ساڵح کە خۆی سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانە، پێشتر مامۆستای زانکۆ بووە و یەکێکە لە ڕاوێژکارە تازەکان و لەم خولەی پەرلەماندا ئەو پۆستەی وەرگرتووە. مەجید ساڵح بە (رووداو)ی گوت "پلەی من ڕاوێژکاری پێشکەوتووە و سەرۆکی پەرلەمان مافی خۆیەتی ستافی تایبەتی خۆی هەبێ".

بەگوێرەی هەندێ زانیاریی پشتڕاستکراو کە لە پەرلەمانی کوردستان دەست (رووداو) کەوتوون، تەنیا لەم خولەی پەرلەمانی کوردستاندا 102 کەس دامەزراون، ئەمە لە کاتێکدایە دامەزراندن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگیراوە لەبەر نەبوونی مووچە و بودجە.

### پشکی شێر بۆ گۆڕان

لەوانەی دامەزراون، بەشی زۆریان سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانن. لە کۆی 14 ڕاوێژکار، هەشتیان سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانن و لەو هەشتەش پێنجیان بە پلەی "ڕاوێژکاری پێشکەوتوو" دامەزراون. هەروەها پێنج کەس بە پلەی شارەزا "خەبیر" دامەزراون.

لەو ڕاوێژکارانەی لەم خولەی پەرلەماندا دامەزرێنراون، سێ ڕاوێژکار بۆ پارتی، یەک بۆ کۆمەڵ، یەک بۆ یەکگرتوو و یەکێکیش بۆ تورکمان دامەزرێنراوە.

ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان دەڵێ "دامەزراندنی ئەو ڕاوێژکارانە بە ئاگاداری هەموو لایەنەکان بووە و بە CVیش بووە، بەڵام پێش ئەم خولەی پەرلەمان خەڵک لەسەر بنەمای حیزبایەتی و خزمایەتی دامەزراوە، نەک لەسەر بنەمای شارەزایی".

گۆران ئازاد، پەرلەمانتاری یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان دەربارەی دامەزراندنی فەرمانبەران و ڕاوێژکاران بە (رووداو)ی گوت "کاتێ کە پەرلەمان لەدەست پارتیدا بوو، ئەوانەی دامەزران زۆربەیان پارتی بوون، کە کەوتە دەست یەکێتی بەهەمانشێوە زۆربەی دامەزراوەکان یەکێتی بوون، ئێستا کە گۆڕان هاتووە زۆربەی ئەوانەی دادەمەزرێنرێن گۆڕانن، واتە حیزب لەوەدا هەر دەسەڵاتدارە".

ئەو پەرلەمانتارەی یەکێتی ڕەخنە لە پەیڕەوی نێوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەگرێ و دەڵێت "ڕێژەی میلاک بە موتڵەقی دراوەتەوە دەست سەرۆکی پەرلەمان و هیچ یاسایەک نییە ڕێگە لەوە بگرێ". گوتیشی "ئێستا گۆڕان هەیمەنەی لەسەر پەرلەمان کردووە".

### مووچەی ڕاوێژکاران چەندە؟

پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئەوەی دیاری نەکردووە کە پەرلەمانی کوردستان دەبێ چەند ڕاوێژکاری هەبێ یان نووسینگەی سەرۆکی پەرلەمان لە چەند کەس پێکدێ.

بەگوێرەی لیستی مووچەی ڕاوێژکارەکانی پەرلەمانی کوردستان کە دەست (رووداو) کەوتوون، مووچەی مانگێکی ڕاوێژکاری پێشکەوتوو پێنج ملیۆن و 413 هەزار دیارە جگە لە خەرجیی دیکە، هەروەها مووچەی ڕاوێژکارێکی ئاسایی سێ ملیۆن و 913 هەزار دینارە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە پەرلەمانی کوردستان کە ئاگاداری دامەزراندنی فەرمانبەرەکانە و نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (رووداو)ی گوت "فەرمانبەر هەیە دامەزراوە خزمی پەرلەمانتارێکی گۆڕان بووە، ئێستا لە مەکتەبی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەوام دەکات".

جەمال جەمیل، پێشمەرگەیە و ئێستا لە میحوەری ڕۆژئاوای دیجلە لەبەرەکانی شەڕدایە لەگەڵ داعش دەڵێ "16 ساڵە من پێشمەرگەم تاوەکو ئێستا مووچەکەم نەگەیشتووەتە 750 هەزار دینار، ئەی چۆن ئەو خەڵکە هەموو بە مووچەی چەندەها ملیۆن دادەمەزرێن؟". ئەو پێشمەرگەیە دەپرسێ "کوا دادپەروەری؟".

بەڵام مەجید ساڵح، ڕاوێژکاری پێشکەوتووی پەرلەمانی کوردستان دەڵێ "لەهەموو دنیا وایە، مووچەی پلە تایبەتەکان زۆرە و وەکو مووچەی فەرمانبەری ئاسایی نییە".

کاردۆ محەممەد، ڕاوێژکاری سەرۆکی پەرلەمان کە ئەویش سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانە، پێیوایە مەسەلەی دامەزراندنی ڕاوێژکارەکان ئەوەندە گەورە نییە "کێشەی سیستەمی وڵاتی ئێمە با لەهەندێ شتی لاوەکی قەتیس نەکەین".

کاردۆ محەممەد کە لە خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستاندا سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان بوو، داوا لە حیزبەکەی دەکات چاو لە حیزبەکانی دیکە نەکات "نابێ گۆڕان ئەزموونی شکستخواردووی پارتی و یەکێتی دووبارە بکاتەوە".

سەرچاوەکەی (رووداو) گفتوگۆیەکی نێوان سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەشی لەسەر دامەزراندنی ئەو هەموو ڕاوێژکارانە لەلایەن گۆڕانەوە باس دەکات و دەڵێ "سەرۆکی پەرلەمان بە جێگرەکەی (جەعفەر ئیبراهیم کە پارتییە) گوتووە، گۆڕان مافی خۆیەتی 24%ی لە ئیدارەی پەرلەماندا هەبێ، جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش پێیگوتووە ئەوەی ئێوە دەیکەن هەڵەیە، ناکرێ مونافسەی حیزبی لەسەر زیادکردنی فەرمانبەران بێت، بەڵکو تۆ مافت هەیە لە پۆستە سیاسییەکان 24%ت هەبێ".

### دوو پەرلەمانتار ڕاوێژکارێکیان بەردەکەوێت

بەپێی بەدواداچوونی (رووداو)، تاوەکو ئەو ڕۆژەی کەمال کەرکووکی سەرۆکی پەرلەمان بوو، ژمارەی ڕاوێژکارەکان گەیشتبووە 26 ڕاوێژکار، لەگەڵ ڕۆیشتنی ئەودا زیاتر لە پێنج ڕاوێژکار خانەنشین بوون. ئەرسەلان بایزیش کە بووە سەرۆکی پەرلەمان تاوەکو ڕۆیشت 25 ڕاوێژکاری دامەزراند کە زۆربەیان یەکێتی بوون. لەگەڵ ڕۆیشتنی ئەرسەلان بایزدا دیسان ژمارەیەک ڕاوێژکار خانەنشین بوون.

ئێستا کۆی ژمارەی ڕاوێژکارەکانی پەرلەمانی کوردستان گەیشتووەتە 57 ڕاوێژکار کە بە دوو پەرلەمانتار زیاتر لە ڕاوێژکارێکیان بەردەکەوێ. ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان 111 پەرلەمانتارە. ژمارەی فەرمانبەرانی پەرلەمانی کوردستانیش گەیشتووەتە نزیکەی 650 فەرمانبەر.

گۆران ئازاد دەربارەی خانەنشینی ڕاوێژکارەکانی پەرلەمان دەڵێت "بەپێی پەیڕەوی نێوخۆی پەرلەمانی کوردستان ڕاوێژکارەکانی پەرلەمان هەر کاتێک بیانەوێ دەتوانن داوای خانەنشینی بکەن و خۆیان خانەنشین بکەن، ڕاوێژکار هەبووە دوای ساڵێک خانەنشین بووە، بۆیە دەبێ ئەمە ڕێکبخرێ".





(فۆتۆ: AFP)

## بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی PKK و حدکا

# شاندێکی باڵای پارتی و یەکێتی دەچێتە قەندیل

### PKK : بە مەرج لەگەڵ حدکا دادەنیشین
### حدکا: هیچ مەرجێکی PKK قبوڵ ناکەین

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

بۆ کۆتاییهێنان بە کێشە و ناکۆکیی نێوان PKK و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا)، شاندێکی ئاستبەرزی پارتی و یەکێتی کە تەواوی دەسەڵاتی بڕیاردانیان هەیە، لەگەڵ هەردوو لایەن لە قەندیل کۆدەبنەوە. بەڵام PKK دەڵێت بە "مەرج" لەگەڵ حدکا کۆدەبنەوە.

گرژییەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی نێوان PKK و حدکا لەسەر دانانی بارەگا دواجار تەقەی تێکەوت و بەو هۆیەشەوە پێشمەرگەیەکی دیموکرات لە ناوچەی "خنێرە" لەسەر سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەهید بوو. پێشمەرگەکانی دیموکراتیش دوو گەریلای PKK دەستگیر دەکەن.

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە لە قەندیلەوە دەست (رووداو) کەوتوون، بڕیارە شاندێکی باڵای هەرێمی کوردستان کە لە ئەندامانی پارتی و یەکێتی پێکدێن، بچنە قەندیل و لەگەڵ جەمیل بایک، هاوسەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردستان کۆببنەوە.

سەرچاوەیەکی باڵای نێو PKK کە پێی باش نەبوو نێوی بڵاوبکرێتەوە، بە (رووداو)ی گوت "بڕیارە ڕۆژی 26/5/2015 کەریم شنگالی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و حاکم قادر حەمە جان، ئەندامی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و هەندێ هەڤاڵی دیکە بگەنە قەندیل".

ئەو سەرچاوەیە زانیاری زیاتری ئاشکرا کرد و گوتی "بڕیارە یەکەمجار لەگەڵ حدکا کۆببنەوە، دواتر لەگەڵ هەڤاڵ جەمیل بایک و بەرپرسانی PKK کۆببنەوەو کۆتایی بەو کێشەیە بهێنن". گوتیشی "بەپێی زانیارییەکانی ئێمە ئەو شاندەی هەرێمی کوردستان تەواوی دەسەڵاتی بڕیاردانیان هەیە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکە".

### نامەکەی حدکا بۆ کەجەکە

حدکا لە ڕێگەی ناردنی نامە و ئاگادارکردنەوەی لایەنەکان لەو کێشەیەی چەند ڕۆژێک بوو سەری هەڵدابوو، هەوڵیداوە لەگەڵ PKK بگاتە ئەنجامێک، بەڵام هەموو هەوڵەکان شکستیان هێنا و دواجار پێکدادانی لێکەوتەوە.

پێش ئەوەی شەڕەکە ڕووبدات، دەفتەری سیاسیی حدکا نامەیەک بۆ کۆنسەی سەرۆکایەتی KCK دەنێرێ و تێیدا داوادەکات کێشەی لێکنزیکبوونەوەی هێزەکانیان لە ناوچەی سنووریی کێلەشین چارەسەر بکەن، بەڵام وەک ئاماژەی پێدراوە، وەڵامی PKK بۆ دانوستاندن "نا" بووە.

گەریلاکانی PKK لە سنوورەکانی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی کێلەشین، لە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردووەوە گەمارۆی هێزێکی حدکایان داوە و داوایان لێدەکەن ئەو ناوچەیە جێبهێڵن. ڕۆژی 22ی ئایاریش حدکا بەفەرمی لە نامەیەکدا وەڵامی ئەو داوایەی داوەتەوە.

لەو نامەیەدا کە کۆپییەکی دەست (رووداو) کەوتووە، دەفتەری سیاسی حدکا بۆ KCK ی نووسیوە "ئاگادارین کە داواتان کردووە هاوڕێیانی ئێمە لە شوێنەکانی مانەوەی ئێستایان دابەزن. ئەو داوایە ئەگەر بەمەبەستی کشانەوە و گەڕانەوەی هاوڕێیانمان و پێشگرتن بە خەبات لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، ئاشکرایە کە حدکا ناتوانێ ئەو جۆرە گوشارانە قبوڵ بکات، بەڵام ئەگەر لە چوارچێوەی پەیوەندی دۆستانەماندا تێبینییەکتان هەبێ دەکرێ بە دانیشتن و لێکتێگەیشتن ڕێگایەک بۆ چارەسەری مەسەلەکە بدۆزینەوە".

### وەڵامیان "نا" بوو

لە بەشێکی دیکەی نامەکەی حدکا بۆ KCK هاتووە "ئێمە هەر لە ڕۆژی یەکەمی ئەم وەزعەوە لە چەند کەناڵێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆوە داوای دیدار و چارەسەرکردنی مەسەلەکەمان کردووە، کە بەداخەوە یان وەڵامێک نەبووە، یان ئەگەر هەبووبێ (نا) بووە، ئەویش بە هەڕەشەوە کە دوورە لە پەیوەندی سیاسیی نێوانمان".

بەرپرسانی حدکا لە نامەکەی دوو ڕۆژ پێش شەڕەکەشیان هەمان هەڵوێستیان لێ بەدیدەکرێ کە تێیدا بۆ KCK نووسیویانە "ئێمە دڵنیاتان دەکەین کە لەلایەن ئێمەوە هیچ هۆیەک بۆ گرژی و ئاڵۆزی لەنێوانماندا نییە و هیواداریشین ئێوەش هەروا بیربکەنەوەو هەنگاو بەرەو کردەوەیەک نەنێن کە لە بەرژەوەندی هیچ لایەکمان و بزووتنەوەی کورد بەگشتیدا نەبێ و ئێمەش ناچار نەبین لەو پەیوەندییەدا ڕاستییەکان بۆ ڕای گشتی ڕوونبکەینەوە".

### بەدیلگرتنی دوو گەریلا

سەدیق دەروێش، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (حدکا) کە سەرپەرشتی هێزەکەی حدکا دەکات لە ناوچەی کێلەشین بە (رووداو)ی گوت "PKK بەهاوکاری پاسدارانی ئێران هێرشیان کردووەتە سەر پێشمەرگەکانی ئێمە لە ناوچەی خنێرە و لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا دوو پێشمەرگەی ئێمە شەهید بوون".

سەدیق دەروێش ئەوەش ئاشکرا دەکات کە "لەکاتی شەڕوپێکدادانەکاندا دوو گەریلای PKK لەلایەن پێشمەرگەکانی حدکاوە دەستگیرکراون، یەکێکیان خەڵکی ڕۆژهەڵات بوو، بە ئێمەی گوت زۆر شەرمەزاری ئێوەم کە هێرشمان کردووەتە سەرتان". گوتیشی "بۆ نیازپاکی ئەو دوو دیلەی PKK ئازادکران، بەڵام ئێرەش چۆڵ ناکەین".

نیعمەت عەبدوڵڵا، سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان کە سەردانی قەندیلی کردووە، بەشێک لە نێوەڕۆکی کۆبوونەوەی خۆیان لەگەڵ PKK ئاشکرا دەکات و دەڵێت "حدکا داوایان لێکردین نێوبژیوانی بکەین، چونکە هێزەکانیان لەلایەن PKK گەمارۆدرابوون، ئێمەش هەرزوو داوامان لە قەندیل کرد بەپەلە دیدارێکمان لەگەڵ جەمیل بایک بۆ ڕێکبخەن".

### ئیمزای PKK وەرگیراوە

نیعمەت عەبدوڵڵا گوتیشی "کە گەیشتینە ئەوێ جەمیل بایکمان نەبینی و گوتیان کاری هەبووە، ئێوەش داوای کۆبوونەوەی بەپەلەتان کردووە، بەڵام PKKڕەتیکردەوە نامەی حیزبی دیموکراتیان بەدەست گەیشتبێ".

بەڵام حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری حدکا دەڵێ بەڵگەیان هەیە کە نامەکە گەیشتووە "نوێنەری PKK لە هەولێر نامەی ئێمە وەرگرتووە، تەنانەت ئیمزاشی کردووە کە نامەکەی وەرگرتووە".

سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتاران قسەی بەرپرسانی PKK لەبارەی هاتنی پێشمەرگەکانی دیموکرات بۆ ئەو ناوچەیە باس دەکات و دەڵێت "برادەرانی PKK بۆیان باسکردین کە پێشمەرگەکانی حدکا پێیانگوتوون ڕێگەمان بدەن هێزەکەی ئێمە ئاودیوی ڕۆژهەڵات ببێ، ڕێگەمان دان، بەڵام ئەوان نیازێکی دیکەیان هەبوو". هەروەها گوتی "لەو سنوورە ڕەبایەی ئێران زۆرن و PKK گوتیان ئێران لە هاتنی ئەو هێزە بە ئاگا هاتبوون".

KCKش لە زاری ئەندامێکییەوە ڕوونکردنەوەی لەسەر ڕووداوەکە دا. دەمهات عەگید، ئەندامی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆما جڤاکێن کوردستان دەڵێت "هێزەکانی حیزبی دیموکرات پێشتر پێیانگوتوون کە دەیانەوێت ئەو سنوورە بۆ تێپەڕبوون بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکاربهێنن، ئەمانیش پێیانگوتوون لەوەدا هیچ کێشەیەک نییە و هەرکات بیانەوێت دەتوانن ئەم سنوورانە بەکاربهێنن". بە گوتەی دەمهات عەگید "حیزبی دیموکرات نیازێکی خراپیان هەبوو لە ناوچەکانی گەریلا".

### مەرجی PKK بۆ کۆبوونەوە

حدکا ڕەتیدەکاتەوە کە PKK ڕازیبووبێ هێزی ئەوان ئاودیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ. شەرەفی لەو بارەیەوە دەڵێ " PKK ڕاست ناکات، تەنانەت بە ئێمەیان گوت نابێ بچنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چونکە ئێران بەڵێنی لە PKK وەرگرتووە ئەو سنوورە بپارێزن".

شەڕەکە وەستاوە، PKKش مەرجی هەیە بۆئەوەی کێشەکە لەگەڵ حدکا چارەسەر بکات و چاوەڕێی وەڵامی کۆتایی یەکێتی پەرلەمانتاران دەکات کە بڕیارە لەگەڵ حدکا کۆببنەوە. نیعمەت عەبدوڵلا باسی مەرجەکەی پەکەکەی کرد و گوتی "پەکەکە کێشەی نییە لەگەڵ حدکا لە هەر شوێنێک کۆببێتەوە، بەڵام بەو مەرجەی پێشمەرگەکانی دیموکرات بگەڕێنەوە ئەو شوێنەی لێی هاتوون". شەرەفی دەڵێ "ئامادەین بۆ دانوستاندن، بەڵام هیچ مەرجێکی PKK قبووڵ ناکەین".



ڕووداو
ژمارە (360) دووشەممە 2015/5/25
ڕاپۆرت



## قوباد تاڵەبانی دەچێتە پەرلەمان

**ڕووداو- هەولێر**

بەمەبەستی باسکردن لەکێشەی زێدەڕۆیی لە هەرێمی کوردستان، قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دوو وەزیر ئامادەی دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان دەبن. فەخرەدین قادر سکرتێری پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە کێشەی زیادەڕۆیی لەهەرێمی کوردستان، لە دانیشتنی ڕۆژی 2015/5/26ی پەرلەماندا هەریەک لە قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ وەزیرانی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و شارەوانی و گەشتوگوزار) ئامادەی دانیشتنەکە دەبن بۆ پێدانی ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو زێدەڕۆییانەی کراونەتە سەر زەوییە کشتوکاڵییەکان.

### فەرماندەیەکی سەربازیی کورد لە ڕومادی:

# کەوتنی ڕومادی خیانەتی مالیکی بوو لە عەبادی

### مالیکی ڕومادی تەسلیمی داعش کرد

### 500 ئۆتۆمبێلی داعش لە ڕەققەوە هاتبوون بۆ گرتنی ڕومادی

**هێمن لهۆنی و عومەر شایان**
**ڕووداو- هەولێر**

فەرماندەیەکی سەربازیی کورد کە لە کاتی هێرشی داعش بۆ سەر شاری ڕومادی لەو شارەدا بووە، هۆکاری کەوتنی ڕومادی ئاشکرا دەکات و دەڵێت "بەهۆی پاشەکشەی ئەو هێزە بوو کە هێشتا لەژێر دەسەڵاتی مالیکیدایە".

سەفین عەبدولمەجید، فەرماندەی فیرقەی 10ی سوپای عێراق، ئەوکاتەی داعش هێرشی کردە سەر شاری ڕومادی و کۆنترۆڵی کرد، ئەو لە ئەرکدا بووە لە ڕومادی. ئەو فەرماندەیە پێیوایە شاری ڕومادی "تەسلیم"ی داعش کرا و دەڵێت "شەڕی وامان بینیوە کە لە یەک ڕۆژدا 24 ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراومان پێدا تەقیوەتەوە و نەشکاوین، بەڵام لە چەند کاژێرێکدا ڕومادی تەسلیمی داعش کرا".

ئەو فەرماندە کوردە کە ماوەی ساڵ و نیوێکە لە ئەنبارە، چیرۆکی ئەو شەو و ڕۆژە بۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوە کە داعش هێرشی کردە سەر ئەو پارێزگایە و سوپای عێراق هەڵات. ئەو دەڵێت "هۆکارەکەی پاشەکشێی هێزی تایبەت بوو کە هێشتا لە ژێر دەسەڵاتی مالیکیدان".

لە کاتێکدا بەغدا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی خەریکی دانانی پلانێک بوون بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ، هەواڵ دەڕوات بۆ حەیدەر عەبادی کە سوپاکەی بەبێ هۆکار خەریکە لە ڕومادی دەکشێتەوە.

ئەو فەرماندە کوردە دەڵێت "چەند ڕۆژێک پێش 17ی ئایار کە ڕۆژی هێرشی داعش بوو، هەستمان کرد چەند ئۆتۆمبێلێکی هێزی تایبەت کە لەلایەن ئەمریکییەکانەوە دروستکراوە و هێشتا لە ژێر ڕکێفی مالیکین، خۆیان کۆدەکەنەوە بۆ پاشەکشە". گوتیشی "بەپەلە بەغدا و بەتایبەت حەیدەر عەبادی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانمان ئاگادار کردەوە کە سەدان ئۆتۆمبێلی ئەو هێزە بەنیازن بکشێنەوە".

دوای ئاگادارکردنەوەکە، عەبادی داوای بەڵگە دەکات و فڕۆکەی چاودێری دەنێرێتە سەر بنکەکانیان و دەبینێت قسەی فەرماندە کوردەکە ڕاستە.

سەرلەبەیانی ڕۆژی 17ی ئایار، 200 ئۆتۆمبێلی هێزی تایبەت ڕومادی بەجێدێڵن و دوای چەند کاژێرێک داعش بە تۆپ و هاوەن و ئۆتۆمبێلی خۆکوژ خۆی دەکات بە سەنتەری شارەکەدا. هێزەکانی دیکەش ورەیان دەڕووخێ و دەست بە کشانەوە دەکەن.

ئەو فەرماندەیەی سوپای عێراق بۆ (ڕووداو)ی گێڕایەوە کە دۆخەکە بە جۆرێک تێکچوو تەنانەت پاسەوانە تایبەتەکانی فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنبار بە هامەرەکانیانەوە هەڵاتن و فەرماندەکەیان بە تەنیا بەجێهێشت.

سەفین دەڵێت "خۆم و پاسەوانەکانم کە هەمووی عەرەب بوون، لەناو شارەکەدا بووین و تاوەکو کاژێر 6ی ئێوارە بەرگریمان کرد، بەڵام کە ئیدی هەمووی هەڵاتبوون، چارە نەما و بەغدامان ئاگادار کردەوە کە ئەگەر فریامان نەکەون کوشتارێکی دیکەی وەک سپایکەر ڕوودەدات". گوتیشی "هێزی ئاسمانیی عێراق هاتن و 6 مووشەکیان نا بە بنکەکانی داعشەوە و هاوکار بوون لەوەی بتوانین هەندێک پێشڕەوی بکەین".

فەرماندە کوردەکە زیاتر دەگێڕێتەوە و دەڵێ "خۆم و 40 پاسەوانم کە هەموویان عەرەب بوون، بە 24 تەرمەوە بەڕێکەوتین بۆ ناو بیابان و دوو ڕۆژمان بەبێ ئاو و نان بەڕێکرد و لاشەکان هەمووی بۆگەنی کردبوو". دواتر دەچنە نوخەیب و لەوێشەوە بۆ کەربەلا.

بە قسەی ئەو فەرماندە کوردە، ئەوەی لە ڕومادی ڕوویدا دەتوانرا ڕێگری لێ بکرێ و دەڵێت "من پێشتر هەم بە عێراق و هەم بە ئەمریکییەکانم گوتبوو کە زانیاریی وردم هەیە لەسەرئەوەی نزیکەی 500 ئۆتۆمبێلی داعش لە ڕەققەوە هاتوونەتە ناو عێراق و زۆربەشیان بۆ ئەنبار دێن، بەڵام نە ئەمریکا و نە عێراق نەیانتوانی ڕێگری لەوەش بکەن".

ئەو فەرماندەیە باس لەوەش دەکات کە هۆکاری ئەو شکستە تەنیا "سیاسی" بووە و "خیانەتێک بوو لە عەبادی لەلایەن مالیکی و دۆستەکانی".

لەبارەی هاوکارییەکانی ئەمریکاشەوە، ئەو فەرماندە کوردە زۆر گلەیی هەیە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هاوکارییەکان زۆر سستن و هەندێکجاریش ئامانجیان ناپێکن "بۆ نموونە پێمانگوتوون کە ئۆتۆمبێلی خۆکوژ بەرەوڕوومان دێ، کەچی نەیانپێکاوە، یان بۆ 500 ئۆتۆمبێلەکە کە لە ڕەققەوە هاتبوون هیچیان نەکرد".

ئەو فەرماندەیە پێیوایە کە داعش هێشتا خاوەنی هێزێکی گەورەیە "هەست ناکەین لەماوەی ئەم ساڵ و نیوە لاواز بووبن، هێشتا خاوەنی توانای سەربازین".



# ئەمریکییەکان لە کوردستان بە تفەنگی ڕووسی شەڕی داعش دەکەن



**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- کەرکووک**

لەسەر پارچە قوماشەکەی سەر قۆڵی نووسراوە "Shoulder To Shoulder" واتە (شان بە شان) وەک ئاماژەیەک بۆ شەڕکردنیان شانبەشان لەپاڵ هێزی پێشمەرگە. قوماشەکە هەردوو ئاڵای ئەمریکا و کوردستانیشی لەسەر نەخشاوە. ئێروین، کە شەڕڤانێکی خۆبەخشی ئەمریکییە و تفەنگێکی ڕووسی پێیە، لەگەڵ پێشمەرگە لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕدایە. ئەو دەڵێ "دایکم خۆشحاڵ نەبوو بە هاتنی من، بەڵام دەیزانی بۆچی دێم".

نزیکەی 20 خۆبەخشی ئەمریکی لە باشووری ڕۆژئاوای کەرکووک و لە میحوەری داقوق چەند مانگێکە شەڕی داعش دەکەن.

### لەیەکەم شەڕدا پاشەکشەیان کرد

شەڕکەرە ئەمریکییەکان تەواو جیاوازن لە هێزی پێشمەرگە. ئەوان لەکاتی ئەرکدا بەردەوام چەند مەخزەنێک فیشەکیان پێیە و درعیان بەستووە. دەستیان لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکانیانە و ئامادەن بۆ گوللە تەقاندن.

ئێروین شەڕکەرێکی خۆبەخشی ئەمریکییە، لە مانگی ئادارەوە لە سنووری کەرکووک لەگەڵ پێشمەرگەدایە. ئێروین دەڵێت "دوای سێ هەفتە لە هاتنم، شەڕێکی قورس لەگەڵ داعش ڕوویدا، ئێمە ویستمان لەو شەڕەدا پاشەکشە بە داعش بکەین، بەڵام داعش بەهێزتر بوو، ئێمە پاشەکشەمان کرد، دواتر شەڕی دیکە ڕوویدا و داعشمان تێکشکاند و پاشەکشەمان پێکردن و سەرکەوتنی گەورەمان تۆمار کرد".

ڕۆژی 2014/8/3 چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر باشووری کوردستان. ئەوکات چەکێکی ئەوتۆ لەبەردەستی پێشمەرگەدا نەبوو کە بەرپەرچی هێرشەکە بداتەوە، بۆیە داعش توانی چەند ناوچەیەکی کوردستان کۆنترۆڵ بکات. بەڵام دواتر ئەمریکا هاتە سەرهێڵ و ئێستا فڕۆکەکانی ئەمریکا لە ئاسمان و جەنگاوەرە خۆبەخشەکانیشی لەسەر زەوی یارمەتیی پێشمەرگە دەدەن.

### چۆن هاتە کوردستان؟

ئێروین لە سەنگەری پێشەوەی شەڕەکەدا، نزیک گوندی گوامات لە داقوق باسی ئەوە دەکات کە چۆن بڕیاری دا بێتە کوردستان و لە دژی داعش بجەنگێ "کە داعش جێمس فۆلیی ڕۆژنامەنووسی سەربڕی، هەر ئەو ڕۆژە بڕیارمدا شەڕی ئەم گرووپە بکەم".

جێمس فۆلی، ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکی بوو، لە 2013/11/22 لە سووریا لەلایەن چەکدارانی داعشەوە دەستگیر کرا، دوای بەشداریکردنی ئەمریکا لە شەڕی دژی داعش، ڕێکخراوەکە ڕۆژی 2014/8/19 ئەو ڕۆژنامەنووسەیان سەربڕی.

دایکی ئێروین لە بڕیاری هاتنی کوڕەکەی بۆ کوردستان ترساوە، ئەو دەڵێت "پێش ئەوەی بێم بۆ کوردستان لەگەڵ دایکم قسەم کرد، زۆر خۆشحاڵ نەبوو، بەڵام دەیزانی من بۆچی دێم". ئێستا ئێروین ڕۆژانە لەڕێگەی فەیسبووکەوە قسە لەگەڵ دایکی دەکات و دڵنیای دەکاتەوە کە سەلامەتە.

ئەم شەڕڤانە ئەمریکییە ژن و منداڵی نییە. لەنێو سوپای ئەمریکا خزمەتی کردووە و بەشدار بووە لە هەردوو جەنگی وڵاتەکەی لە عێراق و ئەفغانستان.

### شەڕکردن بە تفەنگی ڕووسی

ئێروین تفەنگێکی کۆنی ڕووسی پێیە کە لەسەر قۆنداخە دارەکەی وێنەی وەحشێکی لەسەرە. سەربازێکی ئەمریکی لە شەڕی عێراقدا دەمامکێکی وەحشی کردبوو، بەوەش ناوبانگی دەرکرد و ئێستا وێنەی ئەو وەحشە خراوەتە یارییە ئەلیکترۆنییەکانەوە.

ئێروین دەڵێ "ڕاستە تفەنگەکەی من کۆنە، پێشمەرگە پێیانداوم، بەڵام باشە کاری خۆی دەکات". ئێروین پێنج ساڵ لەگەڵ سوپای ئەمریکا لە ئەرکی سەربازیدا بووە، وەک خۆی دەڵێ "پێنج ساڵ لەگەڵ سوپای ئەمریکا بووم، بەشداری شەڕی ئەفغانستانم کردووە و ساڵێکیش لە نێوەڕاستی عێراق لە پارێزگای واست بووم".

ئەو باسی جیاوازیی نێوان شەڕی ئێستای داعش و پێشمەرگە و شەڕی سوپای وڵاتەکەی لە عێراق دەکات "بەشداربووم لەشەڕی ئەنباردا، کاتێک هێشتا ئەمریکا لە عێراق نەکشابووەوە، جیاوازیی ئەو شەڕە لەگەڵ ئەمە ئەوەیە، سوپای ئەمریکا تاکتیک و پلانی تۆکمەی هەبوو بۆ شەڕ، چەکی باشی هەبوو بۆ تێکشکاندنی بەرامبەرەکەی، یەک دنیا جیاوازیی هەیە لەڕووی چەکی بەهێزەوە، بەڵام دەتوانین بەم چەکەش داعش تێکبشکێنین".

ئێروین کاتێک هاتووەتە کوردستان، لە فڕۆکەخانەی سلێمانی دابەزیوە و دەڵێت "بڕیارم نەداوە کەی دەگەڕێمەوە، ئێستا ئەوەی تەرکیزم لەسەریەتی شەڕی داعشە، من بۆ شەش مانگ هاتبووم، بەڵام بڕیارم داوە تاوەکو داعش لێرەبێ، منیش لێرەبم".

جلەکانی ئەو خۆبەخشە تەنیا یەک ئاڵای وڵاتەکەی خۆی لەسەرە، بەڵام دوو ئاڵای کوردستانی پێوەیە. وشەی پێشمەرگە ناوێکی تازە نییە بەلای ئێروینەوە. ئەو دەڵێت "من پێشمەرگەم هەڵبژارد، چونکە پێشتر لەگەڵ کورد کارم کردووە و پەیوەندیم هەبووە. دەزانم ئەوان چەند ئازادییان خۆشدەوێ و دەیانەوێت سەربەخۆ بن".

### لە جیاتی ئەفریقا کوردستانی هەڵبژارد

کیوت، خۆبەخشێکی دیکەی ئەمرکییە کە لە واشنتنەوە هاتووە. ئەو باسی هاتنی خۆی دەکات بۆ کوردستان و دەڵێت "بیستبووم پێشمەرگە شەڕێکی قورس دەکەن و سەرکەوتوون لە شەڕی دژی داعشدا، پێشتر بیرۆکەی ئەوەم هەبوو کە بچمە ئەفریقا و لەدژی بۆکۆ حەرام شەڕبکەم و ژیانی خەڵک بپارێزم، بەڵام دواتر کوردستانم هەڵبژارد".

کیوت باسی یەکەم شەڕی خۆی لەگەڵ پێشمەرگە لە دژی چەکدارانی داعش دەکات و دەڵێت "کاژێر 4ی بەرەبەیان بوو، داعش سەرەتا بە قەناس هێرشی کرد، دواتر هێرشێکی بەرفراوانی کرد، بەڵام ئێمەش لێیان هاتینە دەست و توانیمان بیانشکێنین، لەو شەڕەدا پێشمەرگەمان لەدەستدا و دوو کەسیشمان لێ بریندار بوون".

### مووچەیان نییە

پێشمەرگەکانی ئەو میحوەرە باسی ئازایەتیی خۆبەخشە ئەمریکییەکان دەکەن و دەڵێن زۆر شتیان لێوە فێربوون. عەقید ڕوکن ئاراز، فەرماندەی لیوای 9ی پیادەی هێزی پێشمەرگە کە بەرپرسە لە پاراستنی 50 کیلۆمەتری سنووری کەرکووک، دەڵێ "ئەوان زۆر ئازان و لە هێڵی پێشەوە شەڕ دەکەن، تەنانەت لە شەڕێکدا برینداریان دا".

ئەو فەرماندەیەی پێشمەرگە هەروەها دەڵێ "خۆبەخشە ئەمریکییەکان هەندێجار مەشق بە هێزی پێشمەرگە دەکەن. هەر کە هاتن فریاگوزاری سەرەتاییان پێبوو، لەشەڕەکاندا یارمەتی باشی پێشمەرگەیان داوە، ئێستا پێشمەرگەش چاویان لێدەکەن و فریاگوزاری سەرەتایی لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن". گوتیشی "ئەوان بەفەرمی لەلایەن ئەمریکاوە نەنێردراون، وەکو خۆبەخش هاتوون و ئێمە هیچ مووچەیەکیان نادەینێ".

کاژێر 6:50 خولەکی ئێوارە بوو، ئێمە نزیک بووین لە گوندی عەتشانە کە لەو ماوەیەدا لە چەکدارانی داعش پاککراوەتەوە، خۆر بەرەو ئاوابوون دەچوو، یەکێک لە خۆبەخشە ئەمریکییەکان ئاماژەی بۆ خۆرەکە کرد و گوتی "داعشیش وەکو ئەم خۆرە ئاوا دەبێ".

> **خۆبەخشێکی ئەمریکی:** دایکم خۆشحاڵ نەبوو، بەڵام دەیزانی بۆچی دێم

> **خۆبەخشێکی ئەمریکی:** بەنیازبووم بچمە ئەفریقا و دژی بۆکۆحەرام شەڕ بکەم، بەڵام دواتر کوردستانم هەڵبژارد

## نوعمان کورتوڵموش، جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا بۆ (ڕووداو):

# ئەنجامی هەڵبژاردن کاریگەریی لەسەر پرۆسەی ئاشتی نابێت



نوعمان کورتوڵموش، جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی هەڵبژاردنەکانی تورکیا و ئایندەی پرۆسەی ئاشتی لە دوای هەڵبژاردنەکان دەکات و دەڵێت "ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هیچ کاریگەرییەکی لەسەر پرۆسەی ئاشتی نابێت". چونکە پێیوایە خەڵکی تورکیا خاوەنی پرۆسەی ئاشتییە نەک حیزبەکان، هەر بۆیەش دەڵێت "هەر کەسێک بیەوێ زیان بە پرۆسەی ئاشتی بگەیەنێت میللەت سزای دەدات".

نوعمان کورتموڵموش هەموو ئەو نیگەرانیانە دەڕەوێنێتەوە کە دەگوترێ ئەگەر HDP نەگاتە پەرلەمان، مەترسی لەسەر پرۆسەی سیاسی لە تورکیا دروست دەبێت. ئەو دەڵێت "ئەگەر HDP ڕێژەی 10% تێنەپەڕێنێ، کۆتایی دونیا نییە و هیچ مەترسییەک ڕوونادات، چونکە لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردووشدا حیزبی وەکو مەهەپە و پارتی ڕێگای ڕاست لە ژێر بەندی 10% مانەوە و قیامەتیش هەڵنەستا".

ڕێبوار کەریم وەلی
ڕووداو- سامسۆن

### ئەگەر HDP ڕێژەی 10 % تێنەپەڕێنێ کۆتایی دونیا نییە

### دەستووری ئێستای تورکیا فەلسەفەکەی بە تەواوی سەربازییە

**ڕووداو: ئامانجی سەرەکیی ئێوە لەم هەڵبژاردنە چییە، مانەوەتانە لە دەسەڵات یاخود گۆڕینی دەستوورە؟**

**نوعمان کورتوڵموش:** بێگومان ئەوەی وەک ئامانجێک چاومان تێبڕیوە نووسینەوەی دەستوورێکی نوێیە، دیارە بۆ ئەوەی بتوانین دەستوورێکی نوێش بنووسینەوە، داوامان لە میللەتەکەمان ئەوەیە پشتیوانیمان پێ ببەخشن بۆ ئەوەی لە دەسەڵات بمێنینەوە، بەڵام لە کۆتاییدا ئەگەر دەنگەکانی ئاکپارتیش نەیتوانی بە تەنیا دەستوور بگۆڕێ، دواجار ئەو دەستوورە تەنیا دەستووری ئێمە نییە، بەڵکو دەستووری هەموو ئەو پارتانەیە کە دەچنە نێو پەرلەمان و بەرپرسیارێتی ئەوانیشە، نووسینەوەی دەستوورێکی نوێ بۆ تورکیا و ڕزگاربوون لەو دەستوورەی ئێستا کە دژی دیموکراسییە و ڕۆحیەت و فەلسەفەکەی بە تەواوی سەربازییە، پێویستە. بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵ دەدەین ڕوانگەی هەموو حیزبە سیاسییەکان وەربگرین، هەوڵیش دەدەین ئەو بەرپرسیارێتییەی کە میللەتەکەمان خستوویەتیە سەر شانی ئێمە بەجێبێنین.

دەمەوێ ئەوەش بڵێم، با بڵێین ئێمە 400 کورسی پەرلەمانمان بەدەستهێنا و توانیمان بەتەنیا دەستوور بگۆڕین، هەوڵ دەدەین گەورەترین هاوپەیمانێتی پێکبهێنین، چونکە دواجار دەستوور، دەستووری تاکە پارتێک نییە، دەستووری ئاکپارتی نییە، بەڵکو دەستووری هەموو میللەتە، هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ ئەوەی پێکهاتەیەکی زۆرینە و گەورەترین هاوپەیمانێتی پێکبهێنین.

**ڕووداو: ئێوە باسی ئەگەرە باشەکەتان کرد، باشە ئەگەر لە ڕەهەندەکەی دیکەیەوە سەیری بکەین: ئەگەر ئاکپارتی زۆرینەی پەرلەمانی بەدەستنەهێنێ، قۆناغی گۆڕینی دەستوور دەگاتە بنبەست؟**

**نوعمان کورتوڵموش:** بەدەستهێنانی زۆرینە لەلایەن ئاکپارتییەوە کارئاسانییە بۆ گۆڕینی دەستوور، کارەکەمان ئاسانتر دەبێت، ئەگەر پارتێک بە زۆرینەی دەنگەکان بچێتە پەرلەمان واتە ئیرادەی زۆرینەی میللەتە و کارەکە ئاسان دەبێت.

**ڕووداو: باس لەوە دەکرێ ئەگەر لە تورکیا HDP بەربەستی 10% تێپەڕێنێ ئاکپارتی زیانمەند دەبێت، ئایا تێپەڕاندنی بەربەستی 10% لەلایەن HDP مەترسییەکی وا لەسەر ئێوە دروستدەکات؟**

**نوعمان کورتوڵموش:** نەخێر، من چەندینجار تێڕوانینی خۆم لەوبارەیەوە خستووەتەڕوو، گوتوومە ئاکەپە لەسەر بنەمای تێپەڕاندنی بەربەستی 10% لەلایەن HDP یاخود پارتییەکی دیکە سیاسەت ناکات. من بە درێژایی ژیانم پشتوانیم لەوە کردووە کە پێویستە بەربەستەکانی هەڵبژاردن هەڵبگیردرێن، ئەو داواکارییەشمان پێشکەش کردووە، لە 30ی ئەیلوولی 2013 بەڕێز ئەردۆغان کە ئەوکات سەرۆک وەزیران بوو، بە ڕاشکاوی گوتی وەرن با سیستمی "هەرێمی تەنگەبەر" دروستبکەین، بەندەکەش بگەیەنینە "سفر"، یاخود بیگەیەنینە چوار یاخود پێنج لەسەد، بەڵام ئەوکات بەدەپە و پارتەکانی دیکە لەو قۆناغە پشتیوانی ئێمەیان نەکرد، ئەگەر ئەوکات پشتیوانییان لە ئێمە کردبایە ئێستا گەنگەشەی تێپەڕاندن و تێنەپەڕاندنی بەربەستی 10% لە ئارادا نەدەبوو، دواجار ئێمە ڕوانینی خۆمان لەسەر ئەوەی کە ئایا HDP ئەو بەربەستە تێدەپەڕێنێ یاخود نا ناخەینەڕوو، سیاسەت لەسەر لاوازی و بەهێزیی هیچ حیزبێکی دیکەش ناکەین، ئەگەر HDP لەژێر بەربەستی 10% بمێنێتەوە کۆتایی دونیا نییە.

**ڕووداو: ئەگەر HDP ئەو ڕێژەیە تێنەپەڕێنێ هیچ مەترسییەک دەبێت؟**

**نوعمان کورتوڵموش:** نەخێر، پێموانییە، سەیرکە لە هەڵبژاردنی 2002 پارتی ڕێگای ڕاست بە 9.8 لەژێر بەربەستی سەدا 10 مایەوە و قیامەتیش هەڵنەستا. مەهەپەش لەژێر بەربەستی سەدا 10 بوو، دیسانەوە قیامەت هەڵنەستا، ئێمە یاسای ئەو یارییەمان دانەهێناوە، وایدابنێ یاری

### ئێمە لەسەر بەهێزی و لاوازیی HDP سیاسەت ناکەین

تۆپی پێ دەکەین، یاساکانی یارییەکە دانراون، دواجار ناکرێ لە دەقیقەی هەشتا بڵێی چیدی یاری بە قاچ ناکەین و بە دەست یاری دەکەین، یاساکان دیاریکراون و بمانەوێ و نەمانەوێ پێویستە هەموومان پابەندبین بە بەربەستی سەدا 10، چاوەڕێی ئەنجامەکان دەبین، چەند بەدەست بهێنرێ بەو پێیە سیاسەتی تورکیا شێوە دەگرێت.

**ڕووداو: ئێوە زۆر بەشێوەیەکی ئەرێنی دەڕواننە پرۆسەی ئاشتی، لە ئەگەری تێپەڕاندن و تێنەپەڕاندنی بەربەستی سەدا 10 چارەنووسی پرۆسەی ئاشتی چی لێدێ؟**

**نوعمان کورتوڵموش:** HDP خاوەنی پرۆسەی ئاشتی نییە، هەروەها ئاکپارتیش خاوەنی پرۆسەی ئاشتی نییە، بەڵکو خەڵک خۆی خاوەنی پرۆسەی ئاشتییە، 77 ملیۆن بە کورد و تورک و هەموو ئەو کەسانەی لە تورکیا دەژین بە پلەی یەکەم بەرپرسیاری بەردەم پرۆسەی ئاشتی و خاوەنەکەشیەتی. هەر کەسێک بیەوێ زیان بە پرۆسەی ئاشتی بگەیەنێت میللەت سزای دەدات، هەمووشمان ئەوەمان بینی لە ڕووداوەکانی 6-7 ی تشرینی یەکەمی 2014 چۆن HDP بەهۆی ئەو ڕووداوانەی ڕوویاندا کەوتە گۆشەیەکەوە، بگرە کوردەکانیش بە HDPیان گوت کە کارێکی زۆر شەرمهێنیان کرد. بڕواشم وایە کە ئەنجامی هەڵبژاردنیش هیچ کاریگەرییەکی لەسەر پرۆسەی ئاشتی نابێ، ڕەنگە لە هەلومەرجەکەدا هەندێک کاریگەری بچووکی لەسەر هەبێت، بەڵام دواجار ئەگەر میللەت بڕیاری لەسەر سەرخستنی دابێ، میللەتەکەمان سەردەکەوێت.

**ڕووداو: لە ماوەی 12 ساڵدا لە شارە کوردییەکان ڕێژەیەکی زۆر دەنگ بەدەست دەهێنن، لە زۆر شوێنەکان زۆر زیاتر لە HDP دەنگ دەهێنن، لەم هەڵبژاردنەدا هیچ نیگەرانیەکتان بۆ لەدەستدانی دەنگەکانتان هەیە؟**

**نوعمان کورتوڵموش:** تایبەتمەندیی ئاکپارتی ئەوەیە کە لە هەموو شوێنێکی تورکیا دەنگ دەهێنێ، هیچ شوێنێک نییە کە ئێمە کۆبوونەوەمان لێنەکردبێت و ڕێکخستن و دەنگدەرمان نەبێ تێیدا، لە هەرێمی دەریای ڕەش دەنگ دەهێنین، بەهەمانشێوە لە هەرێمی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتیش دەنگ دەهێنین، وەک چۆن لە ناوەڕاستی ئەنادۆڵیش دەنگ دەهێنین، بەڵام گەورەترین کێشە لە تورکیا ئەوەیە بەشێک لە حیزبەکان حیزبی هەرێمێکی دیاریکراون، HDP حیزبی باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیایە، تازە بەتازە خەریکە بەڕووی ڕۆژئاوای تورکیادا دەکرێتەوە، با بڵێین مەهەپە و جەهەپە ئەو دوو حیزبەن کە لە باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا نین.

**ڕووداو: کرانەوەی HDP بەڕووی ڕۆژئاوای تورکیا ئێوە نیگەران دەکات؟**

**نوعمان کورتوڵموش:** نەخێر بۆچی نیگەرانمان بکات، ئەگەر بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان حیزبی تورکیان، دەخوازین هەموویان، مەهەپەش لە وان، سێرت و شرناخ هەبن، بەهەمانشێوە نامانەوێ جەهەپە تەنیا لە ناوچە کەناراوەکان هەبن، بەڵکو لە کۆنیا، چۆرم و قەیسەریش با هەبن، ئەمە وادەکات کە سیاسەتی تورکیا دەوڵەمەند بێت، ئەوە چارەسەرییە سیاسییەکان ئاسانتر دەکات.

**ڕووداو: لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ ئەو هاوکارییەی کە پێشکەشی پێشمەرگەتان کردووە چییە؟**

**نوعمان کورتوڵموش:** تورکیا لەڕووی مەشق و ڕاهێنانەوە هاوکاریی پێشکەش بە پێشمەرگە کردووە، لەنێو ڕاهێنانی هێزی پێشمەرگەشدا تورکیا ڕاهێنان بە چەکدارە تورکمانەکانیش دەکات، ئەمە یەکێکە لە داواکارییەکانی هێزی پێشمەرگە لە تورکیا، ئێمە لە سەرەتاوە ئامادەیی خۆمان ڕاگەیاندووە بۆ هەموو جۆرە هاوکارییەک کە ببێتە هۆی بەدیهێنانی ئارامی و سەقامگیری لە باکووری عێراق، دەمانەوێ نەک هەر ئەوێ، بەڵکو تەواوی عێراق سەقامگیربێت و بەهەمانشێوە سووریاش سەقامگیربێت بەتەواوی. دواجار ئێمە بە کورد و تورک و عەجەمەوە وەک پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەو ناوچەیە کەسمان لە ئاسمانەوە دانەباریوین، ئێمە هەزار و قسور ساڵە بەیەکەوە لەو ناوچەیەدا دەژین، بگرە خێڵی کۆنتریش هەن لێرە ژیاون، ئێمە لەم ناوچەیە وەک برا ژیاوین و تاوەکو قیامەتیش هەروا بە برایەتی دەمێنینەوە.

# نووسینگەی کونسوڵخانەکەی تورکیا لە سلێمانی چاوەڕێی بڕیاری بەغدایە



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

حکومەتی تورکیا نووسینگەی کونسوڵخانەی هەولێر لە شاری سلێمانی دەکاتەوە، بەڵام بەرپرسێکی یەکێتی دەڵێت بەهۆی ئەوەی حکومەتی عێراق ڕازی نەبووە، کردنەوەی نووسینگەکە دواکەوتووە.

ماوەی چەند ساڵێکە حکومەتی تورکیا کونسوڵخانەی خۆی لە شاری هەولێر کردووەتەوە. بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون حکومەتی ئەو وڵاتە دەیەوێ نووسینگەیەکی کونسوڵخانەکەی لە شاری سلێمانیش بکاتەوەو بۆ ئەو مەبەستە ئۆفیسی ئامادەکردووە و لەکاتی کردنەوەشیدا یاریدەدەرێکی کونسوڵ لە نووسینگەکە کار دەکات.

حکومەتی تورکیا لە شارەکانی هەولێر، مووسڵ و بەسرا کونسوڵخانە و لە بەغداش باڵیۆزخانەی هەیە. بە نیازیشە لە ئایندەدا نووسینگەیەکی کونسوڵخانەی هەولێر لە شاری سلێمانی بکاتەوە. بەمەش دوای کونسوڵخانەی ئێران لە سلێمانی. ئەم نووسینگەیە دەبێتە دووەم نووسینگەی کونسوڵخانەی وڵاتانی بیانی لە شاری سلێمانی.

مونا قەهوەچی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی (پێشکەوتنی تورکمان) لەبارەی کردنەوەی ئەم نووسینگەیە بە (ڕووداو)ی گوت کە ئەوانیش لە میدیاکانەوە بیستوویانە تورکیا دەیەوێ نووسینگەی کونسوڵخانەی هەولێر لەشاری سلێمانی بکاتەوە و بڕیاریش بووە وەزیری دەرەوەی تورکیا سەردانی کوردستان بکات و بەفەرمی ئۆفیسەکە بکاتەوە. قەهوەچی گوتی "بەپێی زانیارییەکانم سەفەرەکەی وەزیری دەرەوە بۆ هەرێمی کوردستان بەهۆی هەندێک کاری تایبەتی خۆی دواکەوتووە".

فەرید ئەسەسەرد، بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی کوردستان کە سەنتەرێکی سەر بە یەکێتییە، پشتڕاستی کردەوە کە تورکیا بەنیازی کردنەوەی نووسینگەیەکە لە شاری سلێمانی. بەڵام بەپێی زانیارییەکانی ئەسەسەرد "تورکیا داوای ڕەزامەندی وەزارەتی دەرەوەی عێراقیان کردبوو، بەڵام وەزارەتی دەرەوە تاوەکو ئێستا ڕەزامەندییان نەداوە".

نزیکەی 23 وڵات کونسوڵخانەیان لە هەرێمی کوردستان کردووەتەوە کە ئۆفیسی سەرجەمیان لەشاری هەولێرە، جگە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران کە کونسوڵخانەی لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی هەیە.

بەپێی هەندێک زانیاری، تورکیا لە بەرامبەر کردنەوەی کونسوڵخانەی ئێران لەو شارە، نووسینگەی کونسوڵخانەی خۆی دەکاتەوە. بەڵام فەرید ئەسەسەرد ئەو زانیاریەی ڕەتکردەوە و پێیوایە تورکیا لە کونسوڵخانەی ئێران ناترسێ، بەڵکو دەیەوێ زیاتر بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێ.

بەلای (مونا قەهوەچی)یشەوە وەک چۆن تورکیا لە هەولێر کونسوڵخانەی هەیە و دەتوانێت ئیشەکان بکات، ئاساییە لەهەر شارێکی دیکەش نووسینگە بکاتەوە. ڕەتیشیکردەوە کە تورکیا لە بەرامبەر کونسوڵخانەی ئێران، نووسینگەکەی بکاتەوە "پێموانییە ئەوە ڕاست بێت، چونکە ئەگەر بیویستایە ئەو ململانێ سیاسییە بکات، دەیتوانی لە یەکەم ڕۆژدا نووسینگە بکاتەوە".

هەرێمی کوردستان وەک وڵاتێکی بەکاربەر، ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ ئێران و تورکیادا هەیە، بەڵام ئاستی بازرگانیی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان زۆر زیاترە بەراورد بە ئێران.

سیروان محەممەد، سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی سلێمانی کردنەوەی ئەم نووسینگەیەی تورکیا بە کارێکی باش دەزانێت بۆ برەودانی زیاتری بازرگانی لەنێوان هەردوولا. سیروان دەڵێت "دیارە حکومەتی تورکیاش درکی بەوە کردووە کە ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ کوردستان باشە، بۆیە دەیەوێ زیاتر توندوتۆڵی بکات".

بەپێی قسەی سیروان محەممەد، ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ساڵانە 10 ملیار دۆلار تێدەپەڕێنێ، بەڵام لەگەڵ ئێران نزیکەی 6 ملیار دۆلارە.

# دەنگی کورد لە هەڵبژاردنەکانی تورکیادا

## ڕێژە و دابەشبوون و کاریگەرییەکانی

بێستون عوسمان

حوزەیرانی 2015 هەڵبژاردنی گشتی بۆ 25 ەمین خولی پەرلەمانی تورکیا ئەنجامدەدرێت. لەم هەڵبژاردنەدا 56،632،889 دەنگدەربەشداری دەکەن، 53،765،231 یان لە نێوخۆی تورکیاوە، 2،867،658 شیان لە دەرەوەی تورکیاوە. ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی تورکیا 550 کورسین، 20 پارتی سیاسی و 165 کاندیدی سەربەخۆ کێبڕکێ دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ئەو کورسیانە.

بەپێی ئەو ڕاپرسیانەی هەتا ئەمڕۆ بڵاوکراونەتەوە، پارتی داد و گەشەپێدان AKP، پارتی گەلی کۆماری CHP، پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی MHP، پارتی دیموکراتی گەلان HDP و هاوپەیمانی پارتی سەعادەت SP و پارتی یەکێتی مەزن BBP، چاوەڕێ دەکرێت لەم هەڵبژاردنەدا زۆرترین دەنگ بهێنن، بەو شێوەیەی کە ڕیزکراون.

**لەم خشتەیەی خوارەوەدا ئەنجامی ڕاپرسی مانگی مایسی چوار دەزگای پێوانەکاری ڕای گشتی پیشاندراوە:**

| کۆمپانیای پێوانەکاری ڕای گشتی | AKP | CHP | MHP | HDP | SP – BBP | ئەوانی دیکە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Metropoll | % 42.80 | % 27.00 | % 17.10 | % 9.20 | % 3.10 | % 0.80 |
| Gezici | % 38.20 | % 30.10 | % 17.10 | % 10.50 | – | % 4.10 |
| ORC | % 47.50 | % 23.90 | % 15.00 | % 8.10 | % 4.00 | % 1.50 |
| Denge | % 45.60 | % 25.50 | % 15.10 | % 9.50 | % 2.30 | % 2.00 |

وەک دەبینرێت جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لەنێوان ئەنجامی ئەم ڕاپرسیانەدا. هۆکاری سەرەکی ئەم جیاوازییە، کاریگەریی پارتە سیاسییەکانە لەسەر ئەو دەزگایانەی ڕاپرسییەکانیان ئەنجام داوە. بەڵام کاتێک سەرنجی کاری پێشینەی ئەم دەزگایانە دەدرێت، بەڕوونی دەبینرێت کە ORC لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا، ئەنجامی ڕاپرسییەکانی نزیکترین بووە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و پێشبینییەکانی تا ئاستی لەسەدا 90 ڕاستییان پێکاوە.

**بۆ نموونە لە ڕاپرسییەکدا کە ORC ڕۆژی 16-3-2014 سازی کرد، پێشبینی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی 30 ی مارتی 2014 بەم شێوەیە بوو:**

| AKP | CHP | MHP | BDP–HDP |
|---|---|---|---|
| % 45.70 | % 28.30 | % 16.00 | % 6.00 |

**ئەنجامی فەرمی هەڵبژاردنەکەش کە لەلایەن دەزگای باڵای هەڵبژاردنی تورکیاوە بڵاوکرایەوە بەم شێوەیە بوو:**

| AKP | CHP | MHP | BDP–HDP |
|---|---|---|---|
| % 43.40 | % 25.62 | % 17.62 | % 6.53 |

بەم پێیە دەتوانرێت بگوترێت، ڕاپرسییەکەی ORC بە بەراورد لەگەڵ ئەوانی دیکە زیاتر جێگەی متمانەیە. بەڵام دواجار ڕاپرسییەکان تەنها ئاماژەیەکن بۆ ئەنجامە ڕاستەقینەکان. پێدەچێت ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بۆ هەر پارتێک ڕێژەی لەسەدا 1 تا 5 جیاوازیی هەبێت لەگەڵ ئەنجامی متمانەپێکراوترین ڕاپرسی.

لە چاوەڕوانیی ئەم هەڵبژاردنەدا، جارێکی دیکە پرسیاری ڕێژە و کاریگەریی دەنگی کورد لەسەر سیاسەتی تورکیا دێتە پێشەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات بەرچاوڕوونییەک بخاتەڕوو سەبارەت بەو بابەتە. ئەوەش لەڕێگەی ئەنجامدانی شیکارییەک بۆ ئەگەرەکان و سیناریۆکانی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە لەگەڵ ژمارە و ڕێژەی دەنگدەری کورد و دابەشبوونیان بەسەر پارتەکانی تورکیادا.

### • ئەگەرەکان و سیناریۆکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانیی تورکیا

پێش لێکدانەوەی ئەگەر و سیناریۆکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانیی تورکیا، پێویستە سەرەتا وردەکارییەک سەبارەت بە سیستەمی ئەو هەڵبژاردنە بخرێتەڕوو. بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی تورکیا، پارتە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنەکە پێویستە لەسەدا 10ی دەنگەکان بەدەستبهێنن بۆ ئەوەی بتوانن بگەنە پەرلەمان. بەپێچەوانەوە، سەرجەم دەنگە بەدەستهاتووەکانیان لەدەستدەچێت و دابەش دەبێتەوە بەسەر ئەو پارتانەدا کە بەربەستەکەیان تێپەڕاندووە.

ئەم بەربەستە بەرهەمی کودەتا سەربازییەکەی ساڵی 1980یە. لەو کاتەوەش هەتا ئێستا، لەگەڵ ئەوەی کە جاروبار خواستی هاوبەش هەبووە بۆ لابردنی یان دابەزاندنی، بەڵام هەر لە جێگەی خۆی ماوە. ئەو زنجیرە پارتە کوردییەی لە ساڵانی نەوەتەکانەوە لە تورکیا بەفەرمی دامەزرێندران، گەورەترین ڕێگر لەبەردەمیاندا بۆ گەیشتن بە پەرلەمان ئەم بەربەستە بوو. پارتەکانی HADEP و DEHAP کە بەشدارییان لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی 1995، 1999 و 2002 دا کرد، لەگەڵ ئەوەی کە لە هەڵبژاردنەکەی 1995دا 1،171،623 دەنگ و لە 1999دا 1،482،196 و لە 2002 دا 1،960،660 دەنگیان بەدەستهێنا، بەڵام نەیانتوانی بچنە نێو پەرلەمان لەبەرئەوەی ڕێژەی دەنگەکانیان نەدەگەیشتە لەسەدا 10.

دواتر لە هەڵبژاردنی گشتی 2007 دا DTP کە میراتگری DEHAP بوو، بڕیاری دا لەبری بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان وەک پارتی سیاسی، بە کاندیدی سەربەخۆ بەشدار ببێت. لەگەڵ ئەوەدا کە کۆی دەنگەکانیان هەر نەدەگەیشتە لەسەدا 10، لە کۆی 62 کاندیدی سەربەخۆی ئەندامی DTP کە خۆیان کاندید کردبوو، 22 یان توانییان بچنە نێو پەرلەمان. ئەمە حیلە شەرعییەک بوو کە DTP دۆزییەوە بۆ گەیشتن بە پەرلەمان بەبێ تێپەڕاندنی بەربەستەکە.

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی 2011 شدا BDP کە میراتگرەوەی DTP بوو، بەهەمان شێوەی (کاندیدی سەربەخۆ) بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا کرد و توانی بە بەدەستهێنانی ڕێژەی 5.67%، 35 کورسی پەرلەمان بۆ خۆی مسۆگەربکات.

پارتی دیموکراتی گەلان HDP کە میراتگرەوەی هەر یەک لە HADEP، DEHAP، DTP و BDP یە، دوای ئەوەی سەرکردەکەی (سەلاحەددین دەمیرتاش) لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی تورکیادا لە ئابی 2014 توانی 9،76%ی دەنگەکان بەدەستبهێنێت، بیری لەوە کردەوە کە لە هەڵبژاردنی گشتیدا دەتوانێت بەربەستی لەسەدا 10 تێپەڕێنێ و بڕیاری دا وەک پارت بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی حوزەیرانی 2015 دا بکات.

ئەم بڕیارەی HDP کاریگەرییەکی باڵکێشی لەسەر کۆی هەڵبژاردنەکە دروستکرد. لەبەر ئەوەی لە ئەگەری تێپەڕاندنی بەربەستەکەدا، زیاتر لە 60 کورسی پەرلەمان بۆ خۆی مسۆگەر دەکات. ئەوە مانای دووقاتبوونەوەی ژمارەی کورسییەکانی ئێستایەتی. هاوکات مانای کەمکردنەوەی کورسییەکانی AKP یە بۆ نزیکی 300 یان کەمتر.

ئەگەری دووەم ئەوەیە کە HDP بەربەستەکە تێنەپەڕێنێت. لەم بارەدا نزیکەی 4 ملیۆن دەنگی دەنگدەرانی کورد بەهەدەر دەڕوات و HDP مافی نوێنەرایەتیکردنی لە پەرلەمان لەدەست دەدات. زۆربەی زۆری کورسییەکانیشی دەڕوات بۆ AKP. کەوابوو AKP ژمارەی کورسییەکانی لە پەرلەمان نزیک دەبێتەوە لە 350 و زیاتر. 350 کورسی پەرلەمان بەسە بۆ AKP بۆ بردنی گۆڕانکاریی دەستووری بۆ ریفراندۆم. ئەو گۆڕانکارییە دەستوورییەش کە AKP پلانی بۆ داڕشتووە گۆڕینی سیستەمی دەسەڵاتی تورکیایە لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی.

لەم دوو خشتەیەدا شیکارییەک خراوەتەڕوو بۆ ژمارەی نزیکەیی کورسییەکانی هەر یەکێک لە پارتەکانی AKP، CHP، MHP و HDP لە هەردوو ئەگەری تێپەڕاندن یان تێنەپەڕاندنی بەربەستی لەسەدا 10 لەلایەن HDP وە.

### خشتەی یەکەم: ئەگەر HDP بەربەستی لەسەدا 10 تێپەڕێنی.

**ڕێژەی دەنگی گریمانەیی بۆ پارتەکان لەم خشتەیەدا بەم شێوەیەیە. 45 : AKP%، CHP : 25%، 15 : MHP% و 10 : HDP% و کۆی پارتەکانی دیکە: 5%.**

| ناوی پارت | AKP | CHP | MHP | HDP | ئەوانی دیکە |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی دەنگ | % 45.00 | % 25.00 | % 15.00 | % 10.00 | % 5.00 |
| ژمارەی کورسی | 300 | 128 | 66 | 56 | 0 |

### خشتەی دووەم: ئەگەر HDP بەربەستی لەسەدا 10 تێنەپەڕێنێت.

**ڕێژەی دەنگی گریمانەیی بۆ پارتەکان لەم خشتەیەدا بەم شێوەیەیە. 45 : AKP%، 25 : CHP%، 15 : MHP%، 9 : HDP% و پارتەکانی دیکە: 6%.**

| ناوی پارت | AKP | CHP | MHP | HDP | ئەوانی دیکە |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی دەنگ | % 45.00 | % 25.00 | % 15.00 | % 9.00 | % 6.00 |
| ژمارەی کورسی | 345 | 135 | 70 | 0 | 0 |

ئەم دوو خشتەیە ئەوە پیشاندەدەن کە لە ئەگەری تێپەڕاندنی بەربەستی 10% لەلایەن HDP وە زۆرترین زیان لە AKP دەکەوێت. پێچەوانەکەشی زۆرترین قازانجی بۆ AKP دەبێت. دوو پارتەکەی دیکە کەمترین کاریگەری دەیانگرێتەوە.

### • کاریگەری دەنگدەری کورد لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانیی تورکیا

پێش ئەنجامدانی شیکاری بۆ کاریگەریی دەنگدەری کورد لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانیی تورکیا، پێویستە وەڵامی پرسیارەکانی ژمارەی دانیشتووان و ژمارەی دەنگدەرانی کورد لە تورکیا بدرێتەوە.

ژمارەی دانیشتووانی کورد لە تورکیا:

هەتا ئێستا داتایەکی تەواو لەبەردەستدا نییە سەبارەت بە ژمارەی تەواوی دانیشتووانی کورد لە تورکیا. دەیان گریمانە هەن کە زۆربەیان بە پاڵنەری سیاسی دانراون و ناتوانرێت متمانەیان پێبکرێت بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە. تەندروستترین داتا کە دەکرێت وەک بنەما بۆ شیکاری بەکاربهێنرێت، ژمارەی نزیکەیی دانیشتووانی کوردە لە تورکیا کە لە ڕاپۆرتەکانی دەزگای هەواڵگری ناوەندیی ئەمریکا CIA دا هاتوون. بەپێی ڕاپۆرتی پەیوەندیداری CIA بۆ ساڵی 2013 ژمارەی دانیشتووانی کورد لە تورکیا 14،525،007 کەسە.

**لەم خشتەیەدا ژمارەی دانیشتووانی تورک و کوردی تورکیا خراوەتەڕوو بۆ ماوەی 5 ساڵ. (سەرچاوە ڕاپۆرتەکانی CIA)**

| ساڵ | ژمارەی دانیشتووانی تورک | ژمارەی دانیشتووانی کورد |
|---|---|---|
| 2009 | 57.604.143 | 13.824.994 |
| 2010 | 58.353.092 | 14.004.742 |
| 2011 | 59.089.161 | 14.181.399 |
| 2012 | 59.812.096 | 14.354.903 |
| 2013 | 60.520.864 | 14.525.007 |

بەپێی ئەم خشتەیە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتووانی کورد لە تورکیا نزیکەی 1.3% یە. کەوابوو ژمارەی دانیشتووانی کورد لە تورکیا بۆ ساڵی 2015 بەرزبووەتەوە بۆ 14،884،503 کەس. بەپێی داتاکانی دەزگای ئاماری تورکیا TÜİK ژمارەی دانیشتووانی تورکیا 77،695،904 کەسە. بەم پێیە ڕێژەی کورد لە تورکیا 19.16%یە. بەڵام ئەم ڕێژەیە هەمووی لە یەک شوێندا کۆنەبووەتەوە. لە ئەنجامی شیکردنەوەی ئەو ئامارانەی لەبەردەستدان دەرکەوتووە کە نزیکەی 9 ملیۆن کەس لە کوردانی تورکیا دانیشتووی شارەکانی باکووری کوردستانن.

**ئەم خشتەیە ناوی شارەکانی باکووری کوردستان، کۆی گشتی دانیشتووانیان و ڕێژە و ژمارەی دانیشتووانی کورد و دابەشبوونیان لەو شارانە دەخاتەڕوو.**

| ژ | ناوی پارێزگا | ژمارەی دانیشتووان | ڕێژەی دانیشتووانی کورد | ژمارەی دانیشتووانی کورد (باکووری کوردستان) |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دیلۆک | 1.889.466 | % 36.00 | 559.209 |
| 2 | ڕحا | 1.845.667 | % 88.00 | 1.335.267 |
| 3 | ئامەد | 1.635.048 | % 92.00 | 1.236.661 |
| 4 | گومگوم • مەرەش | 1.089.038 | % 41.00 | 367.079 |
| 5 | وان | 1.085.542 | % 96.00 | 856.742 |
| 6 | ماردین | 788.996 | % 81.00 | 525.402 |
| 7 | مەڵەدی | 769.544 | % 34.00 | 215.102 |
| 8 | ئەرزیرۆم | 763.320 | % 49.00 | 307.493 |
| 9 | سیڤاس | 623.116 | % 19.00 | 97.332 |
| 10 | سەمسوور – ئەدی یەمەن | 597.835 | % 66.00 | 324.383 |
| 11 | خارپێت | 568.753 | % 54.00 | 252.493 |
| 12 | ئێلیح | 557.593 | % 95.00 | 435.485 |
| 13 | ئاگری | 549.435 | % 91.00 | 411.046 |
| 14 | شرناخ | 488.966 | % 100.00 | 488.966 |
| 15 | موش | 411.216 | % 81.00 | 273.834 |
| 16 | بەدلیس | 338.023 | % 91.00 | 252.883 |
| 17 | سێرت | 318.366 | % 72.00 | 188.448 |
| 18 | قەرس | 296.466 | % 49.00 | 119.427 |
| 19 | جۆلەمێرگ | 276.287 | % 100.00 | 276.287 |
| 20 | چەولیگ | 266.019 | % 89.00 | 194.641 |
| 21 | ئەرزنگان | 223.633 | % 37.00 | 68.025 |
| 22 | ئیدیر | 192.056 | % 42.00 | 66.315 |
| 23 | کیلیس | 128.781 | % 17.00 | 17.998 |
| 24 | ئەردەخان | 100.809 | % 41.00 | 33.979 |
| 25 | دێرسیم | 86.527 | % 100.00 | 86.527 |
|  | کۆی گشتی | 15.890.502 |  | 8.991.024 |

ئەم خشتەیە پیشانی دەدات کە ژمارەی دانیشتووانی باکووری کوردستان نزیکی 16 ملیۆنە. 9 ملیۆنی ئەم ژمارەیەش کوردن. ئەوەی دەمێنێتەوە نزیکی 6 ملیۆن کوردە کە بەسەر شارە تورکییەکانی تورکیادا دابەشبوون.

**ئەم خشتەیە ناوی بەشێک لە شارەکانی تورکیا، کۆی گشتی دانیشتووانیان و ڕێژە و ژمارەی دانیشتووانی کورد لەو شارانە دەخاتەڕوو.**

| ژ | ناوی پارێزگا | ژمارەی دانیشتووان | ڕێژەی دانیشتووانی کورد | ژمارەی دانیشتووانی کورد (شارە تورکییەکان) |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئیستەنبوڵ | 14.377.018 | % 26.00 | 3.073.084 |
| 2 | ئیزمیر | 4.113.072 | % 11.00 | 371.956 |
| 3 | مێرسین | 1.727.255 | % 40.00 | 568.000 |
| 4 | ئەدەنە | 2.165.595 | % 30.00 | 534.110 |
| 5 | ئەنقەرە | 5.150.072 | % 20.00 | 846.790 |
| 6 | شارەکانی دیکە |  |  | 499.539 |
|  | کۆی گشتی |  |  | 5.893.479 |

ئەنجامی لێکدانەوەی داتاکانی ڕاپۆرتە پەیوەندیدارەکانی CIA ئەوە بەڕوونی دەخاتەڕوو کە ژمارەی دانیشتووانی کورد لە تورکیا بەگشتی نزیکەی 15 ملیۆنە. نزیکەی 9 ملیۆنی لە 25 پارێزگاکەی باکووری کوردستانن. 6 ملیۆنەکەی دیکەی لە پارێزگا تورکییەکانی تورکیان. ئەم ژمارەیەش دەکاتە نزیکەی 20% ی کۆی گشتی ژمارەی دانیشتووانی تورکیا.

### * ڕێژەی دەنگدەرانی کورد لە تورکیا:

ئێستا دەتوانرێت ژمارە و ڕێژەی دەنگدەری کورد لە باکووری کوردستان و ناوچەکانی دیکەی تورکیا حساب بکرێت.

بەپێی داتاکانی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا، کۆی گشتی ژمارەی دەنگدەرانی 25 پارێزگاکەی باکووری کوردستان 9،431،121 دەنگدەرن. بەڵام بەوپێیەی لەو 25 پارێزگایە بێ لە کورد، هەر یەک لە پێکهاتەکانی تورک، عەرەب، ئازەری و سوریانی دەژین، سەرجەمی ئەم دەنگدەرانە کورد نین. لەسەر بنەمای ئەو ئامارانەی لەسەرەوە شیکارییان بۆ کراوە، ژمارەی دەنگدەرانی کورد لە باکووری کوردستان 5،336،234 دەنگدەرە. ئەمە بێ لەو کوردانەی لە دەرەوەی باکووری کوردستان لە شارەکانی دیکەی تورکیا دەژین.

لەدەرەوەی باکووری کوردستان، لە شارەکانی ئیستەنبوڵ، ئیزمیر، بورسا، مێرسین، ئەنقەرە، کۆنیا و ئەدەنە و ژمارەیەک شاری دیکە، نزیکەی 4،078،262 دەنگدەری کورد هەن.

کەوابوو کۆی گشتی ژمارەی دەنگدەرانی کورد لە ناوخۆی تورکیا دەکاتە 9،414،496 دەنگدەر. ئەم ژمارەیە بە بەراورد لەگەڵ کۆی گشتی ژمارەی دەنگدەرانی تورکیا کە 53،765،231 کەسە دەکاتە 17.51% ی دەنگدەرانی ئەو وڵاتە. بە واتایەکی دیکە لە هەر 5 دەنگدەرێکی تورکیا یەکێکیان کوردن.

بەدەر لەم ژمارەیە، 2،867،658 دەنگدەرهەن کە لە دەرەوەی تورکیا تۆمارکراون. نزیکەی سێیەکی ئەم ژمارەیە کوردن. لە ئەنجامدا دەردەکەوێت کە نزیکەی 10 ملیۆن زیاتر دەنگدەری کورد مافی بەشداریکردنیان هەیە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی تورکیادا.

کۆی ئەم شیکارییە دەریدەخات کە ڕێژەی کاریگەری دەنگدەری کورد لە هەڵبژاردنەکانی تورکیادا 1 لەسەر 5 ە.

### • دابەشبوونی 10 ملیۆن دەنگی کورد

10 ملیۆن دەنگی کورد چۆن دابەش دەبێت بەسەر پارتە بەشدارەکاندا و کێ زۆرترین بەشی لێ دەبات؟

دەتوانرێت وەڵامی ئەم پرسیارە لە لێکۆڵینەوەیەکی دەزگای KONDA دا وەربگیرێت کە دوای هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی 30 ی مارتی 2014 لە تورکیا ئەنجامدرا. بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیە لەو هەڵبژاردنەدا 42%ی دەنگدەرانی کورد دەنگیان داوە بە پارتی داد و گەشەپێدان AK Parti، هەروەها 45% یان دەنگیان داوە بە پارتی دیموکراتی گەلان HDP و پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP و کاندیدە سەربەخۆکانی نزیک لەو دوو پارتە. 6% یان دەنگیان داوە بە پارتی گەلی کۆماری CHP و لەسەدا 4 یشیان دەنگیان داوە بە پارتی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی تورکی MHP. لەسەدا 3 یەکەی دی دابەش بووە بەسەر پارتەکانی دیکەدا.

ئەگەر دابەشبوونی دەنگی کورد لە هەڵبژاردنەکەی 2014 دا بە بنەما وەربگیرێت بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەمساڵ، لە ئەگەری بەشداریکردنی لەسەدا سەدی دەنگدەرانی کورد، HDP نزیکەی 4،666،672 دەنگ، AKParti نزیکەی 4،355،560 دەنگ، CHP نزیکەی 622،223 دەنگ و MHP یش نزیکەی 414،815 دەنگی کورد بۆ خۆی دەبات.

شتێک کە ماوە باسبکرێت، کاریگەریی ڕێژەی بەشدارییە لە هەڵبژاردنەکاندا. ڕێژەی بەشداربوون لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا لە 30-3-2014 کە HDP 2،929،727 دەنگی تێدا هێنا 89.15% بوو. هاوکات ڕێژەی بەشداربوون لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی تورکیا لە 10-8-2014 کە سەلاحەددین دەمیرتاش 3،958،048 دەنگی تیادا مسۆگەرکرد 74.13% بوو. کەوابوو لەگەڵ ئەوەی ڕێژەی بەشداربوون کەمی کردووە، ژمارەی دەنگدەرانی HDP زیادیان کردووە. ئەمە مانەی ئەوەیە لەگەڵ دابەزینی ڕێژەی بەشداری ڕێژەی دەنگدەری تورک کەم دەکات و ڕێژەی دەنگدەری کورد وەک خۆی دەمێنێتەوە یان زیاد دەکات.

### ئەنجام:

### ئەنجامە گشتییەکان

بەهای دەنگی دەنگدەرانی کورد لە سەرتاپای تورکیا یەکسانە بە 101 کورسی پەرلەمان. واتا 'ئەگەر سەرجەم دەنگدەرانی کورد لە سەرتاپای تورکیا دەنگ بە یەک پارت بدەن، بەلایەنی کەمەوە 101 کورسی پەرلەمان بۆ خۆیان مسۆگەر دەکەن'.

بەهای دەنگی دەنگدەرانی باکووری کوردستان بە کورد و تورک و پێکهاتەکانی دیکەوە یەکسانە بە 123 کورسی. واتای ئەمە ئەوەیە کە 'ئەگەر سەرجەم دانیشتووانی باکووری کوردستان دەنگ بۆ یەک پارت بدەن، بەلایەنی کەمەوە 123 کورسی بەدەستدەهێنن'.

کاریگەری دەنگدەری کورد لە هەڵبژاردنەکانی تورکیادا بەڕێژەی 1 لەسەر 5 ە.

### پێشبینییەکان بۆ دەنگی HDP

ئەگەر لە هەڵبژاردنەکەی ئەمساڵدا HDP بتوانێت پارێزگاری لەو دەنگدەرانە بکات کە لە ئابی 2014 دەنگیان بە سەلاحەددین دەمیرتاش دا، لەحاڵەتی دابەزینی ڕێژەی گشتی بەشداری بۆ نزیکی لەسەدا 70، ئەگەری تێپەڕاندنی بەربەستی لەسەدا 10 لەلایەن HDP وە زۆر بەرز دەبێتەوە. بەپێچەوانەوە HDP بۆ هەر پۆینتێکی ڕێژەی دەنگدەران کە بەرزدەبێتەوە، پێویستی بە 56،000 دەنگە بۆ تێپەڕاندنی بەربەستەکە. بۆ نموونە ئەگەر ڕێژەی بەشداری 70% بوو، 3،964،302 دەنگ کافییە بۆ HDP بۆ تێپەڕاندنی بەربەستەکە. ئەگەر ڕێژەی بەشداری بەرزبووەوە بۆ 71%، HDP پێویستی بە 4،020،935 دەنگ دەبێت بۆ هەمان مەبەست.


**سەرچاوە:**

- دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا
- ڕاپۆرتەکانی ماڵپەڕی CIA
- ڕاپۆرتی شیکاری دەنگدەرانی تورکیا KONDA – نیسانی 2014
- لێکۆڵینەوەی 'Türkiye'de Kürt Nüfusu' – ڕادیکاڵ – تارهان ئەردەم – 18/4/2013
- لێکۆڵینەوەی Türkiye'de Kürt Nüfusu-2' – سەباح – حەسەن جەلال – 23/4/2013




(فۆتۆ: AFP)

## ڕافع عیساوی، سەرکردەیەکی دیاری سوننە بۆ (ڕووداو):

# ئێستا عێراق دابەش بووە




ماوەی 15 ساڵ لە پارێزگای ئەنبار وەکو پزیشک و ماوەیەکیش وەکو بەرپرسێکی تەندروستی کاری کردووە. لەگەڵ یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لەساڵی 2005 تێکەڵی سیاسەت بوو. ڕافع عیساوی لە ماوەی ویلایەتی یەکەمی نووری مالیکیدا، جێگری سەرۆک وەزیران بوو، لە ویلایەتی دووەمی مالیکیشدا پۆستی وەزیری دارایی وەرگرت، بەڵام بەهۆی خۆپیشاندانەکانی ئەنبارەوە زۆری نەبرد کەوتە ناکۆکی لەگەڵ مالیکی، تاوەکو کار گەیشتە ئەوەی سەرۆک وەزیران لە دادگا دۆسیەیەکی لە دژی کردەوەو تۆمەتی مەترسیداری دایە پاڵی، ئەویش بەناچاری بەغدای جێهێشت و پەنای بۆ هەرێمی کوردستان هێنا.

ئەو ئێستا لە هەموو سەرکردە سوننەکانی دیکە زۆرتر بەو پزیشکە دەناسرێت کە دەزانێت دەردی ئەنبارییەکان چییە و پێویستیان بە چ دەرمانێکە. عیساوی سەرەتای ئەم مانگە وەکو لۆبیکارێکی سوننەکان سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کرد بە مەبەستی بەدەستهێنانی چەک بۆ سوننە.

عیساوی هاوڕێ لەگەڵ ئەسیل نوجێفی بە نوێنەرایەتی خەڵکی نەینەوا لەلایەن پەیمانگەیەکی ئەمریکییەوە بە نافەرمی بانگهێشت کرابوون، بەڵام لەوێ چاویان بە کۆنگرێسمان و بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەش کەوت. عیساوی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) لە واشنتن دی سی گوتی "کەوتنی ڕومادی، داوای سەرکردە سوننەکان بۆ پڕچەککردنی ڕاستەوخۆ بەهێزتر دەکات". ئەو پێیوایە بۆ ئەوەی عێراق بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە، پێویستە هاوپەیمانان ڕاستەوخۆ چەک بۆ پێشمەرگە و هێزە سوننەکان بنێرن، نەک لە ڕێگەی بەغداوە.

هەڤپەیڤین: یەریڤان سەعید
ڕووداو - واشنتن

**ڕووداو: مەبەستی سەردانەکەتان بۆ واشنتن چی بوو؟**

**ڕافع عیساوی:** من و هاوڕێکەم ئەسیل نوجێفی بانگهێشتێکی نافەرمیمان لەلایەن پەیمانگای بروکین پێگەیشت بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی سیاسی و ئەمنیی عێراق. هەروەها ئەو هەوڵە نوێیانەی کە هەیە بۆ پڕچەککردنی پێشمەرگە و سوننەکان و گفتوگۆکردن لەو بارەیەوە. لەکاتی مانەوەمان لە واشنتن D.C هەندێک پەیوەندی دیکەمان پێوەکرا بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی دیکەی ئەمریکی، لەوانەش بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە و ئەندامانی کۆنگرێس بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕەوشی نائارامی عێراق و ئەو بارودۆخە ئەمنی و سیاسییە هەستیارەی لە عێراق هەیە و ئەو پرسیارەی گوایە ئێستا عێراق یەکگرتووە یان نا؟ لەکاتێکدا 50%ی ناوچەکانی عێراق لە دەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەندین و بەتەواوی لەلایەن داعشەوە کۆنترۆڵکراون. بۆیە کاتێک داوا لە ئەمریکییەکان دەکەین کە ڕاستەوخۆ هێزەکانی پێشمەرگە و سوننەکان پڕچەک بکەن، بۆ یەکگرتنەوەی عێراقە نەک دابەشکردنی، چونکە ئێستا عێراق بەکردەوە دابەش بووە.

**خۆ کورد یەکگرتوون، بۆچی چەکیان نادەنێ؟**

داعش دەکرێت. ئەگەر تەماشای هەنگاوەکانی تائێستای حکومەتی ناوەندی بکەی، دەبینی هەنگاوی باش نین. ئێمە باس لە پڕچەککردنی خەڵک دەکەین کە تاوەکو ئێستا ئەوە نەکراوە. هەروەها لە بارەی دابینکردنی چەکەوە، چەک و پێداویستی سەربازی بەو لایەنانە نەدراوە کە شەڕەکە دەکەن. کلاشینکۆف چەکێک نییە شەڕی داعشی پێبکرێت، دەبابە و چەکی قورس پێویستە بۆ ئەو شەڕە. ئەمریکییەکان دەتوانن میکانیزمێکی زۆر سادە پەیڕەو بکەن کە لە ساڵی 2007 لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی نەینەوا جێبەجێ کرا کە کۆمیتەیەکی هاوبەش لە نێوان ئەمریکییەکان و حکومەتی ناوەندی و دەسەڵاتدارانی ناوخۆی مووسڵ دروستکرا. هەروەها لە ئەنبار لەسەر ئاستی حکومەتی ناوەندی و ئەمریکییەکان و دەسەڵاتدارانی پارێزگای ئەنبار کرا. کردنی ئەمە بۆ بەفیڕۆنەدانی کاتە لە بەدەستهێنانی ئەو چەکانە، نەک بۆ هەڵگرتنیان لە گەنجینەکانی وەزارەتی بەرگری، چونکە ئەگەر ئەو چەکانە برانە ئەوێ ئەوا کاتێکی زۆر بەفیڕۆ دەدرێت. لەبری ئەوە دەبێت بنێردرێ بۆ هەولێر بۆ چارەسەرکردنی نەبوونی چەک لەدەستی پێشمەرگە. ئەگەر ئەو چەکانە ڕاستەوخۆ

**بە کلاشینکۆف شەڕی داعش ناکرێت**

سەڵاحەدین، بنکەی سەربازیی عەین ئەلئەسەد باشترین شوێنە و لەلایەن ئەمریکیەکانیشەوە کۆنترۆڵ کراوە. حکومەتی ناوەندی و حکومەتی ناوخۆیی و جەنگاوەرەکان لەوێ هەن. ئەو چەکانە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و لەژێر چاودێرییەکی تەواودا بدەنە چەکدارەکان. بۆ نموونە ئەمریکییەکان دەتوانن دڵنیابن لەوەی کە ئەو چەکانە ناگەنە دەستی تیرۆریستان. حکومەتی ناوەندی دەتوانێ دڵنیابێت لەوەی کە ئەو چەکانە تەنیا دەدرێن بەو کەسانەی بەفەرمی ناونووسکراون بۆ شەڕکردن. هەروەها ئەوە دڵنیایی بە پارێزگاری ئەنبار دەدات لەوەی کە هەموو لایەک لەو شەڕەدا پشتگیری دەکات. چیدی کات نەماوە بۆ بەفیڕۆدان، چونکە ئەگەر لەماوەیەکی کورتدا ئەو چەکانە نەنێردرێن، ئەوە مانای ئەوەیە کە هەلی زیاتر بە داعش دەدرێ بۆ بەرفراوانکردنی دەسەڵاتی.

**ڕووداو: بەڵام ئەمریکییەکان و حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی دەڵێن سوننەکان یەکگرتوو نین و دەسەڵاتێکی باڵایان نییە بڕیاریان بۆ بدات؟**

**ڕافع عیساوی:** باشە کورد یەکگرتوون با بڕۆن چەک بەوان بدەن. مەبەستم ئەوەیە ئەمە بیانوویەکی قبوڵکراو نییە.

**سوپای عێراق لەسەر بنەمای تایفی دروستبووە نەک نیشتمانی و پرۆفیشناڵی**

**ڕووداو: ئایا لە بەرژەوەندی ئەمریکایە کە ڕاستەوخۆ چەک بنێرێت بۆ کورد و سوننە؟**

**ڕافع عیساوی:** هەمان ئەو قسەیە دەکەین کە کاک مەسعود کردی: ئەوەی دەمانەوێ، بوونی چەکە لەدەستی خەڵکەکەمان بۆ شەڕکردن لەدژی داعش، بەڵام بە هاوڕێ ئەمریکیەکانمان گوت: ئەمە شەڕێکی نێودەوڵەتییە نەک شەڕێکی ناوخۆیی. هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە بەسەرکردایەتی ئەمریکا لە دژی داعش شەڕدەکات، پێشوازی لێدەکرێت بۆ هاوکاریکردنی عێراقییەکان. بەڵام بەرەکانی جەنگی دژ بە داعش لەلایەکەوە حکومەتی هەرێمی کوردستانە و لەلایەکی دیکە سوننەکانە لە پارێزگاکانی سوننە. بۆیە خەڵکی بەرپرسیار هەن لە ئەنجامدانی ئەو جەنگەی لە بەرامبەر

بنێردرێن بۆ بنکەی سەربازیی ئەسەد لە ئەنبار بۆ دابەشکردنی بەسەر چەکدارە سوننەکان لەژێر چاودێرییەکی توندی حکومەتی ناوەندی و پارێزگای ئەنبار و ئەمریکییەکان، ئەوە جێگەی ڕەزامەندی هەموو لایەک دەبێت. پاشان حکومەتی ناوەندی ناڵێت ئەمە پێشێلکردنی سەروەریی عێراقە و پێویستمان پێی نییە. دەبێت ئەو چەکانە لە بنکە سەربازییەکانەوە دابەش بکرێن نەک لە گەنجینەکان.

**ڕووداو: بەبڕوای تۆ باشتر و ئاسانتر نییە ئەو چەکانە بنێردرێن بۆ هەولێر و لەوێوە بدرێن بە چەکدارە سوننەکان؟**

**ڕافع عیساوی:** لانیکەم بنێردرێن بۆ هەولێر بۆ هێزەکانی پێشمەرگە و بۆ مووسڵ، بەڵێ ئەوە ئاسانترە بەدڵنیاییەوە. بۆ نموونە بۆ ئەنبار و

پرسیارێکی دیکە ئەوەیە، ئایا شیعەکان یەکگرتوون؟ نەخێر. چەندین گرووپی شیعە هەن. ئەگەر باس لە ناکۆکی سیاسی بکەین، هەموو کوتلە شیعەکان لەناو خۆیاندا ناکۆکییان هەیە.

**ڕووداو: بەڵام ئێستا کێ نوێنەرایەتی سوننەکانی عێراق دەکات؟**

**ڕافع عیساوی:** لەڕووی سەرکردەوە، ئەگەر باس لەو کەسانە بکەین کە لە پرۆسەی سیاسی دوورخراونەتەوە و هێشتا کاریگەرییان هەیە، ئەوا پێویست ناکات باس لە خۆم و هاوڕێکانم بکەم. بەڵام هێشتا پەیوەندیەکی زۆر باشمان لەگەڵ ئەو هێزە ناوخۆییانە هەیە کە شەڕی داعش دەکەن. با میکانیزمێک بدۆزینەوە کە لەڕێگەیەوە چەکداریان بکەین. بەرپرسانی ناوخۆیی هەن وەک پارێزگار، هەروەها خەڵکی پارێزگاکان

**هەموو سوننە پشتگیری لە دامەزراندنی هەرێمێکی سەربەخۆ دەکەن**

**تاوەکو چەک لە کۆگاکانی وەزارەتی بەرگریدا بمێنێتەوە داعش دەسەڵاتی فراوانتر دەبێ**

**با کەربەلاییەکان شەڕ بۆ ئەنبارییەکان نەکەن**

هەیە کە شەڕی داعش دەکەن.

**ڕووداو: ئێستا کە تۆ داوای پڕچەککردنی ڕاستەوخۆی سوننە دەکەی و دەڵێی ئەو هەنگاوە سوودی هەیە بۆ سوننەکان و عێراق، لەوباوەڕەدا نیت ئەمە پێچەوانەی هەڵوێستی سوننەکانە کە بەردەوام جەختیان لەسەر حکومەتێکی مەرکەزی دەکردەوە و پێکهێنانی هەرێمێکی سوننەیان ڕەتکردەوە لە پاش ساڵی 2003؟**

**ڕافع عیساوی:** بڕۆ ڕاپرسییەک بکە لە ناوچە سوننەکان. سەرجەمیان پشتگیری لە پێکهێنانی هەرێمێکی سوننە دەکەن لە هەموو پارێزگا سوننەکان.

**ڕووداو: کەواتە ئێستا سوننەکان تێگەیشتوون لەوەی باشترین میکانیزم فیدراڵیەتە کە تێیدا خۆیان دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەکانیاندا هەبێت بۆ ڕزگاربوون لە سەرکوتکاریی بەغدا؟**

**ڕافع عیساوی:** پاش بەفیڕۆدانی کات، هەمیشە دواکەوتوو دەبێت لە قۆستنەوەی هەل.

**ڕووداو: شیعەکان لەلایەن ئێرانەوە هاوکاری و مەشق و چەکیان بۆ دابینکراوە. ئەی سوننەکان؟ ئایا هیچ پشتگیرییەک دەکرێن لەلایەن وڵاتانی سوننەوە؟**

**ڕافع عیساوی:** نەخێر. سوننەکان بەردەوام دەڵێن کە دەبێت هێزە ئەمنیەکان ڕێکبخرێن و شێوازی میلیشیایی شیعە قبوڵ ناکەن. ئێمە باس لە چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ وەزارەتی ناوخۆ و بەرگری و گاردی نیشتمانی و هێزەکانی دیکە دەکەین. پێویستمان بەوە نییە خەڵک چەک هەڵبگرێت و بەشێک نەبێت لەو سیستمە یاساییە. تەسەور بکە، پاش لەناوبردنی داعش، سوننە چەک هەڵبگرێت و شیعە چەک هەڵبگرێت و کورد چەک هەڵبگرێت و هەموو لایەک چەکیان پێبێ، ئەگەر ئەمە دەستووری نەبێت، دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی سوننە و سوننە، شیعە و شیعە، سوننە و شیعە، هەروەها کورد و شیعە.

**ڕووداو: پێشێلکارییەکی زۆری مافەکانی مرۆڤ لەلایەن میلیشیا شیعەکانەوە لەدژی سوننە کراوە، وەک گوللەبارانکردنی بە کۆمەڵ و ڕەشبگیری و سووتاندنی گوند. ئایا ئەم جۆرە مامەڵانە بوونە هۆی ئەوەی سوننە لایەنگیری داعش بکەن وەک بەرگرییەک لەدژی میلیشیا شیعەکان؟**

**ڕافع عیساوی:** یەکێک لەو خاڵانەی کە زۆر جەختی لەسەر دەکەمەوە لەگەڵ بەرپرسانی حکومی و ئەمریکیەکان ئەوەیە کە دەڵێم قبوڵ مەکەن میلیشیا شیعەکان بێنە پارێزگاکانمان، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی تەنگژەی تایفی، ئەمەش مانای ئەوەیە کە خەڵکی شەڕ لەدژی میلیشیا شیعەکان دەکەن لەبری شەڕی داعش. هەموو لایەک زەرەرمەند دەبن لەبری شەڕکردن لەدژی داعش. خەڵکی دەستدەدەنە شەڕی تایفی لەگەڵ هەندێک لەم گرووپانە. کێ ئەوە قبوڵ دەکات؟ دەمەوێت جەخت لەسەر پرسیارێک بکەمەوە: بۆچی شیعەکان ڕۆڵەکانیان دەنێرن بۆ مردن لەبری ئەنباری و مووسڵی و تکریتیەکان؟ لە پارێزگاکانی خۆتان دابنیشن و خوا بتانپارێزێت. لێگەڕێن با ئەنبارییەکان لە پێناو خەڵکەکەی خۆیان بمرن.

**ڕووداو: لەو بڕوایەدا نیت بە گوتنی "با ئەنبارییەکان بمرن لە پێناو خەڵکەکەی خۆیان" و ڕەتکردنەوەی سوپای عێراق و هێزەکانی دیکە، دابەشکردنی عێراقە بە کردارەکی؟**

**ڕافع عیساوی:** با بەم جۆرە پێتبڵێم: من باس لە هێزە ئەمنییە ناوخۆییەکان دەکەم کە لەلایەن خەڵکی ناوخۆوە بەڕێوەببرێت. لە ئاستی حکومەتی فیدراڵی بەپێی یاسا، پارێزگار داوا لە فەرماندەی هێزە چەکدارەکان دەکات کە بارودۆخی ئەمنی لە فڵان پارێزگا خراپە، بۆیە دەبێت هێزی فیدراڵی بنێردرێت. ئەمە بەپێی یاسای 21ی ساڵی 2008 کە دەڵێ ئەوە پارێزگارە دەسەڵاتی داواکردنی هێزی زیاتری هەیە لە حکومەتی فیدراڵەوە بۆ پشتگیریکردنی پارێزگاکان. بۆیە گۆشەگیرکردنی هێزەکان مانای پارچەپارچەکردنی عێراق نییە. ئەوە دابەشکردنی بەرپرسیارێتییەکانە. تۆ بەرپرسیاری لە ئەمنیەتی ناوخۆی پارێزگاکانی خۆت و ئەوە بەرپرسیارێتی پۆلیسە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان هاوتایە لەگەڵ گاردی نیشتمانی. ئەگەر هەڕەشەکە لەسەر هەموو وڵات بێت، ئەوا دەبێت سوپای فیدراڵی جووڵە بکات، بەڵام سوپا هیچ پەیوەندی بە بارودۆخی ناوخۆی شارەکانەوە نییە. ئەوە ڕەتکردنەوەی کەسانی دیکە نییە بێن بۆ یارمەتیدانت. لەڕاستیدا، ئەوە کێشانی هێڵی بەرپرسیارێتییە لە ئاستی ناوخۆیی و ئاستی فیدراڵی.

**ڕووداو: بەبڕوای تۆ ئەگەر زۆرینەی هێزە ئەمنیەکانی مووسڵ لە خەڵکانی ناوخۆ بوونایە، بەرگرییان لەشارەکە دەکرد لەدژی داعش؟**

**ڕافع عیساوی:** بێگومان بەرگرییان لەشارەکە دەکرد. ئەگەر خەڵکی مووسڵ بوونایە، بەدڵنیاییەوە بەرگرییان دەکرد. بەڵام لەبەرئەوەی خەڵکی مووسڵ نەبوون، گوتیان بۆچی لەبری موسڵییەکان بمرین؟ لەبەرئەوە بوو شکستیان هێنا. چەندین جار گوتوومانە کە سوپای عێراق لەسەر بنەمای تایفی دروستبووە نەک بنەمای نیشتمانی و پرۆفیشناڵی. بەداخەوە بۆیە زۆر بە ئاسانی بەرامبەر 200 چەکداری داعش شکستیان هێنا.

**ڕووداو: بۆچوونت چییە لەبارەی هەوڵەکانی عەبادی بۆ دروستکردنی میلیشیای سوننە؟**

**ڕافع عیساوی:** بۆچی میلیشیای سوننە دروست دەکەی، ئەگەر لە تواناتدا بێت گاردی نیشتمانی سوننە دروست بکەی کە پێشتر لەسەری ڕێکەوتووین وەک بەشێک لە پرۆگرامی پێکهێنانی حکومەت. بۆچی هەموو ڕۆژێک گۆڕانکاری لە بیرۆکە و شتەکاندا دەکەی؟ لەسەر شتێک ڕێککەوتین کە پێیدەگوترێ گاردی نیشتمانی، بۆچی گۆڕانکاری تێدا دەکەی؟ یاسایەک هەیە لەسەری ڕێککەوتین کە گاردی نیشتمانی و پۆلیس و دانی دەسەڵاتە بە بەرپرسانی ناوخۆیی پارێزگاکان لەپێناوی هێشتنەوەی عێراق بە یەکگرتوویی. دەبێت ئەمنیەت و دەسەڵاتەکان و سامان بە ناوەندی نەکرێن تا عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، بەمشێوەیە هەموو لایەک دڵخۆش دەکەی.

## وەبەرهێنەرە نێوخۆییەکان دەچنە شارەکانی عێراق

**ڕووداو – سلێمانی**

بەپێی ئامار و داتای بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی سلێمانی، ناوی 4 هەزار و 75 کۆمپانیای خۆماڵی تۆمارکراوە، لە سەدا 40 ی ئەو کۆمپانیانە مۆڵەتی کارکردنیان وەرگرتووە لە نێوەڕاست و باشووری عێراق.

عومەر ئیسماعیل کە وەبەرهێنەرێکی ناوخۆییە بە (ڕووداو)ی گوت "کارگەیەکی گەورەی ئاسنمان لە سنووری پارێزگای سنە بەسەرمایەی 100 ملیۆن دۆلار بونیادناوە". هەروەها سۆران ئەحمەد، بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی سلێمانی گوتی: "بەشێک لە کۆمپانیا خۆماڵییەکان هەوڵیانداوە لە وڵاتانی دراوسێ کاری وەبەرهێنان بکەن، بەڵام ئەمەش ناگاتە لەسەدا یەک، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئاستی گەشەی کۆمپانیاکان نەگەیشتووەتە ئەوەی پرۆژەی گەورە ئەنجامبدەن".



# لە هەولێر کرێی خانوو ژمارەی پێوانەیی تۆمار دەکات

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

سەرۆکی لقی هەولێری کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی کرێنشینان دەڵێت بەهۆی بەردەوامیی هاتنی عەرەب بۆ شاری هەولێر، نرخی کرێی خانوو ژمارەی پێوانەیی تۆمارکردووە و بە ڕێژەی 100% زیادبووە.

مەحمود ئیسماعیل، سەرۆکی لقی هەولێری کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی کرێنشینان، بۆ بەرزبوونەوەی نرخی کرێی خانوو بەهۆی هاتنی ئاوارەی عەرەبەوە، خانوویەکی 100 مەتری دوو نهۆمی بەنموونە دێنێتەوە و دەڵێت پێشتر کرێیەکەی 250 – 300 دۆلار بوو، بەڵام ئێستا بووەتە 600 – 700 دۆلار.

کۆمەڵەکەی مەحموود لە ساڵی 2013 تەنیا 12 هەزار کرێنیشنی لەلای خۆی تۆمارکردبوو، بەڵام لە ماوەی ساڵێک و پێنج مانگی ڕابردوودا 5 هەزار کرێنشینی دیکەی بۆ زیادبووە.

مەحمود ئیسماعیل دەڵێت "بەهۆی هاتنی ئاوارەی عەرەب بە لێشاو نرخی کرێی خانوو بەردەوام لە هەڵکشان دایە، بەم هۆیەشەوە گرفت کەوتووەتە نێوان کرێنشین و خاوەن خانوو، بەدەیان کێشەی کۆمەڵایەتی لێکەوتووەتەوە".

ئەم کۆمەڵەیە یاداشتێکی ئاراستەی سەرۆکی پەلەمان و ئیدارەی پارێزگاری هەولێر و لایەن پەیوەندارەکان کردووە، بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ بەرزبوونەوەی نرخ و نیشتەجێبوونی ئاوارەی عەرەب لەنێو شار دابنرێ، ئەگەرنا لە داهاتوودا کێشەی کۆمەڵایەتی زۆر دەبێ.

### 92 هەزار خێزانی ئاوارە لە هەولێرن

بەپێی ئاماری پارێزگای هەولێر زیاتر لە 92 هەزار خێزانی عەرەب و مەسیحی لە پارێزگاکانی نەینەوا، ئەنبار، بەغدا، سەلاحەددین و فەللوجە لە شاری هەولێر و دەورووبەری نیشتەجێن، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر گرانبوونی نرخی کەلوپەلی خۆراک و کرێ خانوو بەتایبەت دروستکردووە.

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر، لە بەرنامەی ڕووداوی ئەمڕۆی کەناڵی (ڕووداو) گوتی "بەپێی مافە دەستورییەکان ئێمە ناتوانین ڕێ لەنیشتەجێبوونی ئاوارە عەرەبەکان لەشاری هەولێر بگرین، بۆیە ئەوانەی توانای بەکرێگرتنی خانوویان هەبووە لەنێو شار و شارۆچکەکان خانوویان بەکرێ گرتووە، ئەوانی دیکەش لەکەمپەکان نیشتەجێبوون کە ژمارەیان نزیکەی 7هەزار کەس دەبێ". گوتیشی "ڕاستە ئەوان کاریگەریان لەسەر بەرزبوونەوەی کرێ خانوو داناوە، بەڵام مانای ئەوە نییە ئەوان بەشێکی گەورەی گرفتی نیشتەجێبوون بن".

### داتایان نییە

بەپێی ئاماری پارێزگای هەولێر لە 10 ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە 265 هەزار خانوو لە شاری هەولێر دروستکراون. ملیارێک و شەش ملیۆن دۆلاریش وەک پێشینەی خانووبەرە بەخەڵک دراوە، بەڵام هێشتا نەتواندراوە کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر بکرێت.

بەگوێرەی پێشبینییەکانی سەرۆکی لقی هەولێر کۆمەڵەی داکۆکی لەمافی کرێنشینان، لەپارێزگای هەولێر لەژمارەی کرێنشینانی هەولێر لە سەرووی 35 هەزار کرێنشینەوەیە، بەڵام پارێزگاری هەولێر ئەم ژمارەیە بە "ناڕاست" وەسف دەکات و دەڵێت "بەهۆی ئەنجامنەدانی سەرژمێری و ڕووپێویی بۆ ژمارەی کرێنشینان هیچ داتاییەکی وردمان لەسەر ژمارەی ڕاستەقینەی کرێنشینان نییە، ئەو ژمارانەشی لەلایەن کۆمەڵەکانی کرێنشینان دەخرێتە ڕوو ڕاست نین، بەڵام پێشبینی دەکەین 12 تاوەکو 15 هەزار کرێنشین لە هەولێر هەبن".

پارێزگاری هەولێر ئاماژەی بەوەدا بۆ کەمکردنەوەی گرفتی نیشتەجێبوون هەر لەماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر 140 هەزار و 683 پارچە زەوی دابەشکردووە، شارەوانی قەزاو ناحیەکانیش 55 هەزار و 168 پارچە زەویان دابەشکردووە. هەروەها 18 هەزار پارچە زەوی لە قەزا و ناحیەکان بەکرێنیشان دراوە، عەقاراتی دەوڵەتیش 5739 پارچە زەوی دابەشکردووە کە سەرجەمیان دەکاتە 219 هەزار و 590 پارچە زەوی نیشتەجێبوون".

هەر بەپێی زانیارییەکانی نەوزاد هادی، لەڕێگەی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون 77 هەزار و972 یەکەی نیشتەجێبوون مۆڵەتیان وەرگرتووە کە بەشێکی زۆریان تەواو بوون، لەم ژمارەیەش 8 هەزار و 536 یەکەیان لەڕێگەی سندوقی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی کەمدەرامەت دروستکراون، 1452 شوقە دراوەتە خەڵکی کەمدەرامەت، 5000 خانووی کۆری بۆ خەڵکی کرێنشین لەژێر دروست کردن دان، ڕێگەیان بەدروستکردنی زیاتر لە30 هەزار خانوو لە گەڕەکەکانی مامزاوە، تووڕەق، سێبەردان و حەسارۆک داوە، دوای ئەوەی بەپێی ماستەر پلان کەوتنە نێو سنووری شارەوانییەکانی هەولێر.

سەرەرای دابەشکردنی هەزاران پارچە زەوی و دروستکردنی هەزاران یەکەی نیشتەجێبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرزبوونەوەی نرخی کرێی خانوو لەسێ ساڵی ڕابردوودا لە شاری هەولێر ژمارەی پێوانەیی تۆمارکردووە، شارەزایانی ئەم بوارەش هۆکارەکەی بۆ لێشاوی هاتنی خێزانە ئاوارە عەرەبەکان دەگەڕێننەوە.

سەیفەددین قادر، خاوەنی نووسینگەی سەحەر بۆ کڕین و فرۆشتن و بەکرێدانی خانوو لە هەولێر گوتی "بەهۆی هاتنی لێشاوی ئاوارە بۆ شاری هەولێر خواستێکی زۆر لەسەر خانووی کرێ هەیە، ڕۆژانە چەندین کەس ڕوومان تێدەکەن بۆ خانووی کرێ، دەتوانم بڵێم 90%یان عەرەبن".

بەهۆی زیادبوونی بەردەوامی کرێی خانوو، بەشی زۆری خاوەن خانووەکان تەنیا شەش مانگ گرێبەست لەگەڵ کرێنشین دەکەن، بۆ ئەوەی هەر کاتێک کرێ زیادبوو، کرێکەیان لەسەر زیاد بکەن، یان لە خانووەکانیان دەربکەن. نووسینگەکانیش بۆ هەر گرێبەستێک 300 دۆلار لەهەردوولا وەردەگرن، بۆیە زوو زوو خاوەن خانووەکان لە بەرزبوونەوەی نرخ ئاگادار دەکەنەوە.

سەیفەددین دەڵێت "پێشتر بەردەوام 10 بۆ 15 خانووی کرێم لا هەبوو، بەڵام ئێستا لەبەر ئاوارەی عەرەب خانووی کرێ بەرناکەوێت".

لە دوای هەر هێرشێکی داعش بۆ سەر پارێزگا سوننەنشینەکان، لێشاوی هاتنی ئاوارەی عەرەب بۆ کوردستان زیاد دەکات. پارێزگاری هەولێر گوتی "تەنیا لەدوای گرتنی ئەنبار لە ڕێگەی فرۆکەخانەی هەولێر 13 هەزار و 250 کەس هاتوونەتە کوردستان".




### زانیاری لەبارەی کرێنشینان و ئاوارەی عەرەب:

- 92 هەزار خێزانی عەرەب لە پارێزگای هەولێرن
- 90%ی ئەوانەی بەدوای خانووی کرێدا دەگەڕێن عەرەبن
- لە 10 ساڵی ڕابردوودا 256 هەزار خانوو لە هەولێر دروستکراون
- مۆڵەت بە دروستکردنی 78 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون دراوە

## بەهۆی نەبوونی شوێنی کۆگاکردن

# 400 هەزار تۆن گەنم لەدەرەوەی سایلۆکان دەمێنێتەوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە وەکالەت، پێشبینی دەکات ئەمساڵیش هاوشێوەی ساڵی ڕابردوو بەهۆی زۆریی بەرهەم و نەبوونی شوێنی کۆگاکردن، بڕە دانەوێڵەیەکی زۆر لە دەرەوەی سایلۆکان بمێنێتەوە. بەڵام دەڵێت ناهێڵن ئەم دانەوێڵەیە بفەوتێ.

ساڵانە لە یەکی حوزەیرانەوە دەرگای سایلۆکانی کوردستان بەڕووی بەرهەمی جوتیاراندا دەکرایەوە، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی مەترسیی ئاگرکەوتنەوە، لە 15ی ئەم مانگەوە دەستیان کردووە بە وەرگرتنی گەنمی جوتیاران، وا بڕیاریشە لەسەرەتای مانگی داهاتوودا، سایلۆکانی سلێمانی و دهۆک دەست بەوەرگرتنی گەنمی جوتیاران بکەن.

بەگوێرەی ئەو پێشبینیانەی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگاکان بۆ بەرهەمی گەنمی ئەمساڵ دراوەتە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، بڕی بەرهەمی ئەمساڵ دەگاتە ملیۆنێک و 377 هەزار و 329 تۆن. ئەمە لەکاتێکدایە بڕی بەرهەمی ساڵی ڕابردوو 745 هەزار و 421 تۆن گەنم بوو.

فاروق عەلی، بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و پەسەندکردنی بنەتۆو لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، پێشبینی دەکات بەرهەمی گەنمی ئەمساڵ بگاتە 930 هەزار تۆن. ئەو گوتی "بەرهەمی گەنمی ئەمساڵی پارێزگای هەولێر زۆر باشە و دەگاتە 400 هەزار تۆن، بەڵام ناگاتە ئەو بڕەی کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر پێشبینی کردووە".

لە هەرێمی کوردستاندا 7 سایلۆی گۆکاکردنی دانەوێڵە هەیە کە توانای کۆگاکردنی 385 هەزار تۆن دانەوێڵەیان هەیە (سایلۆی هەولێر 60 هەزار تۆن، مەخمور 100 هەزار تۆن، فایدە 30 هەزار تۆن، شێخان 60 هەزار تۆن، زاخۆ 15 هەزار تۆن، پیرەمەگروون 80 هەزار تۆن و سایلۆی سەیدسادق 40 هەزار تۆن). ئەم توانایەش لەگەڵ بڕی بەرهەمی جوتیاران یەکناگرێتەوە، بۆیە ساڵانە بەشێک لە گەنم لە سایلۆکان بەهۆی بارانەوە تەڕ دەبێت.

ساڵی ڕابردوو لە سایلۆکانی کوردستان 745 هەزار و 421 تۆن (لە هەولێر 284 هەزار تۆن، سلێمانی 222 هەزار تۆن، دهۆک 238 هەزار تۆن) گەنم لە جوتیاران وەرگیرا، بەڵام بەهۆی کەمیی سایلۆ و نەبوونی شوێن و گرفتی گواستنەوەی بۆ پارێزگاکانی خوارووی عێراق بەشێکی زۆری گەنمەکە لە گۆڕەپانەکانی سایلۆکان هەڵگیران، بەم هۆیەشەوە بەهۆی باران نزیکەی هەزار و 500 تۆن گەنم لە هەولێر و سلێمانی تەڕبوون.

نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە وەکالەت، دەڵێت "لەم بڕە گەنمەی ساڵی ڕابردوو وەرگیراوە، بڕی 582 هەزار و 893 تۆن بۆ دابینکردنی بەشە ئاردی هاووڵاتیان دراوەتە ئاشەکان. 44 هەزار و 394 تۆنیش لە سایلۆی سلێمانی ڕەوانەی خوارووی عێراق کراوە، بۆیە ئێستا تەنیا 111 هەزار و 700 تۆن لە سایلۆکانی هەولێر و 76 هەزار تۆن گەنمیش لە سایلۆکانی دهۆک ماون".

بە گوێرەی ئەو ئامارەی لە سایلۆی پارێزگاکانەوە بۆ وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی نێردراوە، سەرجەم سایلۆکانی کوردستان توانای وەرگرتنی 426 هەزار تۆن گەنمیان هەیە، هەروەها 32 پەنکەریش لە پارێزگاکان دانراون کە 100 هەزار تۆن گەنم دەگرن. بەڵام نەوزاد ئەدهەم دەڵێت "هێشتا گرفتمان دەبێت و نزیکەی 404 هەزار تۆن لە دەرەوەی کۆگای سایلۆکان دەمێنێتەوە".

پلانی وەرگرتنی گەنم و دابینکردنی پارەکەی لە ئەستۆی حکومەتی ناوەندییە، بەڵام نەوزاد ئەدهەم دەڵێت" تاوەکو بۆمان بکرێت گەنمی کوردستان هەناردەی باشووری عێراق ناکەین، بەڵام ئەگەر مەترسی تەڕبوونی لەسەربێ و ئەوانیش پێویستیان بوو، ئەوا بۆیان ڕەوانە دەکەین، لەکاتی پێویستیش لێیان وەردەگرینەوە".



■ (فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

### 38%ی پارەکەیان وەرنەگرتووە

هاوشێوەی ساڵی ڕابردوو، ئەمساڵیش وەزارەتی بازرگانیی عێراق ڕەزامەندی لەسەر هەمان نرخی وەرگرتنی گەنم دا کە بۆ تۆنێک گەنمی پلە یەک 792 هەزار دینار، پلە دوو 682 هەزار دینار و گەنمی پلەی سێ 572 هەزار دینارە، بەڵام تاوەکو ئێستا 38%ی پارەی ساڵی ڕابردووی جووتیارانی کوردستان لای بەغدا ماوە.

بەپێی ئەو داتایەی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی کوردستان دەست (ڕووداو) کەوتووە، کۆی داهاتی گەنمی جوتیارانی کوردستان لە ساڵی ڕابردوودا 513 ملیار و883 ملیۆن و 618 هەزار دینار بووە، بەڵام حکومەتی عێراق تاوەکو ئێستا تەنیا 317 ملیار و 528 ملیۆن و 80 هەزار دیناری بۆ جوتیاران خەرج کردووە و 197 ملیار و 355 ملیۆن و 438 هەزار دینار ماوە.

بەهۆی دواکەوتنی پارەکە و گرفتی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان، بەشێک لەجوتیاران ترسیان هەیە پارەکەیان بفەوتێ.

فەرهەنگ خالد سەعید، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، دەڵێت "لەڕووی یاساییەوە ئەم پارە قەرزێکە لە ئەستۆی وەزارەتی بازرگانیی عێراقە، بۆیە هەر دەبێت ئەو قەرزە بدرێت".

دوای تەڕبوونی نزیکەی 1000 تۆن گەنم لە سلێمانی و 500 تۆن گەنم لە هەولێر، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بڕیای دا لە ڕێگەی ئەو پارەیەی لە فرۆشتنی کەپەکی ئارد دەستی دەکەوێ، 32 پەنکەر (لەودە)ی هاوچەرخ لە پارێزگاکان دروستبکات، بەڵام تاوەکو ئێستا جێبەجێ نەکراوە.

فەرهەنگ خالد گوتی "تەندەری دروستکردنی پەنکەرەکان بۆ سێ کۆمپانیا دەرچووە، لەکۆتایی ئەم مانگەدا دەستپێدەکەن و لە ماوەی 75 ڕۆژدا دەبێ تەواوی بکەن".

# داوای داڵدەدانی نیو ملیۆن ئاوارەی ئەنبار لە کوردستان دەکرێ

**پەرلەمانتارێکی کورد: بەغدا بۆ 1.7 ملیۆن ئاوارە تەنیا 3 فەرمانبەری ناردووەتە کوردستان**

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

ژمارەی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە ملیۆنێک و 700 هەزار کەس. بەرپرسانی ئەنباریش داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن رێگە بۆ هاتنی 500 هەزار ئاوارە بکەنەوە کە بەهۆی داگیرکردنی شارەکەوە هەڵاتوون و بەرپرسانی بەغدا رێگەی چوونە ژوورەوەیان پێنادەن، بەڵام پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا هۆشداری دەدەنە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەڵێن نابێت رێگە بە هاتنیان بدات.

ئەندامێکی لیژنەی کۆچ و کۆچبەران لە پەرلەمانی عێراق، پشتیوانی ئەو داخوازییانە ناکات کە زیاتر لە هەموویان پەرلەمانتارانی سوننە لە پەرلەمانی عێراق دەیجوڵێنن، ئەویش کردنەوەی دەروازەیەکی سەلامەت و دەستەبەرکردنی هۆیەکانی گواستنەوەی خێران بۆ ئەوەی ئاوارەکانی ئەو پارێزگایە بگەنە هەرێمی کوردستان "ئەی بەغدا ناپرسێ حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن بەخێویان بکات؟".

موحسین عوسمان، ئەندامی لیژنەی کۆچ و کۆچبەران لە پەرلەمانی عێراق پێیوایە بە وەرگرتنی ئەو ئاوارانە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە ژێر بارێکی قورس و دژوارییەکانی قەیرانی دارایی لەسەر هەرێمی کوردستان زۆرتر دەکات.

بۆیە داوا دەکات کاتێک بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان داواکاری لەو جۆرەیان دەخرێتە بەردەم، ئەنجامەکانی لەبەرچاو بگرن. ئەو گوتی کە "باشترە بەغدا خۆی کەمپیان بۆ دروست بکات".

هێشتا لیژنەی لێکۆڵینەوە لە شکستی ساڵێک لەوەوبەری سوپای عێراق لە پارێزگای نەینەوا کۆتایی بە کارەکانی نەهێنابوو، کە هەمان دیمەن لە پارێزگای ئەنبار دووبارە بووەوە. بەوهۆیەشەوە زیاتر لە نیو ملیۆن کەس لە دەرەوەی پارێزگای ئەنبارن و نە رێگای چوونە نێو بەغدایان پێدەدرێت و نە دەستیان دەگاتە هەرێمی کوردستان.

نووسراوێکی فەرمی کە واژووی سوهەیب ئیسماعیل، پارێزگاری ئەنباری بەسەرەوەیە، رۆژی 22ی ئەم مانگە ئاراستەی نووسینگەی حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق کراوە و تێیدا داوای رێگاخۆشکردن بۆ ئاوارەکان دەکات بۆ ئەوەی بگەنە هەرێمی کوردستان. بەڵام سەرۆک وەزیرانی عێراق پێش ئەوەی وەڵامی داواکارییەکەی پارێزگار بداتەوە، لە دۆخی تەنگەتاوی هەرێمی کوردستان تێدەگات کە وێڕای ئەو قەیرانە داراییەی تێیکەوتووە، ملیۆن و نیوێک ئاوارەی جەنگیشی پەناداوە.

پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا هاوڕان لەسەر ئەوەی کە چیدی باوەش بۆ ئاوارەی زیاتر نەکرێتەوە لەلایەن کوردستانەوە. مەسعود حەیدەر، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە لیستی گۆڕان، دەڵێ نوێنەرانی پارێزگای ئەنبار لە هەوڵی ئەوەدان ئاوارەکان رەوانەی کوردستان بکەن. گوتیشی "لیژنەی مافی مرۆڤ لەگەڵ جێگری سەرۆکی پەرلەمان کۆبوونەتەوە و دەیانەوێ وەک هەنگاوی یەکەم سەردانی ئاوارەکان بکەن".

ناوبراو دەڵێ هەرێمی کوردستان پارەی مووچەی فەرمانبەرانی خۆی لە بەغداوە بەدەست ناگات، "بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی ئاوارەکانیش ساڵانە پێویستی بە ملیارێک و 400 ملیۆن دۆلار هەیە و دەبێ ئەو پارەیەش هەرخۆی لەسەر ئەرکی خۆی دابینی بکات، ئەگەر نیو ملیۆن ئاوارەی ئەنباریش بێنە کوردستان، بارەکە ئەوەندەی دیکە گران دەبێ".

وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق دەڵێ "گواستنەوەی ئاوارەکان بۆ هەرێمی کوردستان پەیوەندی بە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە نەک ئەوەی ئاوارەکان خۆیان کوێیان دەوێ". د.دەرباز محەممەد گوتیشی "لەناوچەی ئەبوغرێب و چەند ناوچەیەکی دیکە خێمەمان بۆ ئاوارەکان دابین کردووە و ئەوەی پێویست بووە کردوومانە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، وێڕای خەمساردیی حکومەتی عێراق لەئاست کێشەی ئاوارەکانی شەڕ، لەو پارە کەمەشی کە بۆ ئاوارەکانی دابین کردووە کەموکورتیی هەبووە و وەک پێویست نەگەیشتووەتە دەستی ئاوارەکان، بەڵام وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق، باسی دروستکردنی کارتی زیرەک دەکات تاوەکو لەرێگەی ئەو کارتەوە پارە بگاتە دەستی ئاوارەکان "رۆژانە 3 هەزار کارتی زیرەک دروست دەکەین و دەتوانن لە رێگای ئەو کارتەوە بڕی ملیۆنێک دینار لە بانک وەربگرن".

پەرلەمانتارێکی پارتی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ "ئەگەر بەغدا ئامادەبێ پارە بداتە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بۆ ئاوارەکانی خەرج بکات، ئێمە لاریمان نییە لەوەی ئاوارەکانی ئەنبار وەربگیرێن". حاکم سەرحان هەروەها دەڵێ "تەنیا مەرجی ئێمە ئەوەیە بەغدا پارەیان بۆ خەرج بکات".

بەپێی ئامارەکان، ئێستا نزیکەی ملیۆنێک و 700 هەزار ئاوارە لە هەرێمی کوردستانن، بەڵام بەغدا تاوەکو ئێستا هاوکاریی ئەو ئاوارانەی نەکردووە.

موحسین عوسمان، ئەندامی لیژنەی کۆچ و کۆچبەران لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ بەدواداچوونی تەواومان کردووە "بەغدا تاوەکو ئێستا فلسێکی خەرج نەکردووە تاوەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان خزمەتگوزارییەکانی کارەبا و رێگاوبان و تەندروستی و خوێندن و پێداویستی ئاوارەکانی پێ دابین بکات". گوتیشی "تەنانەت بۆ یەک ملیۆن و 700 هەزار ئاوارە، تەنیا 3 کارمەندی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی ناردووە".



(فۆتۆ: AFP)

# پزیشکێک دەیەوێ شۆکی دەروونیی ژنانی ئێزدی چارەسەر بکات

**"پێیانده‌ڵێم پێویستە شانازی بەخۆتانەوە بکەن کە توانیوتانە لەسەر ئاینی خۆتان بمێننەوە"**

یودیت نیورینک
ڕووداو- دهۆک

لە دامەزراوەی تەندروستیی ژیان لە کامپی خانکێ چەند کورسییەک بە بەتاڵی ماونەتەوە بۆ ئەو ئێزدیانەی کە لە پارێزگای دهۆک دەژین. ژنانی ئێزدی تەمەن جیاواز لە ژووری چاوەڕوانی دامەزراوەکە چاوەڕوانی چارەسەرکردنن. هەندێکیان منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیان هێناوە و لەسەر کۆشیان دایانناون.

هەموو رۆژێک دکتۆرەکانی ئەو سەنتەرە تەندروستییە نزیکەی 50 نەخۆش دەبینن. زۆربەی نەخۆشەکان نەخۆشیی سادە و هەوکردنی ئاساییان هەیە کە زۆرینەی لە ئەنجامی کەمیی پاکوخاوێنی ئەو کامپەوە دێت کە نزیکەی 30 هەزار ئێزدی تێدا دەژین، دوای ئەوەی لە ناوچەکانی خۆیان لە جەنگی داعش هەڵهاتن لە ساڵی رابردوودا.

یەکێک لە پیاوەکان بە جلوبەرگە کوردیەکەیەوە رێگەی لای دکتۆرێکی ئافرەتی نیشاندرا. ئەو پیاوە کێشەی گوێ و بیستنی هەبوو. مێزی دکتۆریش بە کارتۆنی دەرمان و دەرزی داپۆشرابوو.

خزمەتگوزاریی تەندروستی ئەم سەنتەرە تەندروستییە سەرنجی ئەو ئافرەتانە بۆ خۆی رادەکێشێ کە لە چنگی چەکدارەکانی داعش رزگاریان بووە. لە سەنتەرەکەدا هاوکاریی دەروونی پێشکەشی ئەوانە دەکرێت بۆ ئەوەی زاڵ بن بەسەر ئەو تراما و سەختیەی کە رووبەڕووی بوونەتەوە. لەم سەنتەرە د.واحید هورمز، دکتۆری سەرەکی نەخۆشییە دەروونیەکانە.

"ئازاری بچوکیان هەیە. شارەزایی من لە بواری ناسینەوە و دەستنیشانکردنی کێشە سایکۆسۆماتیکەکانە. زۆرجار ئازارەکە لە گەدە و کۆڵۆن خۆی دەردەخات. دانیشتن دوای دانیشتن زیاتر شتم بۆ دەردەکەوێت دەربارەی ئەو نەخۆشانە" د.واحید وا دەڵێت.

ئێستا 10 کەس چارەسەری دەروونی وەردەگرن و زۆر کەسی دیکەش هەن کە پێویستیان بە چارەسەرە. بەڵام دکتۆر واحید دەڵێت شەرم و ترس زۆر لە ئافرەتەکان لە چارەسەر دووردەخاتەوە. ئەو دەستی کردووە بە رێکخستنی کۆبوونەوە بۆ ئافرەتان و لە کۆبوونەوەکاندا باس لە کارەکانی خۆی دەکات و پێیان دەڵێت "هەرکەس دەیەوێت دەربارەی کێشەیەکی شەخسی خۆی قسە بکات، دەتوانێت بەتەنیا لەگەڵ من و لە ژوورێکی داخراودا باسی بکات".

بەدەم چوونە ژوورەوە بۆ یەکێک لە ژووری چارەسەرەکان، دکتۆرواحید گوتی کۆبوونەوەکان ئەنجامیان هەبووە. لە ژووری چارەسەرەکەدا، دوو کچی لاوی خوشکی یەکتر لەگەڵ یەکێک لە هاوکارەکانی دکتۆر واحید دانیشتبوون و تازە دەستیان بە پرۆسەی وەرگرتنی چارەسەر کردبوو. یەکێک لە کچە لاوەکان لە چنگی داعش هەڵهاتبوو، خوشکەکەی کە لەو منداڵتر بوو باسی دۆخەکەی دەکرد.

د.واحید دەڵێت "من 20 دانیشتن لەگەڵ نەخۆشەکان ئەنجامدەدەم. پاش ئەوە کە دەبینم دۆخیان باشترە، هەست دەکەم کارێکی باشم کردووە، هەوڵدەدەم بیرکردنەوەیان بگۆڕم: پێیانده‌ڵێم تۆ ناتوانی بگۆڕێی، بەڵام دەتوانی تەبەنی بکەی. لەم کامپەدا تەنیا چەند شتێکی سنووردار دەکرێت. لەبەرئەوە دەبێت خۆت لەسەرئەوە رابێنی کە ناکرێ هەموو شتێکت هەبێ".

د.واحید دکتۆرای لە بواری نەخۆشیی دەروونی لە سوید وەرگرتووە و پێشتر لە زانکۆی دهۆک مامۆستا بووە، سەرەڕای ئەوانەش ئەو ئەزموونی شەخسی خۆی بۆچارەسەری نەخۆشەکانی بەکاردێنێ. د.واحید پێنج ساڵی لە زیندانی ئەبوغرێب بەسەر بردووە.

"پێیان دەڵێم من خۆم وەکو زیندانییەک ترسی ئەوەم هەبوو کە دەستدرێژیم بکرێتە سەر. پێیانده‌ڵێم نرخی مرۆڤ لە یەک بەشی جەستەی مرۆڤدا نییە. مرۆڤبوون بیر و هۆشە. پێیان دەڵێم ئەوەی روویدا قبوڵی بکە کە روویداوە. پێیانده‌ڵێم پێویستە شانازی بەخۆتانەوە بکەن، چونکە توانیوتانە لەسەر ئاینەکەی خۆتان بمێننەوە".

د.واحید دەڵێت، ئەو حەز دەکات هەموو ئەندامانی خێزانی قوربانییەکە پێکەوە چارەسەر بکات "تراما دەکەوێتە سەر کەسەکە خۆی و کەلتوور و کۆمەڵگە. پەیوەندی بەو شتانەوە هەیە کە خەڵک بیری لێ دەکەنەوە، ئەو شتانەی کە بەلای خەڵکییەوە شەرمن".

د.واحید یەکێکە لەو دوازدە سایکۆلۆجیستەی کە لە کوردستاندا هەن و ئەرکی چارەسەرکردنی هەزارەها ئێزدییان لەسەر شانە، ئەوانەی کە بە بارودۆخی تراماییدا تێپەڕیون. لەبەر نەبوونی شارەزای ئەو بوارە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەڵمانیا کار لەسەر ئەوە دەکات کە 1000 ئافرەت رەوانەی ئەو وڵاتە بکات بۆ چارەسەر.

بەڵام د.واحید ئەو پرۆژەیەی بەلاوە پەسەند نییە "زۆربەیان دەیانەوێت لە ئەڵمانیا بمێننەوە. مەبەستەکە ئەوەیە نەک چارەسەر".

دامەزراوەی ژیان کار لەسەر ئەوە دەکات کە سەنتەرێکی تایبەتی چارەسەر بۆ ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە، تێیدا بتوانێت چارەسەری 90 نەخۆش بکات لە هەمان کاتدا. چارەسەری نەخۆش لە سێ بۆ شەش مانگ دەخایەنێت، بە وتەی دکتۆر سەلاح ئەحمەد، سەرۆکی دامەزراوەی ژیان.

لە کاتێکدا کە دکتۆر سەلاح تەماشای بینا ناتەواوەکەی دامەزراوەی ژیان دەکات لە هەولێر، دەڵێت هێشتا پێویستیان بە هەندێک فەند هەیە بۆ سەنتەرە تایبەتە دەروونییەکە. هەر وەکو د.واحید، دکتۆر سەلاحیش پێیوایە ناردنی نەخۆشی دەروونی بۆ دەرەوە کارێکی باش نییە.

"کاتێک کە ئافرەتێک ئەم کێشە قوڵانەی هەیە و تەنیا کوردی قسە دەکات و لە کلتورە سادەکەی خۆی دەیبەیتە دەرێ و تێکەڵی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنی دەکەیت، ناتوانێت لە خەڵک و کلتوری ئەو وڵاتە تێ بگات" دکتۆر سەلاح وا دەڵێت.

دکتۆر سەلاح هەروەها دەڵێت کە نرخی چارەسەرکردنی یەک نەخۆش پێنج قات زیاترە لە دەرەوە، وەکو لە سەنتەرێکی چارەسەری لە کوردستان.

لە پرۆژەیەکی تایبەتدا لەگەڵ ئەڵمانیا، بیست دەروونناسی کوردستان مەشق و راهێنانیان پێکراوە "ئەگەر مەشق بە دکتۆرەکان بکەین لێرە، ئەوە زیاتر خزمەتی ئەم وڵاتە دەکات وەکو لەوەی کە هەزار نەخۆش ببەیتە دەرەوە".

دکتۆر سەلاح دەڵێت لە ئەنجامی کارەکانی سەدام حوسێنەوە لە دژی کورد و چەندین ساڵ شەڕ و جەنگ، ئافرەتانی ئێزدی تەنیا گرووپ نین کە پێویستیان بە چارەسەری دەروونی هەیە "هەزارەها نەخۆشی دەروونیمان هەیە، تەنیا ئەو چەند کەسە نین. ئەم کۆمەڵگەیە بە گشتی تووشی تراما بووە. دەبێت بۆ چەندین ساڵی داهاتوو کاری لەسەر بکەین. بە 10 ساڵی دیکەش ئەمە کۆتایی نایەت".



(فۆتۆ: سێڤان محەمەد سەلیم)

# پەرلەمانتارێکی کورد شکست بە بانگهێشتکردنی مالیکی دێنێ

## پەرلەمانتارێکی یەکێتی:
## وروووژاندنی پرسی بانگهێشتکردنی بارزانی فشاری دەوڵەتی یاسایە



**مەحموود یاسین کوردی**
**رووداو- هەولێر**

لیژنەی بەدواداچوونی کەوتنی مووسڵ کۆتایی بەکارەکانی دەهێنێ و سەرقاڵی نووسینەوەی راپۆرتەکەن تاوەکو بیدەنە سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق. ئەندامێکی کوردی نێو لێژنەکەش شکست بە بانگهێشتکردنی مالیکی دێنێ کە بە تۆمەتبارێکی سەرەکیی ئەو شکستە دادەنرێ.

پەرلەمانی عێراق رۆژی 2014/11/15 لیژنەیەکی 25 کەسی لە ئەندامانی هەردوو لیژنەکانی ئاسایش و بەرگری و پەرلەمانتارانی پارێزگای نەینەوا بە سەرۆکایەتی حاکم زاملی پێکهێنا، ئەوەش بۆ لێکۆڵینەوە لە رووداوی داگیرکردنی مووسڵ لەلایەن رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامییەوە لە 10ی حوزەیرانی ساڵی رابردوودا.

لیژنەکە جگە لە لێکۆڵینەوە لەگەڵ چەندین بەرپرسی حکومی و سەربازیی مووسڵ، لێکۆڵینەوەی لەگەڵ هەریەک لە عەلی غێدان، فەرماندەی پێشووی هێزە زەمینییەکان، عەبود قەنبەر، فەرماندەی پێشووی پرۆسە هاوبەشەکان، مەهدی غەڕاوی فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی نەینەوا، فارووق ئەعرەجی، بەڕێوەبەری نووسینگەی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق و ئەسیل نوجێفی، پارێزگاری نەینەوا کردووە.

### تەنیا لەسەر مالیکی ماون

شاخەوان عەبدوڵلا، بڕیاردەری لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کەوتنی مووسڵ بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێمە زۆربەی کارەکانمان تەواو کردووە، تاوەکو ئێستا لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ 100 کەس کردووە، ئەگەر وەڵامی نووری مالیکی، جێگری سەرۆک کۆمارمان بەدەست بگات، هەفتەی داهاتوو راپۆرتی کۆتایی پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، ئەگەرنا راپۆرتەکە دەکەوێتە مانگی حەوت".

نووری مالیکی، جێگری سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق بە سیفەتی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان لەلایەن لیژنەی بەدواداچوونی کەوتنی مووسڵ پرسیاری ئاراستە کراوە، ئەمەش دوای ئەوەی لیژنەکە بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری دا مالیکی بانگهێشتی لیژنەکە نەکرێ، بەڵکو بەشێوەی نووسین پرسیاری ئاراستە بکات.

### بەدەنگی کوردێک شکستی هێنا

شاخەوان عەبدوڵلا، نهێنیی بانگهێشت نەکردنی مالیکی ئاشکرا دەکات و دەڵێ "رۆژی 14ی ئایاری 2015 داوایەکم بۆ بانگهێشتکردنی مالیکی، پێشکەشی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کەوتنی مووسڵ کرد، ئەوە بوو رۆژی 20ی ئایار خرایە دەنگدانەوە، بەداخەوە لە بەرامبەر یەک دەنگ نەمانتوانی بڕیاری بانگهێشتکردنی مالیکی بدەین، چونکە پەرلەمانتارێکی کوردی سەر بە لایەنێکی کوردستانی دەنگی بە بانگهێشتکردنی مالیکی نەدا".

لەکۆی 25 ئەندامەکەی ئەو لیژنەیە، لە کۆبوونەوەکەی ئەو رۆژەدا 19 ئەندام ئامادەبوون کە 10 کەسیان بە نەخێر دەنگیان دا و 8 ئەندامیش بە بەڵێ. یەکێک لە ئەندامانیش کە کورد بوو، لەکاتی دەنگداندا هۆڵەکەی بەجێهێشت.

شاخەوان عەبدوڵلا ئامادە نەبوو ناوی ئەو پەرلەمانتارە کوردە ئاشکرا بکات کە دەنگی بۆ بانگهێشتکردنی مالیکی نەدا، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) حەوت پەرلەمانتاری کورد ئەندامی لیژنەی لێکۆڵینەوەن لە کەوتنی مووسڵ (پەرلەمانتارێکی گۆڕان، پەرلەمانتارێکی یەکێتی و 5 پەرلەمانتاری پارتی). ئەو رۆژەی بانگهێشتکردنی مالیکی خراوەتە دەنگدان، هۆشیار عەبدوڵلا، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق لەو کۆبوونەوەیەدا نەبووە.

هۆشیار عەبدوڵلا بە (رووداو)ی گوت "من لەو کۆبوونەوەیەدا نەبووم، کاتێک پرسی بانگهێشتکردنی مالیکی خرابووە دەنگدان".

فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش تەنیا یەک ئەندامی لە لیژنەکەی لێکۆڵینەوە لە کەوتنی مووسڵ هەیە، ئەویش ناوی عەبدولعەزیز حەسەنە و نوێنەری پارێزگای دیالەیە.

### بارزانی بانگ دەکەن؟

لە بەرامبەر هەوڵدان بۆ بانگهێشتکردنی نووری مالیکی، سێ پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا پرسی بانگهێشتکردنی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان وروووژاندووە.

د.رێبوار تەها، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند "سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کەوتنی مووسڵ بەرپرسیار نییە تاوەکو لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت. بەپێی دەستووری عێراق سەرۆک وەزیران فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان و بەرپرسیارە لە هەموو شکستێکی سەربازی، بەو پێیەش نووری مالیکی خۆی بەرپرسیاری یەکەمە نەک مەسعود بارزانی".

د.رێبوار تەها هەروەها گوتی "بارزانی لە چوارچێوەی سنووری هەرێمی کوردستان بەرپرسیارە، بۆیە ئەم هەوڵەی دەوڵەتی یاسا بۆ فشارخستنە سەر کورد و لایەنەکانە تا مالیکی بانگهێشتی لیژنەکە نەکرێت".

هەروەها شاخەوان عەبدوڵلا، بڕیاردەی لیژنەکە گوتی "دەبێ مالیکی و عێراقییەکان سوپاسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەن کە هۆشداریی کەوتنی مووسڵی دا و ئامادەی ناردنی هێزی پێشمەرگە بوو، بەڵام مالیکی گوێی پێنەدا تاوەکو مووسڵ کەوتە دەستی داعش".

## مووچەکەشی بۆ نێردراوە

# ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا ساڵێکە لەناو مووسڵە

**ناسر نهێلی**
**رووداو- دهۆک**

لە سەرەتای رووداوەکانی مووسڵ و هەتاوەکو ئێستا ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا لەناو شاری مووسڵ ماوەتەوە، سەرچاوەیەک دەڵێت تاوەکو ماوەیەک لەمەوبەریش مووچەکەی بۆ دەنێردرایە مووسڵ، بەڵام سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا دەڵێت "مووچەکەمان بڕیوە و فەسڵمان کردووە".

لەگەڵ هاتنی داعش بۆ پارێزگای نەینەوا، جگە لە ئەندامێکی ئەنجوومەن نەبێت، ئەوانی دیکە شاری مووسڵیان جێهێشت و بەشێکیان روویان لە هەرێمی کوردستان کرد و هەندێکیشیان لە دەرەوەی وڵاتن. بەڵام رەجیف حوسێن کە ئەندامی ئەنجوومەنەکەیە و عەرەبی سوننەیە، لە مووسڵ ماوەتەوە و مانگانەش مووچەی بۆ چووە.

سەرچاوەیەک لە ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بە (رووداو)ی گوت "دوای ئەوەی داعش مووسڵی داگیرکرد، ئەم ئەندامەی ئەنجوومەن لە مووسڵ مایەوە. لەبەرئەوەی بە ناڕاستەوخۆ هاوکاریی داعشی دەکرد، بۆیە داعش هیچی لێنەکرد".

ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ئاشکرای کرد "تاوەکو ماوەیەک لەمەوبەریش وەکو فەرمانبەرەکانی دیکەی مووسڵ مووچەکەی بۆ دەنێردرا".

دوای ئەوەی داعش مووسڵی داگیرکرد، ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرانی فەرمانگەکانی شاری مووسڵ لە شارەکە مانەوە و زۆربەیان بەیعەتیان بە خەلیفەکەی داعش دا و گەڕانەوە سەر کارەکانیان.




ئیدارەی پارێزگای نەینەوا 7000 فەرمانبەری هەیە و بەپێی زانیاریی (رووداو)، ئێستا 3000 لەو فەرمانبەرانە لە ئیدارەی پارێزگاکە لە شاری دهۆک کار دەکەن و ئەوانی دیکە مووسڵیان جێنەهێشتووە.

بەپێی زانیارییەکانی جێگری پارێزگاری مووسڵ کە پێشتر بە (رووداو)ی دابوو، مانگانە نزیکەی دوو ترلیۆن دینار بۆ مووچەی فەرمانبەران لە بەغداوە دەنێردرێت بۆ مووسڵ، داعشیش بەشێک لەو پارەیە بۆ خۆی دەگێڕێتەوە.

بەشار کیکی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا پشتڕاستی کردەوە کە ئەو ئەندامەی ئەنجوومەن تاوەکو ئێستا لە نێو شاری مووسڵ ماوە و گوتی "راستە ئەو ئەندامەمان هەر لەوێیە، بەڵام سەبارەت بە پێدانی مووچە تەنیا یەک دوو مانگی سەرەتا مووچەکەمان بۆ نارد، دوای ئەو دوو مانگە فەسڵمان کرد و چیدی مووچەی بۆ نەچووە".

بەشار کیکی روونیکردەوە کە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی پارێزگا، هەر ئەندامێکی ئەنجوومەن بەبێ هیچ هۆیەک لە چوار کۆبوونەوەی ئەنجوومەن ئامادە نەبێت، ئەوا فەسڵ دەکرێت.

رۆژی 10ی مانگی داهاتوو ساڵێک تێپەڕ دەبێت بەسەر داگیرکردنی شاری مووسڵ لەلایەن داعشەوە.

خزمێکی نزیکی ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پارێزگا کە ئێستا لە شاری دهۆکە، دەڵێت "سەرەتا لە رێگەی تەلەفۆنەوە ئاگام لێبوو، ئەو خۆی بڕیاری دابوو لە مووسڵ بمێنێتەوە، نەک لەبەر ئەوەی نەیتوانی هەڵبێت".

ئەحمەد یوسف، قایمقامی قەزای بەعاج کە خزمێکی نزیکی رەجیف حوسێنە، بە (رووداو)ی گوت "ئاگاداربووین سەرەتا مووچەکەی بۆ دەنێردرا، بەڵام دواتر زانیاریمان پێگەیشت کە لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە لەلایەن داعشەوە دەستگیرکراوە، ئێستاش هیچ هەواڵێکی نازانین".

سەبارەت بە چارەنووسی ژن و منداڵەکانی رەجیف، قایمقامی قەزای بەعاج گوتی "تاوەکو هێڵی تەلەفۆن لە مووسڵ هەبوو، زانیاریمان هەبوو کە چووبوونە نزیک شاری رومادی، بەڵام ئێستا نازانین لە کوێن".

# پۆستەکەی نوجێفی لەژێر مەترسیدایە



**عوبەید رەشاڤایی**
**رووداو- دهۆک**

چەند ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا داوا لە حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق دەکەن ئەسیل نوجێفی پارێزگاری نەینەوا لە پۆستەکەی لابدات. عەبادیش نامەکەی گەیاندووەتە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەران و بەم نزیکانەش دەخرێتە دەنگدانەوە. پەرلەمانتارێکی کورد ئاشکرای دەکات ئەگەر پرسەکە بخرێتە دەنگدانەوە مەترسی لەسەر پۆستەکەی نوجێفی دروست دەبێت.

سێ مانگ لەمەوبەر 23 ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا نامەیەکیان ئاراستەی عەبادی کرد بۆ گۆڕینی پارێزگارەکەیان. بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) حەیدەر عەبادی بە داواکاریی ئەو ئەندامانە رازی بووە و بەرزی کردووەتەوە بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران.

بەشار کیکی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا نەیشاردەوە کە هەوڵێکی لەو جۆرە هەبووە و گوتی "دیارە دواتر هەندێک لەو ئەندامانە پاشگەزبوونەتەوە لە داواکارییەکەیان". بەڵام رێناس جانۆ پەرلەمانتاری کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (رووداو) راگەیاند "ئەو نامەیەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ لەگەڵ نووسراوەکەی عەبادی لە بەردەستی سەرۆکایەتی پەرلەماندایە و چاوەڕێ دەکرێت مانەوە یان لادانی نوجێفی بخرێتە دەنگدانەوە".

جانۆ نەیشاردەوە ئەگەر پرسەکە بخرێتە دەنگدانەوە، مەترسی لەسەر پۆستی نوجێفی دروست دەبێت و گوتی "لەو بڕوایەدام تەنیا پەرلەمانتارانی کورد و لەوانەش پەرلەمانتارانی پارتی زیاتر لە هەموویان بەرگری لە نوجێفی بکەن".

بۆچی بەرگری لە ئەسیل نوجێفی دەکەن؟ ئەو پەرلەمانتارەی پارتی گوتی "یەکەم لەبەر ئەوەی مووسڵ ئێستا بێ خەڵک و بێ جوگرافیایە، چۆن هەوڵی لادانی پارێزگارەکەی دەدەی؟ دووەمیش ئەوانەی داوای لادانی نوجێفییان کردووە، بەدیلیان بۆ نوجێفی نییە، بۆیە مانەوەی لە لادانی لە پۆستەکەی باشترە، چونکە دواتر فەوزا دروست دەبێت و کەس نابێت ئەو پۆستە پڕبکاتەوە".

بەشاری کیکی کە دژی لادانی ئەسیل نوجێفییە، گوتی "لەسەر ئەم هەڵوێستەمان ئەسیل نوجێفی سوپاسی کردین". بەشار کیکی روونیکردەوە کە بۆچی دژی لادانی نوجێفییە و گوتی "ئێمە لەم قۆناغەدا لەگەڵ لادانی ئەسیل نوجێفی نین، بۆ بەرژەوەندیی گشتی باشترە ئەم هەوڵە سەرنەگرێت، بە نووسراویش داوامان لە ئەنجوومەنی وەزیران کرد کە لە پۆستەکەی بەردەوام بێت".

ئەسیل نوجێفی، پارێزگاری نەینەوا بە هاوڕێیەتی رافع عیساوی سەردانی ئەمریکای کرد و دوای گەڕانەوەشی لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومی پارێزگای نەینەوا کۆبووەوە.

بەشار کیکی هەندێک زانیاری نێو کۆبوونەوەکەی ئاشکرا کرد و گوتی "نوجێفی لە ئەمریکا باسی ناردنی چەکی کردووە بۆ حەشدی نیشتمانی و پۆلیسی نەینەوا کە ژمارەیان نزیکەی 10 هەزار کەسە، ئەمریکییەکانیش رازی بوون ئەو هێزە پڕچەک بکەن".

# 20 ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی خۆیان کاندید ناکەنەوە

## لە کۆنگرەدا پێشنیاز دەکرێ ناوی ئەمیری کۆمەڵ بکرێتە (پێشەوا یان سەرۆک)

پشتیوان جەمال و بژار حەکیم
رووداو- هەولێر، سلێمانی



پێشنیار دەکرێ لەکۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵی ئیسلامیدا وشەی (ئەمیر) بگۆڕدرێ بۆ (پێشەوا یاخود سەرۆک)، بەڵام لەئێستاوە پۆستی (پێشەوا) لەبونیادی ئەو حیزبەدا لابراوە. ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتیش خۆیان هەڵنابژێرنەوە.

دوای چەندینجار دواخستن، وا بڕیارە رۆژی 2015/5/30 کۆمەڵی ئیسلامی سێیەمین کۆنگرەی خۆی ببەستێ کە سێ رۆژ بەردەوام دەبێ. کۆنگرەکە 760 ئەندامی دەبێت کە 152یان ئافرەتن.

### ژمارەیەک سەرکردایەتی وازدێنن

ئارام قادر، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "ئێستا کۆمەڵی ئیسلامی 31 ئەندامی سەرکردایەتی هەیە، بەڵام تەنیا 11 کەس خۆیان بۆ سەرکردایەتی هەڵبژاردووە کە لە کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵی ئیسلامی دەنگیان لەسەر دەدرێت و 20 کەس لە سەرکردایەتی خۆیان کاندید ناکەنەوە، هاوکات ئەنجوومەنی چاودێری و بەدواداچوون لە کۆی 26 ئەندام تەنیا 3 کەسیان خۆیان کاندید کردووە".

ئارام قادر کە یەکێکە لەوانەی خۆی کاندید ناکاتەوە، هۆکاری وازهێنان و خۆکاندیدنەکردنی ئەو ئەندامانەی سەرکردایەتی و ئەنجوومەنی چاودێریی کۆمەڵی ئیسلامی نەدرکاند و تەنیا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەوە کۆمەڵێک هۆکاری هەیە. هاوکات رەخنەی لە ئەدای کار و بەرنامەی ئێستای کۆمەڵ گرت کە "ناتوانن لەرووی سیاسی و ئابووری و رێکخستنەوە پێشبکەون".

بەڵام هاوژین عومەر، سەرۆکی لیژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵ ئامادە نەبوو ئەو زانیارییە پشتڕاست بکاتەوە و گوتی "دیار نییە کێ خۆی کاندید دەکاتەوە یان نا، چونکە تاوەکو ئێستاش دەرگای خۆکاندیدکردن بۆ بەرپرسانی پێشوو ماوە".

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان کە لە بزووتنەوەی ئیسلامی جیابووەتەوە، لە 2001/5/31 دامەزراوە و تاوەکو ئێستا دوو کۆنگرەی کردووە، لە هەردوو کۆنگرەکەش عەلی باپیر بە ئەمیری کۆمەڵ هەڵبژێردراوە.

### مەکتەبی سیاسی دەکرێتە (ئەنجوومەنی سیاسی)

میکانیزمی هەڵبژاردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەم کۆنگرەیەدا جیاوازە لە کۆنگرەکانی پێشتر، چونکە لە دوو کۆنگرەکەی پێشوودا دوای هەڵبژاردنی ئەندامانی سەرکردایەتی لە کۆنگرەوە، لە یەکەمین کۆبوونەوەیاندا ئەندامانی مەکتەبی سیاسییان هەڵدەبژارد، بەڵام ئەمجارە دوای هەڵبژاردنی ئەندامانی سەرکردایەتی لەنێو کۆنگرە، هەر لەوێشدا ئەندامانی کۆنگرە، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەڵدەبژێرن، بەڵام ئەنجوومەنی سەرکردایەتییان کراوە بە چەند ئەنجوومەنێک.

هاوژین عومەر روونیکردەوە کە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پێکدێت لە کەسی یەکەمی حیزب و مەکتەبی سیاسی، ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی حیزب، ئەنجوومەنی چاودێری. هەروەها گوتی "لە کۆنگرە ناوی مەکتەبی سیاسی دەگۆڕدرێت بۆ ئەنجوومەنی سیاسی".

### پێشەوا نامێنێ و ئەمیر دەکرێتە (پێشەوا یاخود سەرۆک)

ساڵی رابردوو شێخ محەممەد بەرزنجی پێشەوای ئەو حیزبە کۆچی دوایی کرد، بۆیە لەئێستاوە کۆمەڵ بڕیاری داوە بەلابردنی پۆستی (پێشەوا) لە پەیکەربەندیی حیزبەکەیاندا و سێ ناوی نوێش بۆ ناوی پۆستی (ئەمیر) پێشنیار کراوە لەوانە (پێشەوا، سەرۆک و ئەمیر).

### عەلی باپیر رکابەری هەیە؟

هەرچەندە لەم ماوەیەی رابردوودا زۆر بەرپرسی کۆمەڵ لەوانەش دڵشاد گەرمیانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵ لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) گوتبووی عەلی باپیر بەدیلی نییە. بەڵام دواتر عەلی باپیر رایگەیاند تەنیا خودا بەدیلی نییە.

هاوژین عومەر لەبارەی بەدیلی عەلی باپیر گوتی "بەپێی میکانیزم هەموو پۆستێک بە هەڵبژاردن دەکرێت و هەڵبژاردنەکەش نهێنی و راستەوخۆیە".

### بودجەی کۆنگرە ئاشکرا ناکەن

بەو پێیەی هەرێمی کوردستان لەساڵی رابردووەوە لە قەیرانی داراییدایە و قەیرانەکە حیزبەکانی کوردستانیشی گرتووەتەوە و هەر بەو هۆیەشەوە لە ساڵی رابردووەوە کۆمەڵ چەند جارێک بەستنی کۆنگرەکەی دواخست، بەڵام هاوژین عومەر ئامادە نییە بودجەی کۆنگرەکە ئاشکرا بکات و گوتی "لەلایەن مەکتەبی دارایی حیزبەوە بەشێوەی سولفە پارەمان وەرگرتووە و هەوڵیشمانداوە بە کەمترین تێچوو کارەکان بەڕێوە ببەین".

### پێشنیاری هێمای (تەوحید) بۆ ئاڵا و لۆگۆ دەکرێ

ئێستا ئاڵای کۆمەڵی ئیسلامی رەنگی پرتەقاڵییە و بەڕەنگی رەش لەسەری نووسراوە (لا الە اللە محمد رسول اللە) و لە لۆگۆکەشیان نووسراوە (لا الە اللە محمد رسول اللە) و بەدەوریشیدا جگە لە مانگێک، لێشی نووسراوە (کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان- عێراق). بەڵام سێ پێشنیاز بۆ دانانی هێمای (تەوحید) بۆ نێو ئاڵا و لۆگۆکەیان هەیە.

لەو رووەوە هاوژین عومەر گوتی "پێشنیارێک ئەوەیە (لاالە اللە محمد رسول اللە) بکرێتە هێمای تەوحید لە لۆگۆ و ئاڵا، پێشنیاری دووەمیش ئەوەیە وەک ئێستا بمێنێتەوە، پێشنیازی سێیەمیش ئەوەیە ئەو دێڕە لەنێو ئاڵاکەدا وەک خۆی بێت و لە لۆگۆدا بکرێتە هێما".

سەبارەت بە لادانی پاشگری ئیسلامیش لە نێوی حیزب، هاوژین گوتی "لە کۆنگرەدا هیچ قسە و باسێک لەسەر لێکردنەوەی پاشگری ئیسلامی لە کۆمەڵ و گۆڕینی رەنگی ئاڵاکەی ناکرێ".

### هەڵبژاردنی جیاواز بۆ وەزیر و پەرلەمانتاران

لە کۆنفرانسەکانی رابردووی کۆمەڵی ئیسلامیدا پێشنیاز کرا ئەو بەرپرسانەی لە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی کۆمەڵدا پۆستی حکومی و پەرلەمانییان وەرگرتووە، لەکۆنگرەدا خۆیان کاندید نەکەنەوە بۆ سەرکردایەتی، بەڵام ئێستا رایەکە پێچەوانە بووەتەوە و وەک هاوژین عومەر گوتی "ئێستا پێشنیاز هەیە کە ئەندامانی کۆنگرە بە میکانیزمێکی جیاواز هەڵبژاردن بۆ بەرپرسانی حکومی و پەرلەمانتاران بکات بۆ ئەوەی نوێنەریان لە سەرکردایەتیدا هەبێت، بۆیە دەبێت پێش کۆنگرەش مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی لەسەر راسپاردەی کۆنفرانسەکان ئەو پرسە یەکلایی بکەنەوە".

### ژنێک دەچێتە مەکتەبی سیاسی

سەبارەت بە بەشداریی ژنان لە کۆنگرەکەدا و گەیشتنیان بە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی، هاوژین عومەر گوتی "ئێستا لەنێو کۆمەڵی ئیسلامیدا تەنیا ژنێک ئەندامی سەرکردایەتییە، بۆ کۆنگرەش 152 ژن بەشداریی دەکەن، پێدەچێت بە سیستەمی کۆتا نزیکەی 3-4 ژن بچنە سەرکردایەتی و ژنێکیشیان بگاتە مەکتەبی سیاسی".

---

## یاداشتیان ئاراستەکردوون

# بەرپرسانی مەڵبەندەکانی یەکێتی داوای کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی دەکەن

پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی

بەرپرسانی مەڵبەندەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان یاداشتێکیان ئاڕاستەی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی حیزبەکەیان کردووە بۆ ئەوەی پێش ساڵیادی یەکێتی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی بکرێت.

دووشەممەی داهاتوو 1ی حوزەیران، یەکێتی پێدەنێتە (40)مین ساڵی تەمەنییەوە، بەڵام یادکردنەوەکەی ئەمساڵی جیاوازە، لەلایەک بەهۆی بارودۆخی نێوخۆیی و ناکۆکی نێوان جێگرانی سکرتێری گشتی (کۆسرەت رەسوڵ و بەرهەم ساڵح) لەگەڵ (هێرۆ ئیبراهیم- ئەندامی مەکتەبی سیاسی و هاوژینی تاڵەبانی) کە لەماوەی رابردوودا ناکۆکییەکانیان گەیشتە لووتکە، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقیش بەهۆی شەڕی داعشەوە بارودۆخی سیاسی و ئەمنی گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا هاتووە.

بەهۆی کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتییەوە، نزیکەی ساڵ و نیوێکە سەرکردایەتی و زیاتر لە شەش مانگیشە مەکتەبی سیاسی کۆنەبوونەتەوە و ئەوەش وایکردووە یەکێتی لە زۆربەی بڕیارە گرنگ و چارەنووسسازەکاندا نەتوانێت بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) رۆژی 2015/5/21 بەرپرسی مەڵبەندەکان لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵای رێکخستن کۆبوونەتەوە و گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی یاداشتێک ئاڕاستەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی بکەن بۆ ئەوەی پێش ساڵیادی حیزبەکەیان کۆبوونەوە بکەن.

هەرێم کەمال ئاغا، بەرپرسی مەڵبەندی چواری بادینان و بەشداربووی کۆبوونەوەکە بە (رووداو)ی راگەیاند "کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی داواکاری کادیرانی یەکێتییە، بۆ ئەو مەبەستەش یاداشتێک دراوەتە سەرکردایەتی ء مەکتەبی سیاسی".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

هەروەها شێرکۆ میروەیس، بەرپرسی مەڵبەندی هەشتی خانەقینی یەکێتی گوتی لەم کۆبوونەوەیەدا هەڵوەستەی جیددیان لەسەر کێشەکان و ئەو گۆڕانگارییانەش کردووە کە لەسەر ئاستی کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتوونەتەوە کایەوە و گوتی "ئومێد دەکەین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی بکرێ، چونکە هەڤاڵان بەپەرۆشن بۆ پاراستنی یەکڕیزیی یەکێتی".

هەرێم کەمال ئاغا پێیوایە "ئەم ساڵیادە گرنگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی یەکێتی چونکە گۆڕانکاری گەورە لە پێشەوەیە ء پێویستە یادەکەش ببێتە فاکتەری یەکتر قبوڵکردن. کێشەکان لە ماوەی رابردوودا کاریگەری خراپی کردە سەر گەشەکردنی یەکێتی."."

زۆرجار دەگوترێ ئەو کێشانەی بەرۆکی یەکێتییان گرتووە بۆ پڕکردنەوەی کورسییەکەی تاڵەبانییە لەلایەن جێگرانییەوە، بەڵام شێرکۆ میروەیس کێشەکانی یەکێتی زیاتر بەکێشەی "بابەتییانە" ناوبرد نەک "شەخسی" ء گوتی "کێشەکانیش هەر پەیوەندی بەیەکێتییەوە نییە، بەڵکو لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ژیانی حیزبایەتی لە قۆناغی راگوزەردایە". وەکو بەرپرسێکی یەکێتیش داوای لە بەرپرسانی باڵای حیزبەکەی کرد ئەمجارەش دەست بەیەکێتی نێو یەکێتییەوە بگرن.

### "راپۆرتەکانی یەکێتی بەسەرچوون"

لەکۆتایی ساڵی رابردووەوە و بەمەبەستی چارەسەری کێشەکانیان، بڕیاردرا بە دروستکردنی پێنج لیژنە ئەوانیش (پێشمەرگە، دارایی، پەیوەندییەکان، ئاڵوگۆڕ و راگەیاندن) ماوەی زیاتر لە دوو مانگە لیژنەکان راپۆرتی خۆیان بۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتی بەرزکردووەتەوە، بەڵام ئێستا راپۆرتەکان باس ء خواسیان نییە، ئەوەش لە کاتێکدایە کە لەدوای تەواوبوونی راپۆرتەکانەوە، نێوانی هێرۆخان و بەرهەم ساڵح تاڕادەیەکی باش گەرموگوڕی تێکەوتووەتەوە.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە لە نزیکەوە ئاگاداری راپۆرتەکانە بە (رووداو)ی گوت "کاتی قسەکردن لەسەر ئەو راپۆرتانە بەسەرچوون، چونکە ئەوانە بۆ کاتێک بوون کە ناکۆکی قووڵ لەنێوان جێگرانی سکرتێری گشتی بەتایبەتیش بەرهەم ساڵح و هێرۆخان هەبوو، بەڵام لەو کاتەوەی پەیوەندییەکانیان باشتر بوون، پێویست ناکات قسە لەسەر راپۆرتەکان بکرێ".

بەڵام شێرکۆ میروەیس رەتیکردەوە ئەو راپۆرتانە بەسەرچوو بن و گوتی بە بەردەوامی قسەیان لەسەر دەکرێ و بەرپرسانیش دەیانەوێ باشترین رێگەچارە بۆ کێشەکان بدۆزنەوە، میروەیس رەخنەی لە میدیاکان گرت کە زۆرجار سەرچاوەی هەواڵەکانیان ناڕۆشنە و گوتی "هەندێجار میدیا بەگشتی ناهەقی بەرامبەر یەکێتی دەکەن، لە کاتێکدا بەهێزبوونی یەکێتی لەڕابردوودا بووەتە هۆی گەشەکردنی میدیا و دیموکراسی، بەپێچەوانەوە زۆربەی هەواڵی میدیاکان سەرچاوەکانیان ناڕۆشنە، ئەگینا قسەی هەڤاڵەکانمان جەختکردنەوەیە لە چارەسەرکردنی کێشەکان".

### سەردانی تاڵەبانی دەکەن

هەمیشە لەساڵیادەکانی یەکێتیدا، لەلایەن تاڵەبانییەوە گوتارێک پێشکەشی لایەنگرانی حیزبەکەی ء خەڵکی کوردستان دەکرا، بەڵام ئەوە دوو ساڵە بەهۆی نەخۆشکەوتنییەوە، تاڵەبانی گوتاری نییە، تەنانەت ساڵی رابردووش لە ئەڵمانییەوە تەنیا وێنەیەکی نیشاندرا، بۆیە ئەمساڵ سەرکردایەتی و ئەنجوومەنی ناوەندی لە رۆژی یەکی حوزەیران کە ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتییە، سەردانی دەکەن.

عەتا سەراوی ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی بە (رووداو)ی راگەیاند کە لەو رۆژەدا و لە دوو کاتی جیاوازدا ئەنجوومەنی ناوەندی و کۆمیتەی سەرکردایەتی سەردانی تاڵەبانی دەکەن بەمەبەستی پیرۆزبازییکردن و "نوێکردنەوەی پەیمان بۆی".

سەراوی پێیوایە ئێستا نزیکبوونەوەیەکی باش لەنێوان باڵەکانی یەکێتیدا هەیە کە بەبۆچوونی ئەو، کێشە دەرەکییەکان ء هاوکێشە سیاسییەکان زۆر لەکێشە نێوخۆییەکانی گەورەترن و پێویستە یەکێتیش لە ئاستی ئەو بەرسیارێتییەدا بێت.

### مەراسیمی گەورە ناکرێ

بەهۆی دروستبوونی شەڕی داعشەوە کە لەهاوینی ساڵی رابردووەوە بەرۆکی خەڵکی کوردستانی گرتووە و بەو هۆیەشەوە بەهەزاران پێشمەرگە شەهید و برینداربوون، یەکێتی نیشتمانی بڕیاریداوە هیچ ئاهەنگێک ساز نەکات.

کاروان یارەویس بەرپرسی راگەیاندنی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەمساڵ هیچ ئاهەنگێک ناکەین، بەڵکو سەردانی ماڵ و گۆڕی شەهیدان دەکەین. هەر مەڵبەندێکیش بەپێی تایبەتمەندی ناوچەکەی، دەتوانێت چالاکی بکات".

## کاروانی مەهاباد بەڕێوەیە



**ڕێکەوت سەلام / ڕووداو- هەولێر**
گۆرانیبێژی تاراوگەنشین، مەهاباد، دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان کلیپێک لەسەر چوونی مستەفا بارزانی بۆ یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو تۆمار دەکات. عیسا مێرگەسۆری، بەڕێوەبەری ئەم بەرهەمە بە (ڕووداو)ی گوت "لە چەند ڕۆژی ڕابردوو کلیپێکمان بەناوی کاراونی پیرۆز تۆمار کرد، کە باس لە چوونی مەلا مستەفا بارزانی و هاوڕێیانی دەکات بۆ یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو". کاروانی پیرۆز لە تێکستی ئەدیب چەلکیە و لە ئاوازی دڵشاد نێروەییە. هەروەها لە ئەمریکا و ئەستبوڵەوە کاری دەنگی بۆ کراوە و لە ڕووی کلیپەوەش شیرین جیهانی کاری دەرهێنانی بۆ کردووە.

هۆمەر دزەیی بۆ (ڕووداو):

# من و مام جەلال ئیرەییمان بە یەکدی دەبرد



سەحاف پێیگوتم گۆرانییەکانت ورووژێنەرن

لە ماڵەکەی خۆی لە شاری هەولێر، گفتوگۆمان لەسەر کتێبە نوێیەکەی کرد کە باسی میوزیکی کلاسیکی جیهانی دەکات. هۆمەر دزەیی تەمەنی زیاتر لە 78 ساڵە، بەڵام ئێستاش ڕۆژانە کاژێرێک وەرزش دەکات. ماڵباتەکەی لە ساڵی 1955 بۆ خوێندنی پزیشکی ناردیانە دەرەوە، بەڵام لە جیاتی پزیشک بوو بە هونەرمەند. دواتر لە ڤیەننا یاسا و سیاسەتی خوێند. لەکاتی ئەم هەڤپەیڤینەدا ژنەکەشی لەوێ دانیشتبوو. ژنەکەی دەیویست ئەو زانیارییە ڕاست بکاتەوە کە لەسەر زاری ئەو لە میدیاکان بڵاوکراوەتەوە گوایە گوتوویەتی دەنگی هۆمەری دزەیی پێی خۆش نییە، ئەو گوتی "خۆشترین دەنگی هەیە، بەڵام تێبینیم لەسەر هەندێک وشە هەیە کە لە گۆرانییەکانیدا بەکاریاندێنی".

**دەرباز یونس**
**ڕووداو – هەولێر**

**ڕووداو: دەمەوێ باسی کتێبە نوێیەکەت بکەی کە لە بارەی چۆنیەتی و مێژووی دروستبوونی میوزیکی کلاسیک نووسیوتە؟**
**هۆمەر دزەیی:** دەمێکە خەریکی نووسینی ئەم کتێبەم. لە دوای ئەنفالی گەلی کورد سەردانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانم کرد، ئەوکات زانیم زۆر دەستکورتین لە زانیاری و سەرچاوەی هونەری، بۆیە هەر ئەوکات بڕیارم دا کتێبێکی لەمجۆرە بۆ منداڵان و قوتابیانی کورد بنووسم. بۆ ئەوەی بزانن حەسەن زیرەک گۆرانییەکانی ڕۆژانە و سەردەمین. کلاسیک هەر لە واتای وشەکەوە لە "کلاس"ەوە هاتووە، ئەمەش بە زمانە ئەوروپاییەکە واتە چین، پایە و پلە، کلاسیک واتە پایە و پلەی تایبەتی هەیە و دەبێت جیاواز بێت لە گۆرانیی ڕۆژانە. واتە ئەو میوزیکەیە کە ئاستێکی تایبەتی هەیە، میوزیکی کلاسیک نەمرە و دەمێنێتەوە، میوزیکی کلاسیکی کوردی بریتین لە بەیت، حەیران، لاوک، مەقام، قەتار، ئەڵڵاوەیسی و

زوو زوو دەچمە مزگەوت و تەکییەکان

ژنەکەم پێمدەڵێت ئەو وشانەی بەکاریاندێنی لە ریشی تۆ ناوەشێنەوە

گوتیان ناوی تەواویی خۆت مەڵێ با نەڵێن کوڕەکەیان بووەتە لۆتی

میوزیکی کلاسیک چۆن دەستپێکردووە و گەشەی کردووە. سەرچاوەی زۆرم هەبوون لەسەر میوزیکی کلاسیک هەر لە کەرکووک لە ساڵانی پەنجاکان، دواتریش کە چوومە ئەوروپا و ئەمەریکا سەرچاوە و زانیاری زیاترم لەسەر میوزیکی کلاسیک کۆکردەوە، بەشێوەیەکی زیندووش تێکەڵاوی میوزیکی کلاسیک بووم، لە دوای ئەوەش لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بە ئۆنلاین زانیاری زۆرم کۆکردەوە و دەستم کرد بەنووسینی کتێبەکە.
**ڕووداو: بەپێی ئەو بەدواداچوونەی کە تۆ بۆ میوزیکی کلاسیکت کردووە، ئایا شتێک هەیە بەناوی میوزیکی کلاسیکی کوردی؟**
**هۆمەر دزەیی:** پرسیارێکی زۆر جوانە. من لەم کتێبەمدا وەڵامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە. بەڵێ میوزیکی کلاسیکی کوردی هەیە. ئێمە زۆرجار گوێمان لە گۆرانی دەبێت دەڵێین ئەمە فۆلکلۆرە، بەڵام ئەمە ڕاست نییە. بۆ نموونە سیاچەمانە. گۆرانییە ئاینییەکانیش بەهەمانشێوە میوزیکی کلاسیکن. میوزیکی کلاسیکی جیهان لەنێو کڵێساکانی ئیتاڵیا دەستی پێکردووە، بۆیە دوور نییە میوزیکی کلاسیکی کوردیش لە ئاوازە ئاینییەکانی سەردەمی زەردەشتییەکانەوە دەستی پێکردبێت. ئەو میوزیکەی دێوانەکان لە مزگەوت و تەکییەکان لێیدەدەن، من زوو زوو دەچمە مزگەوت و تەکیەکان، باوەڕ بکە میوزیکەکەیان ئەوەندە خۆش و تایبەتە تەزووم بە لەشدا دێنێ. ئەوە میوزیکی کلاسیکە.
**ڕووداو: تۆ لە تەمەنی 17 ساڵییەوە چوویتە دەرەوە بۆ خوێندن، زۆرجار دەگوترێ مام جەلال هۆکار بووە بۆ ئەوەی تۆ بچیتە دەرەوە، نوکتەیەکیش لەسەر ئەم بابەتە هەیە، ڕاستیی ئەم مەسەلەیە چییە؟**
**هۆمەر دزەیی:** (بەپێکەنینەوە) نوکتەکەشم بیستووە، بەڵام ئەم بابەتە ئەسڵ و ئەساسی نییە. ئێمە لە ساڵی 1948 لە کۆیە یەکدیمان ناسی. من تەمەنم 11 ساڵان بوو گۆرانی نەورۆزم دەگوت، مام جەلالیش تەمەنی 15 ساڵ بوو، وتاری ئاگرینی دەدا بەو تەمەنە بچووکەی خۆیەوە. من زۆر سەرسام بووم پێی، ئیرەییم پێدەبرد، دەمگوت چەند خۆشە پیاو ئاوا زیرەک بێت، مام جەلالیش گوێی لە دەنگی من بوو بوو، دوایی بۆی گێڕامەوە کە خۆزگەی خواستووە ئەویش وەکو من دەنگی خۆش بووایە، واتە هەردووکمان ئیرەییمان بەیەکدی دەبرد.
**ڕووداو: دەگوترێت کەسوکارەکەت سەرەتا ڕێگرییان لە تۆ دەکرد کە گۆرانی بڵێی؟**
**هۆمەر دزەیی:** کێشەیان نەبوو ئەگەر لە ماڵەوە گۆرانی بڵێم، بەڵام پێیان خۆش نەبوو بە پارە گۆرانی بڵێم. چونکە ئەوکات کە لە ڕادیۆ گۆرانیت دەگوت پارەت وەردەگرت. دواتریش کە گۆرانیم گوت گوتیان لە ڕادیۆ ناوی تەواوی خۆت مەڵێ و پارەش وەرمەگرە، با نەڵێن کوڕەکەیان بووەتە لۆتی و چاوەش، بەڵام کە لە نەورۆزدا سروودم دەگوت زۆریان پێخۆشبوو. دوای تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی کە گوتم میوزیک دەخوێنم، لەوێ بەتەواوی ڕێگرییان کرد، گوتیان نابێت گۆرانیبێژی بکەیتە پیشەی خۆت.
**ڕووداو: ئەو تێکستانەی تۆ بۆ گۆرانی هەڵیدەبژێری، جار جار وشەی زۆر ورووژێنەری تێدایە، بیستوومە کە بەشێک لە گۆرانییەکانی تۆ لە زۆر دانیشتنی خێزانی سانسۆری دەخرێتە سەر، ئەمە بۆچی؟**
**هۆمەر دزەیی:** با ڕووداوێکت بۆ بگێڕمەوە. من لە ساڵی 1974 کارمەند بووم لە باڵیۆزخانەی عێراق لە ڤییەنا. محەممەد سەعید سەحاف "علوج"، بەڕێوەبەری گشتی بوو لە ڕادیۆی بەغدا، بروسکەیەکی لێدا بۆ باڵیۆزخانە و گوتیان هۆمەر دزەییەکتان لەلایە حەز دەکەین بێتەوە گۆرانیی کوردی بڵێ. منیش هاتمەوە و چەند گۆرانییەکم تۆمار کرد. ئەوکات ڕەقابە هەبوو بردبوویان بۆ لای ئەو، ئەویش سەیری کردبوو گوتبووی تێکستەکانی ورووژێنەرن. بۆیە داوای کردبوو ببینم، منیش چووم بۆ لای، بەڕاستی ڕێزی زۆری گرتم، پێیگوتم کاکە شتەکانت تۆزێک ورووژێنەرە، ئەمە جوان نییە بۆ کۆمەڵگای ئێمە، منیش پێمگوت گۆرانییەکە کوردییە و لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا ئەمە شتێکی ئاساییە، ئەویش گوتی ئەگەر وایە گۆرانییەکان بڵێ.
گۆرانییەکانی من هەندێجار ئەم شتانەی تێدایە، من ئاشقی جوانیم و ئافرەتیش بەشێکە لە جوانیی سروشت، من لەم تێکستانەدا مەبەستم سێکس نییە، مەبەستم ئێستەتیکایە. من کە باسی جوانیی ژن دەکەم هیچ مەبەستم سێکس نییە، مەبەستم فەلسەفەی جوانییە. تۆ سەیری ئەو پەیکەرە ڕووتانەی یۆنانییەکان بکە، خۆ ئەمانە هەمووی مەبەستیان سێکس نییە.
**ڕووداو: خێزانەکەی تۆ نەیانهێشت میوزیک بخوێنی، تۆ کچێکی دەنگخۆشت هەیە، ئەوەی ئەوان لە بەرامبەر تۆ کردیان تۆش بەرامبەر کچەکەت دەیکەی؟**
**هۆمەر دزەیی:** ئەو شتەم تاوەکو ئێستا لە دڵدا ماوە کە نەیانهێشت میوزیک بخوێنم، ئەگەر میوزیکم بخوێندبایە ڕەنگە ئێستا هونەرمەندێکی ناسراوی جیهانی بوومایە. من هەموو شتێکم بۆ کچەکەم کرد بۆ ئەوەی ببێتە گۆرانیبێژ یاخود پیانۆژەنێکی گەورە، چەندینجار مامۆستای میوزیک و دەنگم بۆ گرتووە، بەڵام دواتر وازی هێنا، بەڕاستی پێم ناخۆش بوو کە وازی هێنا.
**ڕووداو: دەگوترێ لەسەر گۆرانییەکانت کێشەت لەگەڵ خێزانەکەت هەیە، ئەمە ڕاستە؟**

هەموو شتێکم کرد بۆ ئەوەی کچەکەم ببێتە هونەرمەند. بەڵام وازی هێنا

کەسوکارەکەم ڕێگر بوون ببمە هونەرمەندێکی جیهانی

**هۆمەر دزەیی:** کێشەکە بەو شێوەیە نییە، ئەو هەندێ تێبینی لەسەر ئەو وشانە هەیە کە من لە گۆرانییەکان بەکاریدەهێنم و دەڵێت ئەم وشانە لە ریشی تۆ ناوەشێنەوە.
**ڕووداو: تۆ ڕاوێژکاری مام جەلال بووی، دواجار کەی ئەوت بینی؟**
**هۆمەر دزەیی:** دواجار کە بینیم لە بەغدا بەر لە نەخۆشکەوتنی بوو، چەند ساڵێک بەر لە ئێستا، لەوەتەی نەخۆش کەوتووە نەمبینیوە و قسەم لەگەڵ نەکردووە.
**ڕووداو: تۆ وڵاتی زۆرت بینیوە، جوانترین ئافرەت هی کام وڵاتن؟**
**هۆمەر دزەیی:** هەموو وڵاتێک کچی جوانی هەیە، بەڵام بەبروای من جوانترین کچ کچی ئێرانن، بەتایبەتی چاو و برۆیان، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کچی سوێدی و نەرویژی جوان نین.

---

حەمکۆ، ئەکتەری کۆمیدی بۆ (ڕووداو):

# حیزبێک دادەمەزرێنم و دەبمە ئۆپۆزیسیۆن

## بارزانی بەڵێنی پێدام خانوویەکم بۆ بکڕێ، بەڵام گوتیان ببوورە پارەمان نییە

لە دەرگای زۆر تەلەفزیۆنی دا، بەڵام تەنیا یەک دوو کەناڵی لۆکاڵی لە شاری هەولێر دەرگایان بۆ کردەوە. تەمەنی کارەکانی لە تەلەڤزیۆن کورت بوون، ئەمجارە کارەکانی گواستەوە بۆ هۆڵەکانی شانۆ بەو ئومێدەی وەکو هەشتاکان خەڵک بباتەوە هۆڵەکانی شانۆ، بەڵام لەوێش پرۆگرامەکەیان ڕاگرت. ئەکتەری کۆمیدی حەمکۆ، دوای ڕاگرتنی پرۆگرامەکەی بەناوی "حەمکۆ شۆ"، گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی حیزبێک لەو کەسانە دروست بکات کە ئەو بە "سوپای حەمکۆ" ناویان دەبات و دەشڵێت "دەبمە ئۆپۆزیسیۆن".
حەمکۆ کە مافی مانەوەی پێدراوە لە بەریتانیا، لەوێ لەگەڵ کچە ڕۆژنامەنووسێکی بەرازیلی بوونەتە هاوژین. لەماوەی ڕابردوودا کوڕێکیان بوو ناویان نا "تۆماس". بەر لەوەی بگەڕێتەوە بەریتانیا (ڕووداو) ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ سازکرد.

**کارزان حەیدەر**
**ڕووداو- هەولێر**

**ڕووداو: بۆچی کارە هونەرییەکانت لە کوردستان وەستان؟**
**حەمکۆ:** گوتیان هەندێ لایەن هەیە دەبێ چاکی بکەی، هەرچەند داوام لێکردن ئەو لایەنانەم بۆ دەستنیشان بکەن تاوەکو چاکیان بکەم، بەڵام نەیاندەتوانی دەستنیشانی بکەن، چونکە ڕەخنەکە بۆ چارەسەرکردن نەبوو، تەنیا زەمینەخۆشکردن بوو بۆ وەستاندنی پرۆگرامەکەم.
**ڕووداو: کێ پرۆگرامەکەی وەستاندی؟**
**حەمکۆ:** بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی هەولێر پرۆگرامەکەی وەستاندم، لەبری ئەوەی پشتیوانی هەر کارێکی هونەری بکەن لە کوردستان.
**ڕووداو: پێتوایە کەموکوڕیی هەبووە لە پرۆگرامەکەت؟**
**حەمکۆ:** نەخێر، چونکە توانجەکەمان زیاتر لەسەر وەزارەتی ڕۆشنبیری و حاڵی هونەر بوو لە کوردستان، بۆیە زوو منیان وەستاند.
**ڕووداو: دڵت شکا بۆیە دەگەڕێیتەوە بەریتانیا؟**
**حەمکۆ:** نەخێر، کوڕێکمان بوو، ناومان نا (تۆماس) بۆیە دەگەڕێمەوە تاوەکو بتوانم ئەو ماوەیە ئاگاداری کوڕەکەم بم.
**ڕووداو: بەنیازی جارێکی دیکە بگەڕێیتەوە کوردستان و دەست بە کارە هونەرییەکانت بکەیتەوە؟**
**حەمکۆ:** بەڵێ با جارێکی دیکە هەوادارانی حەمکۆ و کۆمیدیا چاوەڕوان بن، بە کۆمەڵێ پرۆژەی هونەری نوێوە دەگەڕێمەوە.
**ڕووداو: خەڵک لە کوردستان چۆن لە کۆمیدیا گەیشتوون؟**
**حەمکۆ:** هێشتا زۆر لە خەڵک و دەسەڵاتیش وا دەزانن کۆمیدیا تەنیا پێکەنینە، لەوە ناگەن کۆمیدیا هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانە دەدات کە لەنێو کۆمەڵگادا هەیە.
**ڕووداو: ئەی ئەگەر لەو هونەرەی تۆ تێنەگەن، تۆ هەر بەردەوام دەبی؟**
**حەمکۆ:** هەموو هەوڵێکی خۆم دەدەم، بەڵام ئەگەر هەر لەو هەوڵانەی من نەگەیشتن، ئەوە ناچارم ڕێگەی دیکە بگرمەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان.
**ڕووداو: ڕێگە چارەی دیکەی تۆ چییە بۆ ئەوەی گوێت لێ بگرن؟**
**حەمکۆ:** پارتێکی ئۆپۆزیسیۆن لەو هەزاران گەنجە دروست دەکەم کە لە کوردستان هەوادار و پشتیوانی حەمکۆن، دەست بە چاکسازی دەکەم لە کوردستان، بەتایبەتیش لەبواری هونەردا.
**ڕووداو: پێتوایە هونەر لە کوردستان پێویستی بە چاکسازی هەیە؟**
**حەمکۆ:** بەر لە هەموویان هونەر پێویستی بەوەیە، ڕەنگە ئەگەر بمکەن بە وەزیری ڕۆشنبیری هێشتا کەمە بۆ ئەوەی چاکسازی لەو بوارە بکەم، بۆ ئەوەی هۆڵە تۆز لەسەر نیشتووەکانی سینەما و شانۆ زیندوو بکەمەوە، ئەو دوو بوارەی بۆ بەرپرسەکانیان بووەتە چایخانەی ئێواران و شوێنی باسکردنی مەیخانەی شەوانە، نەوەک بەرەوپێشبردنی هەردوو هونەرەکە.
**ڕووداو: لە بەریتانیا ناسراوی و گوێت لێدەگرن؟**
**حەمکۆ:** لە پرۆگرامی تایبەتدا هەزاران کەس ڕێز لە هونەری حەمکۆ دەگرن بە چەپڵە لێدان و ستایش کردن، بەهەموو شێوەیەک پشتیوانیم دەکەن، ئەوکاتە دڵم بە حاڵی هونەری کوردی دەسووتێ کە لەسەر ستێجم، ئەو کاتەی بە هەزاران هوتافی جوانم وەک پشتیوانی و پشتگیری بۆ دەڵێن.
**ڕووداو: لە کوردستان میدیا پشتیوانیت دەکات؟**
**حەمکۆ:** بەداخەوە، دوای 20 ساڵ خزمەتکردن لە میدیا و کۆمیدیا، ئێستا شوێنێکم نییە لەنێو ڕاگەیاندن ڕۆڵی خۆمی تێدا بگێڕم.
**ڕووداو: دەتوانی چ ڕۆڵێک لە میدیا بگێڕی؟**
**حەمکۆ:** بەشێوەیەک میدیا دەگۆڕم کە ببێتە بەشێکی گەورە لە ژیانی خەڵکی.
**ڕووداو: خاوەنی چی دوای ئەو هەموو ساڵی خزمەتکردنەت؟**
**حەمکۆ:** هیچ، بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان فەرمانی کرد خانوویەکم بۆ بکڕن، کەچی ئەوانەی فەرمانەکەی بەڕێزیان جێبەجێ دەکەن، گوتیان: ببوورە پارەمان نییە!



توانجم لە وەزارەتی ڕۆشنبیری دا بۆیە پرۆگرامەکەیان ڕاگرتم

خەڵک وا دەزانن کۆمیدیا واتە پێکەنین

هۆڵەکانی شانۆ بوونەتە چایخانەی ئێواران بۆ بەرپرسان


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
★ ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
★ کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
★ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
★ کاتژمێر چاودێری.
★ قوتابخانە.
★ مزگەوت.
★ نورینگەی پزیشکی.
★ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
★ ڕووبەرێکی فروانی سەوز.
★ مۆڵی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
یەکێک لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
هەولێر - ڕێگای کەرکوک - پشت بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


شاری دایك
بەشداربە لە بەرزترین و ناوازەترین شوێنی
گەشتیاری و نیشتەجێبون
شاری دایك
SHARI DAIK
bareaz
GROUP COMPANY
ڤێلاکانی شاری دایك
شوقەکانی شاری دایك
www.Bareazgroup.com
/bareaz Group
0750 112 0090
0770 365 0090
ناونیشان
سلێمانی | بناری گۆیژە

ڕووداو ژنان
ژمارە (360) دووشەممە 2015/5/25

## لەتەقتەق کچێک دەکوژرێت



ڕووداو- کۆیە

فەرهاد محەممەد، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کۆیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند سەر لەبەیانی ڕۆژی 2015/5/23 بەهۆی دروستبوونی کێشەی زەوی و زارەوە لەگوندی (کانی لەلە)ی سەر بەناحیەی تەقتەق شەڕ لەنێوان دوو هاووڵاتیدا دروستبووە و بەو هۆیەشەوە کچێک کوژراوە. فەرهاد محەممەد گوتی "یەکێک لەو دوو هاووڵاتییە پەنای بۆ بەکارهێنانی چەک بردووە و دوای تەقەکردنی لە بەرامبەرەکەی، گوللەکە بەر خوشکی ئەو هاووڵاتییە کەوتووە، کچەکە لە ڕێگەی گەیاندنی بۆ نەخۆشخانە گیانی لەدەستداوە".

# دزینی زێڕ و جانتای ژنان پەرەدەستێنێ

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

دزینی زێڕ لە دوکانەکانی زێڕنگەری و جانتای ژنان لەنێو بازاڕەکانی سلێمانی تەشەنە دەکات و پۆلیسی ئەو پارێزگایەش دەڵێن تاوەکو ئێستا چەند باندێکیان دەستگیر کردووە.

گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی لەبارەی ئەو دیاردەیە گوتی کە ئەمساڵ چەند باندێکیان لەو ژنانە دەستگیرکردووە، لەوانەش 3 ژن کە لەلایەن پۆلیسی ڕانیەوە داواکراو بوون، 6 ژنی دیکەشیان کە 2 باند بوون، جانتای ژنانەیان دزیبوو.

ژنێک بە ناوی زێڕکڕین ڕوودەکاتە دوکانەکەی مەریوان لە بازاڕی حەوزە وشکەکەی سلێمانی. دوای داواکردنی 2 جووت گوارە، داوای تەماشاکردنی چەند پارچە زێڕێکی دیکەش دەکات، هەتا خاوەن دوکانەکە ئاڵتوونەکانی دیکەی بۆ لێدەکاتەوە بۆ ئەوەی پێشانی بدات، ژنەکە گوارەکان دەخاتە نێو جانتاکەی، بەڵام مەریوان پێیدەزانێ و لێی دەستێنێتەوە.

مەریوان ڕەشید، چیرۆکی زۆری لەلایە دەربارەی ئەو جۆرە دزیکردنە. مەریوان گوتی "پێشتر هەستمکرد کە ژنەکە بەنیازی شتێکە، بۆیە کاتێک سەیری گوارەکانی کرد و پاشانیش داوای ئاڵتوونی دیکەی کرد، بە لاچاوێک سەیرم کرد، بینیم گوارەکانی خستە نێو جانتاکەی، کاتێک ویستی بڕوات، گوتم کوا گوارەکان، کەچی گوتی ببوورە بە هەڵە خستمە نێو جانتاکەم".

گوتەبێژەکەی پۆلیسی سلێمانی گوتی کە هەندێک لەو ژنانەی فێری ئەو جۆرە دزیکردنە بوون، دەستگیرکراون.

بەپێی قسەی پۆلیس، هەندێک لە دزەکان بە تەنیا ئەم جۆرە دزییانە دەکەن و هەندێکجاریش لە شێوەی باندێکی 3 – 4 کەسی دزی دەکەن. یەکێک لە ژنەکان ئەو کەسە سەرقاڵ دەکات و ئەوانی دیکەش دزییەکە دەکەن. زۆرترین ئەو جۆری دزیانەش، دزینی جانتای ژنان یان زێڕ بووە، ئەوەی پارەکە یان زێڕەکە دەدزێ، دەیداتە کەسی سێیەم و ئەویش یەکسەر شوێنەکە جێدێڵێت بۆ ئەوەی پێکەوە ئاشکرا نەبن.

شێوازێکی دیکەیان لەنێو دوکانی زێڕنگەرانە، کاتێک دوو ئافرەت دەچنە دوکانەکە و لەو کاتەدا یەکێکیان خاوەن دوکانەکە سەرقاڵ دەکات و ئەوەی دیکەش دزییەکە دەکات. یان ئەو دوو کەسە وا خۆیان دەرناخەن کە لەگەڵ یەکن، کاتێک یەکێکیان دزییەکە دەکات و دەڕواتە دەرەوە، ئەوەی دیکە خاوەن دوکانەکە سەرقاڵ دەکات بۆئەوەی ئەگەر خاوەن دوکانەکە زانیشی ئافرەتەکەی پێشتر دزی لێکردووە، دزی دووەم ئاشکرا نەبێ.

### شوێنی دزییەکانیان

کۆڵانی ئیمێرجنسی سلێمانی لە نزیک بازاڕی لەنگەفرۆشان، کۆڵانێکی تەنگەبەرە، ڕۆژانە جمەی دێت لە ژنان کە بۆ کڕینی جلوبەرگ ڕوو لەو بازاڕە دەکەن. زۆرترین دزیش لەو کۆڵانە دەکرێت.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی ڕوونیکردەوە کە دزینی جانتا لەهەمووی بڵاوترە، هەرچەندە ئەوان کامێرای چاودێری و پۆلیسی کوڕ و کچیشیان بەشێوەی مەدەنی لەوێ داناوە، بەڵام هێشتا دزیی لێدەکرێت.

نەقیب سەرکەوت گوتی "دزەکان جلی زۆر کەشخەیان لەبەرە و هەست ناکرێ دز بن، باندەکانیش پیرو گەنجن، پیرەکان ئافرەتەکان سەرقاڵ دەکەن و گەنجەکانیش دزییەکان دەکەن".

### منداڵی خۆی بەکارهێناوە

یەکێک لەو ژنانەی کە بەردەوام دزی لە زێڕنگەرانی سلێمانی کردبوو، تاوەکو ئێستا دووجار بۆ ماوەی 6 مانگ بەندکراوە. ئەو ژنە وەک نەقیب سەرکەوت گوتی، منداڵێکی خۆی بەکارهێناوە تاوەکو بچێتە دوکانی زێڕنگەرەکان، ئەگەر ئاشکرابوو دەڵێ منداڵە و نەیزانیوە، ئەگەریش ئاشکرا نەبووبێ دزییەکەی کردووە.

نەقیب سەرکەوت باسی دزییەکی دیکەی کرد کە بەلای ئەوانەوە سەرنجڕاکێش بوو. ئەو گوتی "جارێک دوو ژن بەیەکەوە چوونەتە لای زێڕنگەرێک، یەکێکیان داوای سێتێکی کردووە، هەتا زێڕنگەرەکە بۆی هێناوە، ئەوەی دیکەیان 50 ئەنگوستیلەی هەڵگرتووە و ڕۆیشتووە، بەڵام دواتر ئاشکرا بووە و دەستگیرکراوە".

نەقیب سەرکەوت گوتی "ئێستا ئێمە سلێمانیمان بە کامێرای چاودێری و پۆلیسی کچ و کوڕ کۆنترۆڵ کردووە، بۆیە ئەوانیش بەرەو شارۆچکەکان دەڕۆن".

نەقیب سەرکەوت ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هەندێک لە ژنەکان لەلایەن مێردەکانیانەوە هاندەدرێن تاوەکو دزی بکەن "ژنمان لەسەر دزیکردن دەستگیرکردووە، لە کاتی لێکۆڵینەوەدا گوتوویەتی مێردەکەی پێیگوتووە پارەم بۆ پەیدا بکە، جا چۆنی پەیدا دەکەی بیکە".

### ژنە دزە ترسناکەکەی هەولێر

ئەمساڵ پۆلیسی هەولێر ژنێکی تەمەن 23 ساڵیان بەنێوی (ز) دەستگیرکرد کە چەندین کەیسی لەسەر بووە و تەنانەت نێوی "دزە ترسناکەکەی هەولێر"یشیان بەسەردا بڕیوە.

ڕائید کاروان عەبدولکەریم گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر باسی یەکێک لەو دزییانەی کرد کە ئەو ژنە کردوویەتی و گوتی "شەوێک لەمارکێتێک نزیکەی 5 ملیۆن دیناری لەخێزانێک دزیبوو کە بۆ بەیانییەکەی نەشتەرگەریی شێرپەنجەیان بۆ منداڵەکەیان دەکرد، دواتر بەهۆی کامێرای چاودێرییەوە دەستگیرکرا، بەڵام ئەو ژنە دزی دیکەشی کردووە".

پۆلیسی هەولێر جگە لە ژنە ترسناکەکە، چوار ژنی دیکەشیان گرتووە کە تەمەنیان لە 18 تاوەکو 25 ساڵیدا بووە، جگە لەوەش سێ ئافرەتی دیکەش کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە گەڕەکێک دزییان کردووە و کامێرا تۆماری کردوون، هەفتەی ڕابردوو دەستگیریان کردن.

### لە دهۆک قەرەجەکان بڵاون

لە سنووری شاری دهۆک، ئەو ژنانەی دزی دەکەن زۆرتر قەرەجەکانن، پۆلیسی دهۆک تاوەکو ئێستا چەند ژنێکی قەرەجی دەستگیرکردووە کە هەندێکیان پێش دزیکردن بووە.

ڕائید هێمن سلێمان، گوتەبێژی پۆلیسی دهۆک ڕایگەیاند دزیکردن لە دهۆک بەڕێژەیەکی زۆر نییە و زیاتر قەرەجەکانن. بەڵام ڕەنگە ئەوەی دهۆک لە سلێمانی و هەولێر جیادەکاتەوە تەمەنی ژنەکان بێ، چونکە وەک ڕائید هێمن باسیکرد، ئەو ژنانەی لەلای ئەوان لەسەر دزی دەستگیرکراون بە تەمەنن.

### 10 ژن ڕاگیراون

دیمەن محەممەد، بەڕێوەبەری چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر ڕایگەیاند ئەمساڵ بەهۆی دزیکردنەوە 8 ئافرەت ڕاگیراون و 3 ئافرەتی دیکەش سزا دراون.


هەروەها زەکی ساڵح، بەڕێوەبەری چاکسازی ژنان و منداڵان لەشاری دهۆک گوتی، بەتۆمەتی دزی دوو ژن ڕاگیراون، بەڵام ئومێدە نووری، بەڕێوەبەری چاکسازی ژنان و منداڵانی سلێمانی گوتی ئەمساڵ هیچ ژنێکیان بەهۆی تاوانی دزیکردنەوە بۆ نەهاتووە.



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

# بە دەمانچەکەی باوکی خۆی دەکوژێ

## پزیشکی داد: ناتوانین بڵێین ئەو کچە کوژراوە یان خۆی کوشتووە



پشتیوان جەمال
ڕووداو- تەکیە

باوکی دەڵێت کچەکەیان بە"هەڵە" فیشەکی لەدەست دەرچووە و خۆی کوشتووە، بەڵام پزیشکی داد ناتوانێ قسەی باوکی کچەکە پشتڕاست بکاتەوە. پۆلیسی چەمچەماڵیش چاوەڕێی ڕاپۆرتی پزیشکییە بۆ دەستپێکردنی ڕێکارە یاساییەکان.

ڕۆژی 2015/5/12 کچێکی تەمەن 14 ساڵ بەناوی سۆما عەبدوڵڵا، لە نێوماڵەی خۆیاندا لە ناحیەی تەکیەی سەر بە قەزای چەمچەماڵ بە دەمانچەکەی باوکی بریندار بوو، دوای پێنج ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە گیانی سپارد.

عەبدوڵڵا کەمال، 42 ساڵ، کە باوکی چوار منداڵە، لە دووەم ڕۆژی پرسەی کچەکەیدا قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "گەڕامەوە ماڵەوە دەمانچەکەم لەسەر قەنەفەی هۆڵەکە دانا، پاشان چوومە مەتبەخ بۆ نانخواردن، بەڵام سۆما و منداڵەکان لەوێ نەبوون، هەر خولەکێک دەبوو لە مەتبەخ دانیشتبووم دەنگی فیشەکێک هات کە چوومە دەرەوە بینیم سۆما خوێنی لەبەر دەڕوات".

وەک عەبدوڵڵا باسیکرد، منداڵەکانی گوتوویانە کە سۆما یاری بە دەمانچەکە کردووە.

هەرچەندە عەبدوڵڵا دەڵێت کچەکەی بە "هەڵە" خۆی کوشتووە، بەڵام گوتیشی کچەکەی نەخۆشیی دەروونی هەبوو "بۆ نموونە کە دەچووین بۆ گەشت، ئەو یەکسەر دەچووە نێو ئۆتۆمبێل و خۆی لە بەتانییەک وەردەپێچا".

سۆما دوای بەرکەوتنی گوللەکە، لەهۆش خۆی چووە و هەر بەبێ هۆشیش مرد. عەبدوڵڵا کە پۆلیسە، دەڵێت هیچ کاتێک منداڵەکانی دەستکاری چەکیان نەکردووە و تەنانەت ساڵێکیش دەبێت فیشەکی بەو دەمانچەیە نەتەقاندووە.

دوای ڕووداوەکە، دەنگۆی ئەوە لەنێو خەڵکی تەکیەدا بڵاوبووەوە کە سۆما خۆی کوشتبێ، یان بە "هەڵە" کوژرا بێت، بەڵام باوکی گوتی "شایەتمان هەیە کە لە کاتی ڕووداوەکەدا ئێمە نانمان دەخوارد".

پزیشکانی دادی بەپێچەوانەی ڕووداوەکانی دیکەوە، نەیانتوانی جارێ ڕای خۆیان لەسەر خۆکوشتن، یان کوژرانی ئەو کچە دەربڕن، بەڵکو ئەو بڕیارەیان بۆ لایەنی پەیوەندیدار جێهێشت.

دکتۆر شیروان عەبدوڵڵا پزیشک لە پەیمانگەی پزیشکی دادیی سلێمانی کە توێکاری بۆ جەستەی سۆما کردووە، گوتی "ئەو گوللەیە لە بەشی سەرەوەی گوێچکەی ڕاستییەوە چووەتە ناوەوە و لە بەشی سەرەوەی گوێچکەی چەپیەوە دەرچووە"، بەڵام لەبەر دوو هۆکار نەیتوانی پشتڕاستی بکاتەوە کە ئایا خۆی کوشتووە یان کوژراوە "لە شوێنی ڕووداوەکە (پاشماوەی باروتی سووتاو) وەرنەگیراوە کە ئەو پاشماوەیە دێتە سەر دەستی ئەو کەسەی گوللەکەی تەقاندووە، ئایا کچەکەیە یان کەسی دیکە بووە، ئەو کچە کە گەیەندراوەتە نەخۆشخانە، بەهۆی دەستکێشەوە ئەو پاشماوەیە پاککراوەتەوە. هەروەها شوێنی چوونە ناوەوەی گوللەکەش دوورابووەوە، بۆیە نەمتوانی دووریی تەقاندنی فیشەکەکە دیاری بکەین".

لەسەر ئەم ڕووداوە تاوەکو ئێستا هیچ کەسێک دەستگیر نەکراوە، پۆلیسیش چاوەڕێی ڕاپۆرتی پزیشکی دادە. نەقیبی مافپەروەر جەلال محەممەد، گوتەبێژی پۆلیسی چەمچەماڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەقسەی کەسوکاری کچەکە "بەهەڵە فیشەکی لەدەست دەرچووە. ئێمەش دەستمان کردووە بە لێکۆڵینەوە، چاوەڕێی دەرچوونی ڕاپۆرتی پزیشکی دەکەین، بۆ ئەوەی بزانین هۆکاری ڕووداوەکە چییە و چۆن ڕوویداوە".

ڕووداو
ژمارە (360) دووشەممە 2015/5/25

## تەلەفزیۆن، منداڵێک دەکوژێت

**ڕووداو – کەلار**

لەشارۆچکەی کەلار بەهۆی کەوتنی مێز و ژێرمێزی تەلەفزیۆن بەسەر منداڵێکی چوار ساڵاندا منداڵەکە گیانلەدەست. هەڵگور حەمید، جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلار بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو منداڵە ناوی (عومەر نەبەرد)ە و تەمەنی چوار ساڵە، شەوی 2015/5/23 لە ماڵی خۆیان مێز و ژێر مێزی تەلەفزیۆن کەوتووە بەسەریدا و بەهۆی دروستبوونی برینێکی گەورە و خوێنبەربوونی تیژ لەسەریدا، نەیتوانیوە خۆی ڕابگرێت و دوای نیو کاژێر گیانی لەدەستداوە".



## سزای کوشتن بەبلۆک لەسێدارەدانە

# لە ماوەی مانگێکدا 4 کەس بە بەرد و بلۆک دەکوژرێن

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

کوشتن بە بەرد و بلۆک لە هەرێمی کوردستان خەریکە لە حاڵەتەوە دەبێتە دیاردە و لەماوەی تەنیا مانگێکدا، چوار کەس بە بەرد و بلۆک کوژراون.

یاساناسان، پسپۆڕانی بواری ئاشکراکردنی تاوان و توێژەرانی دەروونی هەر یەکەیان خوێندنەوەی خۆیان بۆ ئەم جۆرە کوشتنە هەیە کە سزاکەی لە سێدارەدانە.

ئەم شێوازی کوشتنە لە ماوەی مانگی ڕابردوو لەنێو ڕووداوەکانی کوشتن و خنکاندندا بریتی بوو لە چوار حاڵەت.

هەفتەی کۆتایی مانگی ڕابردوو ژنێکی دانیشتووی شاری سلێمانی بەناوی ژیان ڕەحیم، لە نزیک شارۆچکەی چەمچەماڵ لەلایەن هاوژینەکەیەوە بە بلۆک کوژرا. سەرەتای ئەم مانگەش لە گەڕەکێکی شاری کەرکووک ژنێکی تەمەن 56 ساڵ بەناوی نائیلە لەلایەن کوڕێکەوە بە ئاگاداریی کچەکەی خۆی بە بلۆک کوژراو پاشانیش سووتێندرا.

هەر لەم مانگەدا گەنجێکی ئێزدی بەناوی موسا خدر کە لە کۆمپانیایەک لە شاری سلێمانی کاری دەکرد، بە بلۆک کوژرا. دوایین ڕووداوی کوشتنیش بەم شێوازە ڕۆژی 14ی ئەم مانگە بوو کە مامۆستایەکی زانکۆی سلێمانی بەنێوی هەڵکۆ محێدین لەوکاتەی لە شاری هەولێرەوە بەرەو سلێمانی دەگەڕایەوە، لە نزیک گوندی سماقوڵی لەلایەن کەسێکەوە بە بەرد و چەقۆ کوژرا.

پۆلیس قسەی خۆی هەیە لەسەر ئەم شێوازی کوشتنە. نەقیب سەرکەوت ئەحمەد گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی گوتی "کوشتن بە بلۆک یاخود بە بەرد بۆ دڵنیابوونەوەی تەواوی کەسی بکوژە لە کوشتنی بەرامبەرەکەی".

گوتیشی "هەندێجار تاوانی کوشتن پلان بۆ داڕێژراوە، بەڵام کوشتن بە بلۆک دوای کوشتنەکانی دیکەیە، بۆ نموونە هەندێجار بکوژ و کوژراو لەسەر مەسەلەیەک دەبێتە دەمەقاڵێیان و ناگەنە ڕێککەوتن، لەو کاتەدا بکوژ بەرامبەرەکەی دەکوژێت، بۆ دڵنیابوونی تەواو لە تاوانەکەشی، بە بلۆک یاخود بەرد لێی دەدات".



### "کوشتنەکە بێدەنگ و کاریگەرترە"

پزیشکانی توێکاری پێیانوایە هۆکارێکی پەنابردن بۆ کوشتن بە بلۆک و بەرد بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کوشتنێکی بێدەنگە و ئەگەری ئەوە هەیە تاوانبارەکە بزر ببێت.

دکتۆر بارزان محەممەد پزیشکی پسپۆڕی توێکاری کە چەندین ساڵە لەو بوارەدا کار دەکات، گوتی "بلۆک یاخود بەرد زەبرێکی دەرەکی توندە و هیچ دەنگێکی نایەت کە ببێتە هۆی ئاشکرابوونی تاوانەکە و دۆزینەوەی بکوژ، بۆیە زۆرجار هەندێک خەڵک ئەو کەرەستانە بەکاردێنن، جگە لەوەش هەوڵدەدەن شوێنێکی چۆڵەوانی بدۆزنەوە بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە".

ئەو پزیشکە پسپۆرە لەکاتی کارکردنیدا چەندین حاڵەتی لەو شێوانەی هاتووەتە بەردەست، ئەو گوتی "هەندێک لەوانەی بە بلۆک یاخود بەرد کوژراون، ڕوخساریان دەشێوێندرێت، مەبەستی بکوژیش شاردنەوەی تاوانەکە بووە".

### "بۆ ئەتککردنە"

توێژەرانی دەروونی جیاواز لە پۆلیس و پسپۆڕانی توێکاری قسە دەکەن و کوشتن بە بلۆک بە "ئەتککردن"ی مردووەکە و شێواندنی ڕوخساری ناودەبەن.

ئەڤین عەبدولکەریم، توێژەری دەروونی دەڵێت "مەبەستی بکوژ لەوەی بەرامبەر بەبلۆک بکوژێ بۆ ئەتککردنە، بۆ ئەوەی دواتر ئەو کوشتنە وەکو لەکەیەک بەناوی ئەو کەسەوە بمێنێتەوە و لە نێو خەڵک باس بکرێ".

ئەو توێژەرە دەروونییە گوتیشی "زۆر ڕێگە هەیە بۆ کوشتنی مرۆڤ، بەڵام ئەم جۆرەی کوشتن وەحشیگەرانەیە و دەنگدانەوەی لە فیشەک، خنکاندن و سووتاندن زیاترە، هەر کەسێک هەواڵێکی لەو شێوەیە دەبیستێ، یەکسەر تووشی شۆک دەبێت".

### سزای بلۆک لە سێدارەدانە

وەک یاساناسان باسی دەکەن، سزای کوشتن بە بلۆک قورسە و لەسێدارەدانە، چونکە کارەکە دەچێتە چوارچێوەی "تاوانی وەحشیگەرانە". کارزان عەبدولفازڵ پارێزەری ڕاوێژکار بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە "ئەو کەسەی یەکێکی دیکە بەبلۆک یاخود بەرد دەکوژێ، بۆ شێواندنی لاشەکەی یاخود تۆڵەسەندنەوەیە و لە یاسای ژمارە 111ی ساڵی 1969 لە ماددەی 406 بڕگەی (1=ج)دا جۆری سزاکەی دیاریکردووە کە کوشتن بەبلۆک دەچێتە چوارچێوەی تاوانی وەحشیگەرانە و سزاکەی لەسێدارەدانە، بەڵام ئەگەر بکوژ دوای فیشەک یاخود چەقۆ، بلۆکی بەکارهێنا، ئەوا جۆری سزاکەی لە دەسەڵاتی دادوەردایە کە لەسێدارەدان یاخود هەتاهەتاییە".

---



**ژیلەمۆ عەبدولقادر***

## لەشفرۆشی بە ژنەکەی دەکات

ژنێکی تەمەن 16 ساڵان سکاڵای لەلای دادوەری لێکۆڵینەوەی توندوتیژیی خێزانی تۆمارکردبوو، داوای گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەر مێردەکەی دەکرد. بە تۆمەتی ئەوەی مێردەکەی لە بەرامبەر دەستکەوتنی پارە لەشفرۆشیی پێدەکات.

ئەو ژنە گوتی "دایک و باوکم پێشتر لە یەکدی جیابوونەوە، باوکم ژنی هێنایەوە و دایکیشم شووی کردەوە. ساڵێک لەمەوبەر کەسێک هاتە داوام، منیش بۆ ئەوەی لە دەستی زڕدایکەکەم ڕزگارم بێت، شووم پێکرد. باوکیشم هەر خواخوای بوو لە کۆڵی ببمەوە، بۆیە هیچ پرسیاری لەبارەی ئەو کەسە نەکرد کە هاتبووە خوازبێنیم".

وەکو هەر ژن و مێردێکی ئاسایی، ئاهەنگی هاوژینی و مانگی هەنگوینی بەڕێدەکەن، بەڵام ئەو ژنە تووشی سەرسوڕمان دەبێت کاتێک مێردەکەی داوای لێدەکات بچێتە باوەشی هاوڕێکانی.

ژنەکە بەردەوام بوو لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی و گوتی "مێردەکەم ڕۆژانە برادەری خۆی دەهێنانەوە بۆ ماڵەوە، پاشان بە بیانووی کڕینی خواردن و پێداویستی ماڵ دەچووە دەرەوە و منی لەلای برادەرەکانی جێدەهێشت. تا وای لێهات بە ئاشکرا پێیگوتم کە لەگەڵ برادەرەکانی ڕابوێرم، بەڕاستی تووشی کردم بەدەست خۆم نەبوو، زۆری لێکردم و هانی دام، بەڵام من ناتوانم بەمشێوەیە بەردەوام بم".

ئەم ژنە لەلای دایکی و دراوسێکانی چیرۆکەکەی گێڕاوەتەوە کە مێردەکەی ناچاری کردووە لەشفرۆشی بکات، بۆیە دایکی و دراوسێکانیشی وەکو شایەتحاڵ بانگکران، ئەوانیش هەمان قسەی ئەو ژنەیان کرد و گوتیان مێردەکەی پیاوێکی خراپە. دادگا بڕیاری دا بە دەستگیرکردنی مێردەکەی بەپێی ماددەی 380 لە یاسای سزادانی عێراقی.

هەرچەندە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا ڕەتیکردەوە ئەو کارەی بە ژنەکەی کردبێت و تەنانەت گوتی ژنەکەی بەبێ ئاگاداری ئەو لەگەڵ برادەرەکانی ڕایبواردووە. بەڵام کاتێک دادوەر لێی پرسی: مادام ڕاست دەکەی، ئەی بۆچی سکاڵات لەسەر ژنەکەت تۆمارنەکرد؟ خۆ ئەمە خیانەت و ناپاکی هاوسەرییە! پیاوەکە هیچ وەڵامێکی نەبوو، دەمی بوو بە تەڵەی تەقیو. دواجار دادوەر بڕیاری دا بە بەندکردنی پیاوەکە.

لە ماددەی 380ی یاسای سزادانی عێراقیدا هاتووە "هەر مێردێک ژنەکەی هان بدات بۆ زیناکردن و بەگوێرەی ئەو هاندانە زینای کرد، ئەوا بە گرتن سزا دەدرێت). هەروەها لە بڕگەی شەش، مادەی دوو لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانیدا هاتووە "ئەگەر مێرد بە زۆر ژنەکەی ناچاری کاری بەدڕەوشتی کرد، ئەوە بە توندوتیژی هەژمار دەکرێت". سزای ئەم جۆرە توندوتیژییەش لە ماددە 7ی هەمان یاسادا باسکراوە کە دەڵێت "هەر کەسێک توندوتیژییەکی خێزانی ئەنجام بدات، بۆ ماوەیەک سزای بەندکردن دەیگرێتەوە کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە سێ ساڵیش زیاتر نەبێت، لەگەڵ غەرامەکردنیشی کە لە ملیۆنێک دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت، یان بە یەکێک لەو دوو سزایە". دەسەڵات دراوە بە دادگا بە کام ماددە سزای ئەو کەسە بدات.

ئەگەر سەیری ئەم داوایە بکەین، دەبینین بچووکیی تەمەنی ئافرەتەکە و نەبوونی پەروەردەیەکی دروست، بەم ڕۆژگارەی گەیاندووە. هەروەها بەهۆی پاڵپشتی نەکردنی لەلایەن کەسوکارییەوە، مێردەکەی ئیستغلالی کردووە و ویستوویەتی پارەی پێ پەیدا بکات.

***موقەدەمی مافپەروەر و بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

---

# بێ لانەیی کردی بە لەشفرۆش



**شەیدا قادر**
**ڕووداو- سلێمانی**

تاوەکو ئەوکاتەی دایک و باوکی بەیەکەوە بوون، شنۆ کچێکی زۆر بەختەوەر بوو، بەڵام کاتێک دایک و باوکی جیابوونەوە، ئیدی لانەکەی شنۆش تێکچوو، ئێستا شوێنی حەوانەوەی شنۆ پارک و شوێنە گشتییەکانە و هەندێکجاریش خۆی لە باوەشی گەنجێکی تینووی سێکسدا دەبینێتەوە.

شنۆ، ناوی خوازراوی کچێکە لە کافتریایەکی شاری سلێمانی دانیشتووە و بەسەرهاتی خۆی بۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوە. ئەو دەڵێت چیرۆکەکەی کەرەستەیەکی باشە بۆ ڕۆژنامەنووسان، بەڵام دەکرێ ببێتە پەندیش بۆ ئەو کچانەی بەهۆی تێکچوونی شیرازەی خێزانیان، بێ جێگا دەمێننەوە.

شنۆ زوو زوو دەیگوت "نازانم بۆچی بووم بە قوربانی". شنۆ تەمەنی 25 ساڵە و لە خێزانێکی پڕ لە کێشەدا گەورە بووە، تاوەکو پۆلی چواری سەرەتایی خوێندووە. دوای ئەوەی دایک و باوکی لە یەکدی جیادەبنەوە، ناچار دەبێت واز لە خوێندن بێنێ، باوکی شنۆ ژنی هێناوەتەوە و دایکیشی شووی کردووەتەوە.

### براکەی دەریدەکات

بەڵام شنۆ لەلای هیچیان نامێنتەوە، بەڵکو ماڵی براکەی هەڵدەبژێرێ، ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە براکەی ئاگاداری دەبێت، بەڵام لە ماڵی براکەی هەموو شتێک پێچەوانە دەبێتەوە. شنۆ دەڵێت " لە ماڵی براکەم مامەڵەی کارەکەرێکم لەگەڵدا دەکرا، بەڵام ڕازی بووم بەو ژیانە بەو هیوایەی ڕۆژێک بێت بتوانم گەورە ببم و بتوانم ژیانی خۆم دروست بکەم".

ڕۆژێکیان برا و براژنەکەی لە دەوام دەبن، شنۆ ئەوە بە دەرفەت دەزانێت تاوەکو سەردانی باوکی بکات. بەڵام بەم کارەی قوڕێکی خەستی بۆ خۆی گرتەوە "کە براکەم زانی چووم بۆ لای باوکم، دەریکردم و گوتی ئیدی بچۆ بۆ لای ئەو با ئەو بەخێوت بکات".

### بە زۆر بەشووی دەدەن

شنۆ ناچار دەبێت بچێتە ماڵی باوکی. ماوەی پێنج مانگ لەوێ دەمێنێتەوە، ڕۆژێکیان باوک و مامێکی بانگی دەکەن و پێیدەڵێن دەیانەوێ بەشووی بدەن "منیان دایە کوڕێک کە پێشتر ئامۆزایەکی منی لەلا بوو، بەڵام من نەمزانی تاوەکو گواستمیەوە، دواتر هەموو شتێک ئاشکرا بوو، بۆم دەرکەوت ئەو کوڕە دوو منداڵی هەیە و پێشتر ژنەکەی تەڵاقداوە".

شنۆ باسی هەڵسوکەوتی مێردەکەی دەکات و دەڵێت "هەڵسوکەوتی زۆر خراپ بوو، ساڵێک لای ئەو بووم، بەشم هەر تێهەڵدان بوو، دوای ئەو هەموو ناڕەحەتییە، چوومەوە ماڵی باوکم و بەزۆر تەڵاقم وەرگرت. باوکم ویستی بمداتە پیاوێکی ناسیاوی خۆی کە پیربوو، خاوەنی منداڵی گەورەبوو، ژنەکەی مردبوو، منیش لای باوکم ڕۆشتم و چوومە لای دایکم.


شنۆ وەک خۆی باسیکرد، لای دایکی ئازادییەکی زۆری هەبوو، چونکە زڕباوکەکەی لێی نەدەپرسییەوە، بەڵام شنۆ لەوێش نامێنێتەوە و دەچێتە شێڵتەرێکی ژنان. شنۆ گوتی "سێ مانگ لە شێڵتەرێکی ژنان مامەوە، لەوێ ژنێکم ناسی بەناوی (ئاواز)، ئەویش چیرۆکێکی هاوشێوەی منی هەبوو، زۆرجار ئاوازم لەگەڵ خۆم دەهێنایەوە ماڵی دایکم".

زانیاریم هەبوو کە شنۆ پێشتر لەلایەن پۆلیسەوە لەسەر کاری لەشفرۆشی دەستگیرکرابوو، کە لێمپرسی بۆچی دەستگیرکرای، ڕەنگی ڕوخساری گۆڕا و کەمێک وەستا. پاشان گوتی "دوای ئەوەی لە شێڵتەرەکە ڕۆیشتین، ڕۆژێکیان ڕەفیقێکی ئاواز گوتی بەیانی بچن شوقەیەک هەیە لە نزیک بەختیاری پاکی بکەنەوە و یەکی پانزە هەزار دینارتان دەدەمێ، ئیتر ناونیشانەکەمان وەرگرت و بڕیاربوو بەیانی کاژێر هەشت بچین بۆ ئەو شوقەیە، ئەو شەوە چووینە پارکەکەی نزیک پردی ئەبوسەنا و شەو لەوێ خەوتین، بەیانی کاتێک خەبەرمان بووەوە مۆبایلەکەی ئاواز بەدەست کوڕێکەوە بوو، دوای ئەوەی ئاواز زۆر هەوڵیدا لێی وەربگرێتەوە، کوڕەکە نەیدایەوە، ئیدی تەلەفۆنمان بۆ پۆلیسی فریاکەوتن کرد و ئەوانیش هاتن و ئێمەیان برد بۆ کەرتی پۆلیس و لەوێ کوڕەکە گوتی ئەم کچانە شەوانە دەچنە پارکەکان و کاری لەشفرۆشی دەکەن، ئیدی دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵمان ئێمە دەستگیرکراین و خراینە زیندانەوە".

شنۆ نەیشاردەوە کە چەند جارێک کاری لەشفرۆشی کردووە، بەڵام ڕەتیکردەوە سەر بەهیچ باندێکی لەشفرۆشی بێت. ئەو گوتی "من چەند جارێک سێکسم کردووە، بەڵام بۆ پارە نا ".

شنۆ چیدی حەز ناکات هەر جارێک لە باوەشی کوڕێکدا بخەوێت، ئەو ئامادەیە دەستبەرداری کاری لەشفرۆشی ببێ، بە مەرجێک کەسێک بچێتە خوازبێنی. ئەو بە ئومێدیشەوە گوتی "زۆری نەماوە ماڵئاوایی لە پارک و کافتریا و شوێنە گشتییەکان بکەم، ئێستا لەگەڵ پۆلیسێکی هاتوچۆ لە گفتوگۆداین، بەڵێنی پێداوم بمخوازێت، ئەگەر ئەمە سەربگرێت، بەڵێن دەدەم لە کاری لەشفرۆشی دوور بکەومەوە".

# دوو ئەمریکی گەشتوگوزاری کوردستان بە جیهان دەناسێنن




**ئەلێکساندەرویتکامب**
**رووداو- هەولێر**

سەرەڕای ئەوەی داعش تەنیا 60 کیلۆمەتر لێیان دوورە، کۆمپانیایەکی گەشتوگوزاری ئەمریکی لە شاری هەولێر یەکەمین ڕێبەری گەشتوگوزاری بڵاودەکەنەوە.

"کێ ڕێبەری گەشتوگوزاری چاپ دەکات لە ناوەندی جەنگدا؟ ئێمە دەیکەین" دکتۆر دەگڵەس لەیتۆن خاوەنی کۆمپانیای گەشتوگوزاری لە هەرێمی کوردستان بە پێکەنینەوە وایگوت. کۆپی ئەو ڕێبەرە لەژێرناوی "ڕێبەری گەشتوگوزاری کوردستان" ئەم هەفتەیە دەکەوێتە بازاڕەوە.

ئەم ڕێبەرە بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ وبەکوالێتییەکی بەرز نووسراوە، پێکدێت لە 600 وێنە و نەخشەیەک و چەندین وتار لەسەر کەلتوور و مێژووی کورد.

دەگلەس گوتی "کاتێک بە هاوڕێکانم گوت لە ئەمریکا بەمزووانە ئەو کتێبە چاپ دەکەین، هەستیان کرد عەقڵم لەسەرخۆی نییە". بەڵام بەپێی گوتەی لەیتۆن، ئێستا باشترین کاتە بۆ بە بازاڕکردنی کوردستان وەک ناوچەیەکی سەرنجڕاکێش بۆ گەشتوگوزار.

"داعش ڕیکلامی زۆری بۆ کردووین.. ئەوەی لەسەر ئێمە پێویستە بیکەین، ئەوەیە کە شتە نێگەتیڤەکان بگۆڕین بۆ شتی پۆزەتیف" لەیتۆن وایگوت.

لەیتۆن لەگەڵ هاوبەشەکەی بەناوی هێری سکوت کە کۆلۆنێلێکی خانەنشینی سوپای ئەمریکایە، ساڵی 2008 دەستیان بە پرۆژەی ڕێبەری گەشتوگوزاریی کوردستان کردووە. 10 ساڵ لەمەوبەر، لەیتۆن کوردستانی عێراقی وەک "عێراقێکی دیکە" ناساند، ئەمەش وەک هەوڵێک بۆ جیاکردنەوەی هەرێمی کوردستان وەک ناوچەیەکی ئارام لە بەشەکانی دیکەی عێراق کە بەدەست جەنگەوە دەناڵێنن.

لەیتۆن لە میدیاکانی وەکو CNN و FOX NEWS و ڕۆژنامەی وۆڵستریت، چەند ڕیکلامێکی بڵاوکردەوە. لە ڕیکلامەکاندا هاتبوو "کوردەکان بەردەوام سوپاسی ئەمریکا دەکەن بۆ جەنگی ڕزگارکردنی عێراق".

لەیتۆن گوتی "ڕۆژانێک کەس هیچی دەربارەی کورد نەدەزانی، زۆری نەبرد هەموو 15 خولەکێک لە ڕیکلامەکانەوە دەگوترا: سوپاس بۆ ئەمریکا".

بەڵام شەڕی داعش کاریگەرییەکی زۆر خراپی هەبووە لەسەر ڕەوشی گەشتوگوزار لەسەر هەرێمی کوردستان. لەپاش کەوتنی مووسڵ لە مانگی حوزەیرانی ڕابردوو، کەرتی گەشتوگوزاری بەشێوەیەکی بەرچاو پاشەکشەی کرد. بەتایبەتی دوای تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێک لە مانگی نیسانی ڕابردوو لە نزیک کونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر. ئەو ڕووداوە کاریگەرییەکی زۆر خراپی هەبوو لەسەر کڕیارە ئەورووپی و ئەمریکیەکانی کۆمپانیاکانی ناو کوردستان.

"دەبێت هەوڵ بدەین وا لە مشتەرییەکانمان بکەین کە هەست بە سەلامەتی بکەن و بێن بۆ ئێرە" سکوت کە لەهەمانکاتدا وەک ڕاوێژکارێکی باڵا بۆ وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان کار دەکات، وایگوت.

"لەڕاستیدا، وەک هەموو کۆمپانیا و بزنسەکانی دیکە لە کوردستان، هەموومان هەستمان بەو ئاستەنگانە کردووە لەم ساڵەی ڕابردوودا بەهۆی کێشەکانی ناو عێراقەوە. ئەو هەلەمان قۆستەوە بۆ نووسینی کتێبەکە".

ئێستا هەرێمی کوردستان بە قەیرانێکی داراییدا دەڕوات و پارەی پێویستی نییە بۆ خەرجکردن لە بواری گەشتوگوزاردا. لەیتۆن پێیوایە حکومەت لە ڕابردوودا هەڵەی کردووە لە هەوڵەکانی بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیارانی عەرەب بۆ کوردستان".

لەیتۆن هەروەها بە (رووداو)ی گوت "لەڕووی مێژووییەوە، عەرەب نایەن بۆ ئێرە و پارەیەکی زۆر لێرە خەرج ناکەن. لێرە شتی زۆر بۆ ئەوان نییە. ئەوان گوێ بە مێژوو نادەن، بەڵام کوردستان دەوڵەمەندە بە مێژوو".

ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە وەبەرهێنان لە گەشتوگوزاری عەرەبیدا بۆ ماوەیەکی زۆر خەرجییەکەی خۆی دەرناهێنێتەوە، چونکە داعش بە تەواوی باکووری لە باشوور دابڕیوە.

ئەو پێشنیازی ئەوە دەکات کە سەرنجی زیاتر بخرێتە سەر بازاڕی ئەمریکی و ئەورووپی و ئوستڕالی، بەبڕوای ئەو، ئەم جۆرە گەشتوگوزارییە داهاتووی دەبێت لە کوردستان.

پڕۆژەی کوردستانی عێراق دەتوانێ ئەو تۆڕە گەورەیەی هەیەتی لە هاوبەشە بازرگانییەکانی کە پێکدێن لە 700 کۆمپانیای دیکە، بەکاربهێنێت بۆ دۆزینەوەی ئەو گەشتیارانەی خوازیارن بچنە ناوچەیەکی نوێ.

"هەموویان چوونەتە مەنگۆلیا. بە بەلەم بەناو ئەمازۆندا چوون. چوونەتە نیل. دەیانجار چوونەتە تورکیا. ئیسرائیل کۆن بووە بۆ ئەوان. بەدوای شوێنێکی نوێدا دەگەڕێن و لێرە ئەو شوێنەمان هەیە" لەیتۆن وایگوت.

بەمزووانە، ئەو ڕێبەرە نوێیە لە سەرتاسەری کوردستان و لە پێگەی ئەمازۆن لە مانگی حوزەیراندا دەفرۆشرێت. سکوت بەهیوایە ئەو کتێبە نیشانی جیهانی بدات کە چیاو کانیاوەکانی کوردستان زیاتر لە ویلایەتی کۆلۆڕادۆی ئەمریکا دەچێت، نەک بیابانێکی وشک.

بەشێک لە قازانجی کتێبەکە دەدرێت بە قوربانیانی جەنگی داعش و بەشێکی دیکەی تەرخان دەکرێت بۆ چاککردنەوەی ئەو شوێنەوارانەی پشتگوێخراون.



# تابلۆکانی خۆی بۆ خۆگەرمکردنەوە سووتاند

**فەرهاد قادر**
**رووداو- سلێمانی**

شێوەکارێکی کورد کە ئێستا لە کەلاوەیەکدا لە شاری سلێمانی دەژیت، دەڵێت لە سەرمان تابلۆکانی خۆی بۆ خۆگەرمکردنەوە سووتاندووە، بەڵام ژنێک بەهانایەوە هاتووە و دوو بەتانی بۆ هێناوە، تاوەکو چیدی تابلۆکانی نەسووتێنێ. ئەو شێوەکارە کە پەیکەرێکی بۆ دروستکراوە، دەڵێت شوێنی پەیکەرەکەی زۆر لە شوێنی ژیانی خۆشترە.

محەممەد ناشاد، هەر بە ناسناوەکەیەوە دیارە کە هیچ شادییەکی لە ژیانی خۆیدا نەبینیوە، چونکە هەر زوو شیرازەی خێزانەکەی تێکچووە بەهۆی خراپیی باری ئابوورییان. ئەو تاوەکو ئێستا ژنی نەهێناوە و ئێستا لەنێو خانوویەکی نیمچە کەلاوەدا بە دیار تابلۆ و فڵچە و بۆیەکانیەوە دانیشتووە، بەڵام کەس نرخ بۆ تابلۆکانی دانانێت.

ناشاد لەساڵی 1954 لە گەڕەکی کانێسکانی سلێمانی لەدایک بووە، هەر لە منداڵییەوە خولیای وێنەکێشان بووە. تەمەنی تەنیا 11 ساڵ بووە کە بەشداری لە پێشەنگایەکی قوتابخانەکەیدا کردووە.

ناشاد ساڵانێکی زۆر پێشمەرگە بووە و هاوکارێکی باشی پێشمەرگەش بووە، بەڵام ئێستا دوا ڕۆژەکانی ژیانی لە ژوورێکی نیمچە کەلاوەدا بەڕێدەکات. ئەو گوتی "من لە حەفتاکاندا پێشمەرگە بووم، هەشتاکانیش زۆربەی تابلۆی سەر دیوارەکان کە وێنەی شەهیدەکان بوون من دەمکێشان، لە بەرامبەر ئەو خزمەتەم ئێستا لە ژوورێکدام لەناو سەرای سلێمانی کە شێوە کەلاوەیەکە".

## ئیرەیی بە پەیکەرەکەی دەبات

ناشاد ماوەی پێنج ساڵە لە جەنگدایە لەگەڵ نەخۆشییەک کە چارەسەری ئەستەمە، ئەویش نەخۆشی شێرپەنجەی قورگ و سییە.

ناشاد دەڵێت "کاتێک تووشی ئەو نەخۆشییە بووم وایاندەزانی دەمرم. بە سوپاسەوە پەیکەرێکم بۆ کرا و لە پارکی ئازادی دانرا. زۆر دڵخۆش بووم کە تا لە ژیاندا بووم ئەوەم بۆ کرا، بەڵام من خەونم ئەوە بوو شوێنێکم هەبێت وەک گەلەری بەناوی ناشاد". ناشاد چووەتە بەردەم پەیکەرەکەی ڕاوەستاوە و پێیگوتووە "خۆزگەم بە خۆت، شوێنی تۆ زۆر لە شوێنی ئێستای من خۆشترە".

ناشاد میراتگرێکی نییە کە دوای نەمانی شانازی بە کارەکانییەوە بکات، چونکە ژنی نەهێناوە. ناشاد هۆکارەکەی ڕوونکردەوە و گوتی "من لە هەشتاکانەوە بێ لانەم ء ماڵی من دەربەدەری و کەلاوەکان بووە، ئیدی چۆن ژن بێنم و ژیانی کەسێکی دیکەش بشێوێنم".

ناشاد فەرمانبەری وەزارەتی ڕۆشنبیرییە و مووچەکەی تەنیا 350 هەزار دینارە، بەڵام دەڵێت ئەو مووچەیە تەنانەت بەشی دەرمانی نەخۆشییەکەشی ناکات، چونکە هەفتانە بایی 100 هەزار دینار دەرمان دەکڕێ.

## تابلۆکانی دەسووتێنێ

خراپیی ڕەوشی ژیانی ئەو هونەرمەندە شێوەکارە، ئەو هونەرمەندەی ناچار کردووە کە دەستی بچێتە سووتاندنی تابلۆکانی و کامێراکەشی کە زۆری خۆشویستووە بفرۆشێ.

ناشاد باسی هۆکاری سووتاندنی تابلۆکانی دەکات و دەڵێت "بەڵێ من زۆربەی شەوەکان لە کەلاوەء شەقامەکان ڕۆژم کردووەتەوە، لە شەوێکی سەرمای زستان تابلۆکانم دەسووتاند تاوەکو گەرمم بێتەوە، لەو کاتەدا ژنێک هاتە دەرەوە لە ماڵێک کە منی بەم حاڵەوە بینی، دوو بەتانی بۆ هێنام، بۆ ئەوەی چیدی تابلۆکانم نەسووتێنم، منیش هەندێک لە تابلۆکانم بە دیاری دایە ئەو خانمە".

سەبارەت بە فرۆشتنی کامێراکەشی گوتی "دوو مانگ برسێتی و بێ پارەیی بۆ داوودەرمان وای لێکردم هاوڕێ هەمیشەییەکەم کە کامێراکەم بوو بە نرخێکی زۆر کەم بفرۆشم".

## جەستەبەخشان پێشانگەی بۆ دەکەنەوە

شێرپەنجە و نەبوونی و بێ لانەیی، چۆکی بە ناشاد دانەداوە. ئەو بەردەوامە لە وێنەکێشان. کاتێک (رووداو) سەردانی کرد، چواردەوری پڕبوون لە تابلۆی تازە دروستکراو.

ئەو گوتی سێ ساڵە داوای کردنەوەی پێشەنگایەک دەکات، بەڵام کەس وەڵامی نەداتەوە، دواجار ڕێکخراوی جەستەبەخشانی کوردستان بڕیاریانداوە پێشانگایەکی بۆ بکەنەوە.

ناشاد گوتی "ئەم ڕێکخراوە بەڵێنیان پێداوم مانگی داهاتوو پێشەنگایەکم بۆ بکەنەوە. هیوادارم مردن ڕێگەم بدات، تاوەکو بتوانم تابلۆکانم تەواو بکەم بۆ ئەوکاتە".

# گوڵاوەکەی حاجی سەبریە لە پرسەی خۆیدا نەپرژێنرا

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو، کەم نەبوون ئەو پرسانەی ژنان لە سلێمانی کە گوڵاوەکەی حاجی سەبریەیان تێدا دەپرژێنرا، بەڵام لە پرسەکەی خۆیدا هیچ گوڵاوێک نەپرژێنرا، چونکە ساڵانێک بوو وازی لەو پیشەیە هێنابوو، کەلوپەلەکانی گوڵاو دروستکردنیشی دابووە مۆزەخانەی سلێمانی.

ڕۆژی 2015/5/20 ژنێک کە نە سیاسەتمەدار بوو نە خوێندەوار و ڕۆشنبیر، مردنە ئاساییەکەی بووە هەواڵی میدیا ناوخۆییەکانی سلێمانی. ئەو ژنە تەمەن 87 ساڵە کە ناوی حاجی سەبریەی حاجی کەریمی شمقار بوو، لە نێو خانووە دێرینەکەی خۆی لە گەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی جەڵدەی دڵ لێیدا و پاش چەند ڕۆژێک مانەوە لە نەخۆشخانە کۆچی دوایی کرد.

حاجی سەبریە نیو سەدە زیاتر خەریکی دروستکردنی گوڵاو بووە، هەر بەو ڕێگایەش ناوبانگەکەی وەکو بۆنی گوڵاوەکەی بە سلێمانی و دەوروبەریدا بڵاوبووبووەوە.

حاجی سەبریە ئەو پیشەیەی لە دایکییەوە بۆ مابووەوە، بەڵام منداڵەکانی درێژەیان بە پیشەکە نەدا و ئەویش 7 ساڵ لەمەوبەر بەهۆی بەساڵاچوونیەوە وازی لەو پیشەیە هێنا.

گوڵاوەکەی حاجی سەبریە لە زۆر پرسەی ژناندا لە شاری سلێمانی بەکارهاتووە، هەروەها بۆ هەندێکخواردنیش بەکارهێنراوە.

هەرچەندە حاجی سەبریە بەشی خۆی تەمەنی بەسەربردبوو، بەڵام پرسەی ژنانی هێندەی پرسەی کچێکی چواردە ساڵ قەرەباڵغ بوو. بەڵام ئەوەی نادیار بوو تەنیا گوڵاوەکەی دەستکردی خۆی بوو.

حاجی سەبریە خاوەنی 2 کوڕ و 3 کچە، لەسەرەتای حەفتاکاندا هاوژینەکەی کۆچی دوایی کردووە، ئەویش بۆ پەیداکردنی داهات بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانی پەنای بۆ دروستکردنی گوڵاو و عارەقی نەعنا بردووە.

حاجی سەبریە بۆ دروستکردنی گوڵاو، مەنجەڵێکی مس و تەشتێک ئاوی ساردی بەکارهێناوە، هەردووکیانی بەقامیشێک پێکەوە گەیاندووە. سەرەتا گوڵەکانی کردووەتە نێو مەنجەڵەکەوە و کوڵاندوویەتی، هەڵمەکە لە ڕێگەی قامیشەکەوە دەگەیشتە نێو تەشتە ئاوە ساردەکە کە ئامێرێکی لەنێو داناوە و پێی گوتراوە (گومگومە) و لەشێوەی مەسینەدا بووە، دوای ئەوەی هەڵمەکە لە قامیشەکەدا بووەتە دڵۆپە ئاو، چووەتە نێو گومگومەکە و بووەتە گوڵاو، بە نزیکەی 6 تاوەکو 7 کاژێر گومگومەکە پڕ دەبوو لە گوڵاو.

حاجی سەبریە تەنیا لەمانگەکانی نیسان و ئایاردا، واتە وەرزی پێگەیشتنی گوڵ ئەو کارەی کردووە، بەڵام لەکاتی خۆیدا داهاتێکی زۆر باشی لێوە دەستکەوتووە و توانیویەتی بۆ ماوەی ساڵێک خێزانەکەی پێ بژێنێ.

ئاشنا عەلی، کچی حاجی سەبریە بەهۆی کۆچی دایکی سەرتاپای ڕەشپۆش بوو، هێندە بۆ دایکی گریابوو دەنگی نووسابوو. ئەو کاتی خۆی یەکێک بووە لەهاوکارەکانی دایکی و گوتی "ئەو کارەی دایکمان زۆر باش بوو، خەڵکانێکی زۆر دەهاتن بۆ ماڵمان لێیان دەکڕین و داهاتی باشی هەبوو، تەنانەت دەیانبرد بۆ بەغدا و دەرەوەی وڵاتیش".

حاجی سەبریە گوڵاوەکەی کردووەتە نێو شوشە. ئاشنا گوتی "ڕۆژی وا هەبوو 100 بوتڵمان دەفرۆشت، گوڵاوەکە بۆ محەلەبیش بەکاردەهات".

گوڵاوەکەی حاجی سەبریە لەزۆربەی پرسەکانی سلێمانی و شارەکانی دیکەش بەکاردەهێندرا دەشتوانرا بۆ چەند ساڵێک هەڵبگیرێ، بەڵام پێدەچێ حاجی سەبریە قەت بیری لەوە نەکردبێتەوە گوڵاو بۆ پرسەکەی خۆی هەڵبگرێ، ئاشنا گوتی "بەداخەوە لەم پرسەیەدا گوڵاوەکەی دایکم نییە تاوەکو بیپرژێنین بەسەر خەڵکدا".

زۆربەی ئەو ژنانەی لەنێو پرسەکەدا بوون گوڵاوەکەی حاجی سەبریەیان بەکارهێناوە و دەڵێن کە هەرگیز بۆنی ئەو گوڵاوە دووبارە نابێتەوە. حاجی ئامینەی حاجی ساڵح، دۆستێکی نزیکی حاجی سەبریە بوو لە پرسەکەی دانیشتبوو. ئەو ژنە کە پێشتر گوڵاوەکەی حاجی سەبریەی بەکارهێناوە گوتی "کاتی خۆی لە بازاڕیش گوڵاو هەبوون، بەڵام هیچیان وەکو گوڵاوەکەی حاجی سەبریە نەبوون، ئێمە بۆ پرسە و مەولوودخوێندنەوە بەکارمان دەهێنا، بەڵام داخی گرانم کە لەم پرسەیەیدا نەبوو".

حاجی سەبریە جگە لە گوڵاو، عارەقی نەعناشی بەهەمانشێوەی گوڵاو دروستکردووە کە بۆ نەخۆشی بەکاردەهێنرێت. فەرهاد عەلی کوڕی حاجی سەبریە وەکو منداڵەکانی دیکەی هاوکاریی دایکی کردووە. ئەو گوتی "جگە لە گوڵاوەکە، عارەقی نەعناکەشی داهاتێکی زۆر باشی هەبوو بۆمان".

حاجی سەبریە گوڵاوەکەی نەفرۆشتووە بەهیچ دوکاندارێکی نێو بازاڕ وەک فرۆشیاری سەرەکی، بەڵکو ئەو کەسانەی ویستوویانە خۆیان سەردانی ماڵەکەیان کردووە بۆ کڕینی گوڵاوەکە.



## کەلوپەلەکانی لە مۆزەخانە دانراون

حاجی سەبریە دوای چوونە تەمەنەوە، ماوەی نزیکەی 7 ساڵ بوو توانای ئەو کارەی نەمابوو، بۆیە خێزانەکەی پێداویستییەکانی دروستکردنی گوڵاوەکەیان پێشکەشی مۆزەخانەی سلێمانی کرد.

فەرهاد عەلی گوتی "دایکم ئەو پێداویستییانەی لە دایکییەوە بۆ مابووەوە، ئێمەش بۆ پاراستنی، پێشکەشی مۆزەخانەمان کرد بۆ ئەوەی بڕواتە نێو ئەرشیفی شارەکەمان".

هاشم حەمە عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری مۆزەخانەی سلێمانی بە (رووداو)ی گوت "ڕاستە ماوەی چەند ساڵێکە پێداویستییەکانی حاجی سەبریە لای ئێمە پارێزراوە، چاوەڕێی کردنەوەی مۆزەخانەی کلتووری دەکەین، بۆ ئەوەی ئەو پێداویستییانە بەنێوی خێزانەکەی حاجی سەبریە نمایش بکەین".

# سەرکەوتنێکی گەورەی کورد لە کۆشکی سپی

**مایکڵ نایتس**

ڕۆژانی 3 تاوەکو 8ی ئایار، واشنتنی پایتەختی ئەمریکا میوانداری شاندێکی باڵای هەرێمی کوردستانی کرد بە سەرۆکایەتی سەرۆک مەسعود بارزانی.

لەم سێ ساڵەی ڕابردوودا و لە پاش دوایین سەردانی بارزانییەوە بۆ کۆشکی سپی، زۆر شت گۆڕاون. لەو سەردانەی پێشوودا، عێراق —پاش تێپەڕبوونی شەش مانگ لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا- یادەوەرییەکی ناخۆش بوو کە ئیدارەی ئۆباما دەیویست لەبیری بکات. بەڵام عێراقی ئەمڕۆ گۆڕەپانی سەرەکیی جەنگێکە لەدژی ڕێکخراوێک بەناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام.

بەئەندازەی هەمان ئەم گرنگییە، پەیوەندییەکانی ئەمریکا و کورد تووشی ئاڵۆزییەکی زۆر هات لەدوای سەردانەکەی بارزانییەوە لە حوزەیرانی 2012. واشنتن ئامادە نەبوو پشتیوانی لە هەوڵێکی فرە تائیفی بە سەرۆکایەتی بارزانی بکات لە ئایاری 2012 کە ئامانجەکەی لەکارلادانی سەرۆک وەزیران نوری مالیکی بوو. وەک دەرئەنجامێکی ئەوەش، سەرۆک وەزیران دەستیکرد بە ناردنی هێزی سەربازیی پڕچەک بە چەکی ئەمریکی بۆ سنووری کوردستان، تەنانەت بە جەنەراڵەکانی خۆی گوتبوو کە ڕۆژێک دێ بەرەو هەولێر دەکشێن، پاش ئەوەی فڕۆکەی F-16ی ئەمریکییان بەدەست دەگات.

وابڕیارە ئەو فڕۆکانە ناوەڕاستی مانگی تەمموزی داهاتوو بگەنە عێراق و پایزی ئەمساڵ لە ئاسمانی عێراقدا بەکاربخرێن.

## ترسی کورد لە ڕەوانەکردنی چەک

لەم کەشوهەوایەدا و لەماوەی نۆ مانگی ڕابردوودا، سەرکردەکانی کورد تادەهات تووڕەتر دەبوون بەهۆی ئاستی پشتیوانی سەربازیی ئەمریکی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە.

کورد بەتایبەتی نیگەران بوون لەوەی واشنتن لە "سندووقی مەشق و پڕچەککردنی عێراق" کە بڕەکەی 1.6 ملیار دۆلارە، ڕێژەیەکی زۆر کەمی بۆ کوردستان تەرخان کردووە.

ئەم سکاڵا و گلەییە بڕی ئەو تفاق و پێداویستیانەش دەگرێتەوە کە بۆ کوردستان تەرخان کراون، دیارترینیان ئەوە بووە کە لەکۆی 250 تانکی دژەمین و دژە بۆسە کە ولایەتە یەکگرتووەکان بۆ عێراقی ناردبوون، تەنیا 25 دانەیان دراونەتە کورد.

ڕەوانەکردنی لەسەرەخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەم چەکە ئەمریکیانە بووەتە سەرچاوەی دڵەڕاوکێ. واشنتن ئەم بارە چەکانە ڕاستەوخۆ ڕادەستی وەزارەتی بەرگریی عێراق دەکات، چونکە بەگوێرەی یاساکانی ئەمریکا تاکە لایەنی ڕێپێدراوە بۆ واژووکردنی بەڵگەنامەکانی وەرگرتنیان لەلایەن دوایین بەکارهێنەری ئەم چەکانەوە.



کورد گومانیان هەیە لەوەی حکومەتی فیدراڵی بەئەنقەست خاوەخاو دەکات لە ناردنی ئەو تانکانەی بریندارپان پێ دەگوازرێتەوە. ئەوان تەنانەت دەڵێن تانکە دژە مینەکانی پارێزراو لە بۆسە کە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان نێردراون، پێش ناردنیان بەئەنقەست خراپ کراون.

وەک کاردانەوەیەک لەبەرامبەر ئەم تۆمەتانە "لیژنەی خزمەتگوزاریە سەربازییەکان" لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا، هەندێ حوکمی نوێی بۆ "یاسای بڕیاردانی بەرگریی نیشتمانی"ی ساڵانە- بودجەی وەزارەتی بەرگری- زیادکرد، ئەوەش وەک هەوڵێک بۆ پاراستنی پشکی عادیلانەی کورد لە چەکە ئەمریکییەکان.

بەوجۆرە پرۆژە "یاسای بڕیاردانی بەرگریی نیشتمانی" بۆ ساڵی دارایی 2016 هەموارکرا، کە ئەمە نوسخەیەکی پێشوەخت و پەسەند نەکراوە لە یاساکەی کۆتاییدا. ئەوەی زیادکراوە، بریتییە لە (بەندی 1223) کە پێشمەرگە وەک هێزگەلێکی پارێزەری ئاسایش پێناسە دەکات و دەڵێت مافی خۆیەتی لە کۆمەکی ساڵانەی ئەمریکا کە بڕەکەی 715 ملیۆن دۆلارە، لانیکەم 25%ی بەربکەوێ.

بەڵام خاڵێک کە زۆر جێی مشتومڕە، ئەوەیە کە ئەم هەموارە ڕێ بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدات وەکو "دەوڵەت" سوودمەند بێ لە کۆمەکی ڕاستەوخۆی ولایەتە یەکگرتووەکان ئەگەر بەغدا وەکو پێویست ڕێزی مەرجەکانی نەگرت. ئەم بەندە هەڕەشەی سەرکردەی میلیشیا شیعەکانی بەدوای خۆیدا هێنا لەو ڕاهێنەرە ئەمریکیانەی ئێستا لە عێراقن.

## کورد لە لێوارەکەی گەڕانەوە

وادیارە سەردانەکەی واشنتن لە سەرەتای مانگی ئایاردا، تەنیا جەنگێکی دیکەی ئەو ململانێیەیە کە لە نێوان واشنتن و هەولێردا خەریکە ئاڵۆزتر دەبێ، بەڵام کورد ڕێیەکی جیاوازیان گرتەبەر. ئەوان لەڕێی خوێندنەوەیەکی دروستی ئەو ئاماژانەی لە واشنتنەوە دەهاتن، بەشێوەیەکی ژیرانە لە لێواری ئەوە گەڕانەوە کە ببنە هۆکاری هێرشێکی وێرانکەر بۆ سەر سیاسەتی نێوخۆی ئەمریکا.

پێدەچێ ئەو هەموارکردنەی بە قازانجی کورد کرا لە پرۆژەی "یاسای بڕیاردانی بەرگریی نیشتمانی" مایەی گرنگیدانی واشنتن بووبێ، بەڵام ئەگەر تا دواسنوور پاڵیان پێوەنابا، لەوانەبوو لە کۆتاییدا بە زیانی دۆزی کورد تەواوبێ.

بەغدا ناڕەزایی لە زمانی ئەم یاسایە دەربڕی. جۆ بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکاش چەند ڕۆژێ پێش گەیشتنی شاندی کوردی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە "سەرجەم کۆمەکە سەربازییە ئەمریکییەکان لە جەنگی دژی (دەوڵەتی ئیسلامی)دا لەسەر داخوازیی حکومەتی عێراق دەبن و هاوئاهەنگییەکەش دەبێ لەڕێی حکومەتی عێراقەوە بێت".

بەندی ژمارە 1223 لە یاسای بڕیاردانی بەرگریی نیشتمانی، بەرەوڕووی ئیدارەیەکی ئەمریکی بووەوە کە چاوەڕوان دەکرا بەرگرییەکی سەخت لە دەسەڵاتەکانی خۆی بکات لە مەسەلە سەربازییەکان و ئۆپەراسیۆنەکاندا. قەدەری ئەم بەندە وابوو کە دەبوو شەڕی بۆ بکرێ و لە دواجاریشدا هەر لاببرێ پێش ئەوەی پرۆژە یاساکە بخرێتە بەردەم کۆنگرێس بۆ پەسەندکردنی. بەڵام بارزانی لەجیاتی ئەوەی بە سیاسەتی گوشار هەوڵی ناچارکردنی کۆشکی سپی بدات بۆ پشتیوانیکردنی کوردستان، وادیارە ڕوانگەیەکی دووربینانەی هەڵبژارد بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ولایەتە یەکگرتووەکان لەبواری بەرگریدا. ئەمە بە هەنگاوێکی زیرەکانە دادەنرێ، چونکە بەندی ژمارە 1223 شتێکی ئەوتۆی نەدەدایە کورد-کە چارەکی کەرەستە ئەمریکییەکان بەشێوەیەکی دەستەجەمعی لەگەڵ سوودمەندانی تری هێزی نیمچە سەربازی لە عەرەبی سوننە دابەش دەکەن- بەڵام لەوانە بوو ببێتە هۆکاری ئاڵۆزییەکی گەورەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیدارەی ئۆباما لە کاتێکی هەستیاردا.

## مێشگرتن بە هەنگوین

کورد بە نیەتێکی ڕۆشنەوە، بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حکومەتی ئەمریکا هاتنە واشنتن نەوەک بۆ دووبارە خستنەوەڕووی نادادییەکانی ڕابردوو یان کردنەوەی دەرگا بەڕووی جەنگی نوێ، ئەم نزیکبوونەوەیەش لەمێژە چاوەڕوانکراوە.

تۆنی قسەکردنی میوانە کوردەکان لە هەموو ڕوویەکەوە پۆزەتیڤ بوو. بارزانی هیچ هەلێک نەما نەیقۆزێتەوە بۆ سوپاسکردنی حکومەت و گەلی ئەمریکی کە لە پەلامارەکەی داعشدا بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە ئابی 2014 کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەیان هەبوو بەهۆی گورزی ئاسمانی و کۆمەکە سەربازیەکانیان.

لە مەسەلەی چەکیشدا، بارزانی ژیرانە خۆی لەو ناکۆکییە بەدوورگرت کە لەسەر پرۆژە یاسای بڕیاردانی بەرگریی نیشتمانی لە ئارادا بوو، ئەوەش لەڕێی قبووڵکردنی ئەو گەرەنتیە ئەمریکیانەی کە ولایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی "چەکی پێویست" دابین دەکەن، بێ هەوڵدان بۆ سەپاندنی فۆرمێکی پابەندکەر لەسەر کۆشکی سپی.

پێموایە هەر پێشاندانی ئەم نەرمیەش بوو کە بووە هۆی ئەوەی دیدارە کورتەکەی سەرۆک باراک ئۆباما (وەک بڕیار بوو تەنیا پێنج خولەک بخایەنێ لە هۆڵی ڕۆزفێڵت لە کۆشکی سپی) درێژ بکرێتەوە بۆ گفتوگۆیەکی یەک کاژێری لەگەڵ بارزانی سەبارەت بە پەیوەندییەکانی کورد و ولایەتە یەکگرتووەکان.

شاندەکەی کورد بە وردی گوێیان لە ڕوونکردنەوەی لایەنی ئەمریکی گرت سەبارەت بەو بارە چەکانەی تەرخانکراون، بۆ سەلماندنی ئەوەی کە واشنتن —بەهۆی پێوەرە لەسەرخۆ و خاوەکانی بە دانپێدانانی خۆیان- هێندەی لەتوانادا بێت خێراتر هەنگاو دەنێ بۆئەوەی کۆمەکە سەربازییەکان بگەیەنێتە دەستی کورد.

بەهەمان شێوە، وەزارەتی بەرگریی ئەمریکاش ئەوەیان بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە بۆ کورد سەلماند کە هەندێ لەو بانگەشانەی دەکرێن- وەکو ئەوەی گوایە دەسەڵاتدارانی عێراق زرێکانیان لەو تانکانە دەرهێناون کە دژە مین و دژە بۆسەن و بۆ هەرێمی کوردستان نێردرابوون- بەهیچ جۆرێک ڕاست نەبوون.

بارزانی بەرامبەر حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراقیش زۆر پۆزەتیڤ بوو. لە سەنتەرێکی توێژینەوە لە واشنتن، بارزانی بە ئامادەبووانی گوت "بەردەوام دەبین لە یارمەتیدانی"، و گومانە زۆرەکانی کوردی لە عەبادی و توانای بەجێهێنانی بەڵێنەکانی لەبواری دارایی و دابەشکردنی دەسەڵات، لەدڵی خۆیدا هێشتەوە.

ئەم گومانە لە عەبادی، ڕاستی و دروستیی خۆی بەیان کرد کاتێک بەشە پارەی کورد لە بەغداوە ڕەوانەکرا و دەرکەوت زۆر کەمتر بوو لەوەی ئەوان چاوەڕێیان دەکرد (445 ملیۆن دۆلار)، ئەمە لەکاتێکدا ئاشکرا بوو کە شاندە کوردیەکە لە واشنتن بوون، بەڵام بەشێوەیەکی ژیرانە خۆیان لە ڕەخنەگرتنی ئاشکرا بەدوورگرت و هەڵیانگرت بۆ دوای سەردانەکە.

سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنی داهاتووی ڕزگارکردنی مووسڵیش- کە بارزانی گوتی تاکە ڕێگەیە بۆ بەدیهێنانی شکستە ستراتیژییەکەی ڕێکخراوی داعش- کورد بەڵێنیان دا کە هەرچییان لێ داوابکرێ دەیکەن، جگە لە داگیرکردنی ناوچە عەرەبیەکان.

ئەمەش دیسان ئامرازێکی ژیرانە بوو بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەوکاتەی واشنتن هێشتا پێیوایە جەنگی مووسڵ زۆر گرنگە، کەچی سەرکردە عێراقیەکان هێواش هێواش گرنگیی ئەم شارەی باکووریان لەبیرکرد و خۆیان سەرقاڵی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنبار و سەلاحەدین کرد کە سوودێکی خۆپارێزانەی گەورەتری بۆ شیعەکانی ناوەڕاستی عێراق هەیە.

## گەمەی نەفەسی درێژ

ئەدای کورد لە واشنتن ئەدایەکی دەستەجەمعی بوو، میتۆدی بارزانییش دانبەخۆداگرانە بوو، ئەوەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئەو گەورەترین بڕیارسازی نێو کوردەکانی عێراقە نەک بەرپرسێکی پاشکۆی دەسەڵاتێکی باڵاتر لە شوێنێکی دیکە.

بارزانی ئاماژەی بۆ ئامانجی ڕاستەقینەی سەردانەکەی کرد کاتێک گوتی "شەڕ لەدژی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی کاری لەپێشینەی ئێمەیە لەم کاتەدا، بەڵام پرۆسەی بڕیاردانی مافی چارەنووس درێژەی دەبێت".

لە ڕوانگەی کوردەوە، ئەم سەردانە "پشکنینێکی پزیشکی بوو بۆ مەسەلەی سەربەخۆیی" بەگوێرەی وەسفی لوقمان فەیلی، باڵیۆزی عێراق لە واشنتن. واتە هەلێک بوو بۆئەوەی لەگەڵ ئەمریکییەکان تاوتوێی بۆچوونی خۆیان بکەن سەبارەت بە مافی بڕیاردانی چارەنووس لە نیوەی ولایەتی سەرۆکایەتیی ئەمریکادا.

وادیارە شاندی کوردی وەڵامێکی بێلایەنانەیان لە ئەمریکاییەکان وەرگرتووە سەبارەت بە پرۆسەی بڕیاردانی مافی چارەنووس، ئەمە بۆ ئەوان وەکو هەڵکردنی چرای سەوز بوو بۆ درێژەدان بە جموجوڵی لەسەرەخۆ و ئاشتیانە بەرەو سەربەخۆیی ئابووری و دانپێدانان بە شەرعیەتی دەوڵەتەکەیان لە ئایندەدا.

حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتگیرییەکی بەهێزی کۆنگرێسی ئەمریکای بەدەستهێناوە و زەحمەتە جارێکی دیکە لەدەستی بدات تا ئەوکاتەی ئەم نفوزە بە خەرج نادا و حەماسەتی لایەنگرانی لە وەختێکی زۆر زوودا سارد ناکاتەوە.

کورد هەروەها لەلایەن وەزارەتی بەرگریی ئەمریکاشەوە پشتگیرییەکی توند دەکرێ و هەروا ڕوو لە هەڵکشانیشە ئەم پشتگیرییە بۆ هاوبەشێکی خۆی لەشەڕی دژی داعش و داڵدەدەری بنکە نوێیە تەمەن مامناوەندەکەی ئەمریکا لە فڕگەی حەریر لە کوردستان.

بەڵام ئەوانەی کە وەکو بەربەست دەمێننەوە، بریتین لە کۆشکی سپی و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کە هەردووکیان لە سەرەتای 2017دا دەبنە خاوەنی سەرۆکی نوێی و ئەندامانی نوێ (بۆ ئەنجومەن)، هەروەها وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کە مەیلی بەلای پشتگیریکردنی دەسەڵاتدارانی حکومەتی فیدراڵیدایە لە عێراق.

لەڕێی سووککردنی باری سەرشانی ئیدارەی ئەمریکاوە لە عێراق لە ماوەی نزیکدا، وادیارە کورد دەستیان بە هەوڵ و تێکۆشان کردووە بۆ ڕاکێشانی هاوپەیمانی زیاتر بەلای خۆیاندا لەپێناوی گوشارکردن بۆ سەربەخۆیی و زامنکردنی دانپێدانانی نێودەوڵەتی.

سەرچاوە: پەیمانگەی واشنتن بۆ سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک

## دوو سیناتۆری ئەمریکی:

# ڕومادی بە سوننەکان کۆنترۆڵ دەکرێتەوە نەک حەشدی شەعبی

**یەریڤان سەعید**
**ڕووداو — واشنتن**

ئەمریکا ڕەزامەندی لەسەر چوونی میلیشیا شیعەکان بۆ ڕزگارکردنی ڕومادی نیشانداوە. ڕەزامەندی حکومەتی ئەمریکا سەرەڕای هۆشداریی کۆنگرێسی ئەمریکا دێت لەوەی کە ئەو میلیشیایانەی شیعە مەیلیان بەلای ئێراندا هەیە و شەڕی تایفی قووڵتر دەکەنەوە.

ستیڤ وارێن، گوتەبێژی پێنتاگۆن بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند "میلیشیاکان ڕۆڵێک لەمەدا دەگێڕن. ئەگەر لەلایەن حکومەتی ناوەندیی بەغداوە کۆنترۆڵ بکرێن، دەتوانن بەشدار بن." وارێن ئەوەشی گوت کە بەهۆی ئەوەی شەڕەکە لە نێو شاردایە "توانای هێزی ئاسمانی سنووردارە و بەربەستی گەورەی دروستکردووە."

دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)، شاری ڕومادی ناوەندی پارێزگای ئەنباری داگیرکرد. ئەمەش دووەم سەرکەوتنی گەورەی ئەو گرووپە بوو بەسەر سوپای عێراقیدا لەپاش داگیرکردنی هەردوو پارێزگای نەینەوا و سەلاحەدین. بەپێی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی سەر بە داعش بێت، ئەو گرووپە نزیکەی 30 هەمەری ئەمریکی و 10 تانکی ئابرامزی ئەمریکی و چەندین تۆن تەقەمەنی و چەکی لەو شارەدا دەستکەوتووە.

سێناتۆرە کۆمارییەکان، زۆربەیان کە ڕەخنە لە ستراتیژی ئۆباما لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش دەگرن، هۆشدارییان دا لەوەی کە ئەگەر ڕێ بە میلیشیاکانی سەر بە ئێران بدرێت کۆنترۆڵی ناوچە سوننەکان بکەن، ئەوە ئاگری شەڕی تایفی خۆشتر دەبێ.

لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا، جۆن مەککەین و لینزی گراهام دەڵێن "هەرچەندە میلیشیا شیعەکان لە پارێزگای ئەنبار سەرکەوتن مسۆگەر بکەن، هێشتا زیانی ستراتیژییان زۆرتر دەبێت تاوەکو سوود. ئەوەش بەهۆی ئەو توندڕەوییە مەزهەبی و ترس و گومانەیە کە دەیخەنە دڵی سوننە عێراقییەکانەوە. هەروەها بوونی ئەم گرووپانە ئەو بڕوایە توندتر دەکات کە حکومەتی ناوەندی بەغدا ناتوانێت یان نایەوێت پارێزگاری لە سوننەکان بکات".

ئەو دوو سیناتۆرە داوا دەکەن هاوکاریی سوننەکان بکرێت تا خۆیان شەڕ بۆ خۆیان بکەن "شکاندنی داعش بە بەهێزکردنی ئەو سوننانە بەدی دێت کە دەیانەوێت هەستنە سەرپێ و خۆیان شەڕی داعش بکەن، ئەوەش بە تێکەڵکردنیان دەبێت لەگەڵ هێزە ئەمنیەکانی عێراق و دابینکردنی چەک و هاوکاری سەربازیی ئەمریکی بۆیان".

سیاسەتکارە سوننەکان حکومەتی شیعی حەیدەر عەبادی بەوە تۆمەتبار دەکەن کە بەشێوەیەکی دروست مەشق بە هێزە سوننەکان ناکات و چەکداریان ناکات لە ترسی ئەوەی کە ڕەنگە ئەو چەکانە دواتر لە دژی بەغدا بەکاربهێنرێن.

هەفتەی ڕابردوو عەبادی فەرمانی بە میلیشیا شیعەکان کرد کە ڕومادی بگرنەوە، ئەمەش دوای ئەوەی کە ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای ئەنبار دەنگیان بۆ ناردنی ئەو هێزانە بۆ دەرکردنی داعش دا. هەندێک لە شرۆڤەکاران پێیانوایە بەغدا کەوتنی ئەو شارەی پێ باشتر بووە لەوەی چەک بداتە چەکدارە سوننەکان. ڤیدیۆی بەکۆمەڵ هەڵاتنی سوپای عێراق لەو شارەدا بەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبووەوە.

سکرتێری ڕۆژنامەوانی پێنتاگۆن هۆشداری دا کە شەڕی دووبارە داگیرکردنەوەی ڕومادی شەڕێکی "سەخت" دەبێت بەهۆی ژمارەی دانیشتووانی ئەو شارەوە. بەپێی داتاکانی یو ئێن، ژمارەی دانیشتوانی ڕومادی نزیکەی ملیۆنێکە و تەنیا چارەکێکی خەڵکەکە شارەکەیان بەجێهێشتووە "ڕومادی یەکێکە لەو ناوچە شارنشینانەی کە زۆر ئەستەمە شەڕی تێدا بکرێت" بە گوتەی وارێن.



# "کوردستان توانای ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای گەورەی نییە"

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

دوای ساڵانێک لە بێدەنگی، ڤایرۆسی تووشکەری ئەنفلۆنزای باڵندە لە پیرەمەگروونی نزیک سلێمانییەوە خۆی پێشانی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دایەوە. بەرپرسانی بواری تەندروستی دەڵێن دۆخەکە لەژێر کۆنترۆڵدایە و کاری پێویستیان کردووە بۆ پاراستنی تەندروستیی هاووڵاتیان، بەڵام هەندێک لە شارەزایانی کارگێڕیی تەندروستی دەڵێن تەندروستیی کوردستان توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانە تەندروستییە گەورەکانی نییە و هەر لەسەر چارەسەری نەخۆشییە ناسراو و درێژخایەنەکان کاری کردووە.

ئەنفلۆنزای باڵندە بەهۆی ڤایرۆسی H5N1 تووشی باڵندە و لەوانیشەوە تووشی مرۆڤ دەبێت. نیشانەکانی نەخۆشییەکە بریتین لە تا، کۆکە، ئازاری قورگ، سکچوون و ڕشانەوە و ئازاری سک و هەندێکجار خوێنبەربوونی پووک و لووت.

ئەنفلۆنزای باڵندە بە نەخۆشییەکی کوشندە هەژمار دەکرێت، بۆ نموونە لەکۆی 165 حاڵەتی تووشبوون بەو پەتایە لە میسر لە شەش مانگی رابردوودا، 48 کەسیان مردوون. لەسەر ئاستی جیهانیش لە ساڵی 1997ەوە و لەوکاتەوەی یەکەمین حاڵەتی گواستنەوەی ڤایرۆسەکە بۆ مرۆڤ دەستنیشانکرا، تاوەکو ئێستا ملیۆنان پەلەوەری نەخۆش خستووە و زیاتر لە 700 کەسیشی کوشتووە، بەڵام جێبەجێکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان، ئەگەری تووشبوون بەو نەخۆشییە ئێجگار کەم دەکاتەوە و مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی کۆنترۆڵ دەکات.

## "لە پەلەوەرەکان دووربکەونەوە"

پزیشکێکی پسپۆڕ دەڵێت پێویستە هەموو هاووڵاتییەک بەشێکی کارا بێت لە پرۆسەی ڕێگری لە ئەنفلۆنزای پەلەوەر و چاوەڕوانی خەڵکی دیکە نەبێت هەنگاو بنێن.

دکتۆر نەوڕۆز عوسمان سەرۆکی بەشی نەخۆشییە گوازراوەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستیی سلێمانی دەڵێت "دەبێ هەموو کەس خۆی بپارێزێت، هیچ کەس ناتوانێت کەسی بەرامبەری بپارێزێ، واتا هەموو کەسێک بەشێک لە ئەرکی دوورخستنەوەی نەخۆشییەکە لە ئەستۆ دەگرێ".

ئەو پزیشکە کە پسپۆڕێتی لە پزیشکی کۆمەڵدا هەیە، پێیوایە کاراترین ڕێگا بۆ خۆپاراستن لەو نەخۆشییە بریتییە لە دوورەپەرێزی لە پەلەوەرەکان و بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ کردنیان "دەبێت خۆمان لە پەلەوەرەکان بپارێزین و کەمترین بەرکەوتنمان لەگەڵیان هەبێت، ئەگەر حاڵەتی مردنی بە کۆمەڵی باڵندەش لە هەر شوێنێک هەستی پێکرا، دەبێ ڤێترنەری و خۆپاراستنی تەندروستی لێ ئاگادار بکرێتەوە".

هەرچەندە زیاتر سەرنجەکان لەسەر مریشکە، بەڵام دکتۆر نەوڕۆز دەڵێت هەموو پەلەوەرێک ئەگەری تووشبوونی هەیە "پەلەوەرێکی وەک قاز لەوانەیە هەڵگری ڤایرۆسەکە بێت و تووشمان بکات، بێئەوەی خۆی هیچ نیشانەیەکی نەخۆشیی هەبێت، بەپێچەوانەی مریشک و کۆترەوە کە لەواندا ڤایرۆسەکە کوشندەیە".

میسر زۆرترین حاڵەتی ئەنفلۆنزای باڵندەی تێدا تۆمارکراوە و سروشتی کۆمەڵایەتیشی تا ڕادەیەک لە کوردستانەوە نزیکە. بەهۆی لاوازی هۆشیاریی تەندروستیی خەڵکەکە و گوێ نەدان بە ڕێنماییە پزیشکییەکان، زیاتر لە 70%ی حاڵەتەکان لە پەلەوەرەوە بۆ مرۆڤ گوازراونەتەوە.

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دەڵێت، ڤایرۆسەکە لە باڵندەی زیندوو و مردووەوە دەگوازرێتەوە و تاوەکو ئێستا تێبینی نەکراوە لە گۆشتی کوڵاوی پەلەوەرەکانەوە خەڵکی تووشبکات.

## کام پەلەوەر لەنێودەبرێت؟

لەنێوبردنی پەلەوەر بڕیارێکی هەروا سادە نییە، چونکە زیانێکی ئابووریی گەورە لە خەڵک و حکومەتەکان دەدات. بۆیە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ڕێنمایی دەرکردووە بۆئەوەی تەنیا لە چواردەوری ئەو شوێنانە پەلەوەرەکان لەنێوببرێن کە حاڵەتی سەلمێنراوی ڤایرۆسی ئەنفلۆنزای باڵندە دەرکەوتووە. دەبێت پەلەوەرەکانی نێو بازنەیەک لە چواردەوری ئەو پەلەوەرە تووشبووە لەنێوببرێن کە تیرەکەی 1–3 کیلۆمەتر بێت.



## مرۆڤ لە کوردستان تووش نەبوون

وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ تاوەکو ئێستا لە باشووری کوردستان هیچ کەسێک تووشی ئەنفلۆنزای باڵندە نەبووە.

دکتۆر خاڵس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی بە (ڕووداو)ی گوت "ئەوەی تۆمارکراوە تاوەکو ئێستا چەند حاڵەتێکی تووشبوونی پەلەوەرە و هیچ حاڵەتێکی گوازرانەوەی نەخۆشییەکە بۆ مرۆڤ تۆمار نەکراوە".

سەبارەت بە ئامادەکارییەکانی وەزارەتەکەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر حاڵەتێکی تووشبوونی مرۆڤ بەو نەخۆشییە، دکتۆر خاڵس گوتی "سەرەتا کەمپەینی هۆشیارکردنەوەی تەندروستیمان دەستپێکردووە، هەروەک هۆبەی تایبەتی چارەسەر و دابڕینی کەسانی تووشبوومان بە ستافی شارەزا ئامادەکردووە و دەرمانی دژی ڤایرۆسەکەشمان پەیداکردووە".

## سیستمەکە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی نییە

ڕەخنەگران لە سیستمی تەندروستیی کوردستان، لە گرنگیی پلانەکانی وەزارەتی تەندروستی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی ئەنفلۆنزای باڵندە کەمدەکەنەوە.

شارەزایەکی سیستمی تەندروستی کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، دەڵێت سیستمە تەندروستییەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو لە خەمی پاراستنی هاووڵاتیاندان، بۆیە لەگەڵ دەرکەوتنی هەر حاڵەتێک و هەبوونی هەر کەموکوڕییەک، هۆشداری دەدەنە خەڵکی "کەچی ئەم وەزارەتەی ئێمە هەمیشە نکوڵیی لە ڕاستییەکان دەکات و هەموو خەمی ئەوەیە خەڵک و میدیا بە ڕاستییەکان نەزانن. ئەوەبوو تاوەکو وەزارەتی کشتوکاڵ ڕاستیی هەبوونی ئەنفلۆنزای باڵندەی ئاشکرا نەکرد، وەزارەت نکوڵی دەکرد لەوەی حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسەکە لە کوردستان هەبێت".

پسپۆڕێکی کارگێڕیی تەندروستیش گومانی هەیە سیستمی تەندروستیی کوردستان توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی گەورەی تەندروستی هەبێت.

د. گۆران عەبدوڵڵا هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە کارگێڕیی تەندروستی بە (ڕووداو)ی گوت "سیستمی تەندروستی لە کوردستان ئامادە نەکراوە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەم جۆرە پەتایانە ببێتەوە. لەڕاستیدا زۆربەی هێز و سەرچاوە و داهاتی سیستمی تەندروستیی ئێمە بۆ چارەسەرکردنی کۆمەڵە نەخۆشییەکی درێژخایەن تەرخان کراوە وەکو شەکرە، فشاری خوێن، شێرپەنجە، نەخۆشیەکانی دڵ، نەشتەگەری و..هتد".

د.گۆران وای دەبینێت کەرتی تەندروستیی کوردستان کەرتێکی خۆپارێزیی نییە و لەو ئاستەدا لاوازە "سیستمی تەندروستیی ئێمە نە دەتوانێ هاووڵاتیان لە درمەکان بپارێزێت، نە دەتوانێ ڕووبەڕوویان ببێتەوە ئەگەر بڵاوبوونەوە. ئەمەش بۆ هۆکارێکی سەرەکی دەگەڕێتەوە، ئەویش لاوازی و هەندێجار نەبوونی تەندروستیی کۆمەڵە لە سیاسەت و پلانەکانی وەزارەتی تەندروستیدا".

# 15 هۆکار ژنان نەزۆک دەکەن

ڕووداو- هێڵسکلۆم

لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تەمەندا، چانسی ژنان بۆ منداڵبوون کەمدەبێتەوە، بەڵام زۆرجاریش ستایلی چەوتی ژیان و فاکتەری دەرەکی، لە تەمەنی هەرە بەپیتی ژناندا دەبنە هۆی نەزۆکی. ئەمانە هەندێک لە هۆکارەکانی نەزۆکیی ژنانن:

## 1 - قەڵەوی:

زیادبوونی کێش لە سەروو ئاستی ئاساییەوە، کار لە سیستمی هۆرمۆن دروستکردنی جەستەی ژن دەکات. تاوەکو کێش لە ئاستی ئاسایی بەرزتربێتەوە، کارکردنی هێلکەدان زیاتر تێکدەچێت. توێژینەوەکان دەڵێن زیادبوونی کێشی ژن لە تەمەنی 18 ساڵییەوە ئەگەری تووشبوون بە وردەکیسی هێلکەدان زیاد دەکات کە لە بڵاوترین هۆکارەکانی نەزۆکییە لەم سەردەمەدا.

## 2 - لاوازیی لەرادەبەدەر:

وەک چۆن هەبوونی زیاد لە پێویستی چەوریی جەستە دەبێتە هۆی نەزۆکی، کەمیی لە ڕادەبەدەریشی هەمان ئەنجامی دەبێت. ئەوانەی کێشی لەشیان لە ئاسایی کەمترە، هۆرمۆنی لێپتینیان کەمە. ئەم هۆرمۆنە لەلایەکەوە هاوکێشەی برسێتی و تێری ڕێکدەخات، لەلایەکی دیکەوە سووڕی مانگانە ڕێکدەخات.

## 3 - هەڵکشانی تەمەن:

کاتێک ژن دەچێتە تەمەنی نائومێدی، چیدی هێلکە دروستناکات کە پێدەچێت لە چلەکان یان پەنجەکانی تەمەنی ڕووبدات. بەڵام لە دەوروبەری 10 ساڵ پێش چوونە تەمەنی نائومێدییەوە، بەپیتی ژن دەست بە لاوازبوون دەکات و پرۆسەی دروستکردنی هێلکەش نارێکوپێک دەبێت. بەگشتی لە تەمەنی 35 ساڵییەوە توانای دروستکردنی منداڵ لای خانمان کەمدەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژن هەن کە لە چلەکانی تەمەنیشدا ئەو توانایەیان بە چالاکییەوە دەمێنێت.

## 4 - دایک:

پرسیار لە دایکت بکە کەی چووە تەمەنی نائومێدی، ئەگەری زۆرترە تۆش لەو تەمەنەدا بچیتە ئەو قۆناغە. کچان بە ژمارەیەکی دیاریکراوی هێلکەوە لەدایکدەبن و فاکتەری بۆماوە ڕۆڵی هەیە لە زۆری و کەمیی ژمارەکە، هەروەک ڕۆڵیشی هەیە لەکاتی دابەزینی هێلکەکان. بەڵام وێکچوونەکە 100% نییە، چونکە وەک گوتمان شێوازی ژیان و کاریگەرییە دەرەکییەکانیش ڕۆڵیان هەیە.

## 5 - ماددەی کیمیایی:

چەند ماددەیەکی کیمیایی کە لە دەرمانە مێرووکوژەکان، کەرەستەی ئارایشت و بۆن و کەرەستەی پلاستیکی نێوماڵدا هەن، چانسی منداڵبوون بە ڕێژەی 29% کەمدەکەنەوە، ئەگەر بەرکەوتنێکی زۆرت هەبێ لەگەڵیان. ئەمانە وادەکەن ژن زووتر بگاتە تەمەنی نائومێدی.

## 6 - جگەرەکێشان:

جگەرەکێشان هەر زیان لە کۆرپەی نێو سک نادات، بەڵکو هۆکاری 13%ی حاڵەتەکانی نەزۆکییە لە وڵاتێکی وەک ئەمریکا. جگەرە باڵانسی هۆرمۆنیی دەشێوێنێ و DNA تێکدەشکێنێ. نەک هەر جگەرەکێشان، بەڵکو ئەو ژنانەش کە لەگەڵ کەسی جگەرەکێش دەژین و دووکەڵی ئەوان هەڵدەمژن، تووشی تێکچوونی باڵانسی هۆرمۆنیی دەبن.

## 7 - خواردنەوەی کحول:

خواردنەوەی کحول، بەتایبەت کاتێک زێدەڕۆیی بکرێت لە خواردنەوەی، چانسی دروستکردنی منداڵ کەمدەکاتەوە. خواردنەوەی کحول لەکاتی سکپڕیشدا، زیان لە کۆرپە دەدات و یەکێکە لە هۆکارەکانی لەدایکبوونی منداڵ بە ناکامی.

## 8 - شیردانی سروشتی:

لەماوەی شیرداندا، چانسی سکپڕبوونەوە کەمترە، چونکە ئەو پرۆسە هۆرمۆنییەی دروستکردنی شیر ڕێکدەخات، لەمپەر دەخاتە بەردەم دروستبوونی هێلکە. نابێت ئەمە وەک کاریگەرییەکی نەرێنیی شیردانی سروشتی تەماشا بکرێت، چونکە بە لۆژیکیش ئەگەر ژنێک منداڵی شیرەخۆری هەبێت، پێویست ناکات منداڵێکی دیکە دروست بکات.

## 9 - وەرزشی زۆر توند:

وەرزشێکی بەرنامەداری ڕۆژانە و بەپلان، کێش ڕێکدەخات و ماسولکە بەهێزدەکات و زۆربەی پرۆسە زیندەییەکانی جەستە ڕێکدەکات، بەڵام ئەگەر هەفتانە زیاتر لە پێنج کاژێر وەرزشێکی توند و تاقەتپڕوکێن بکەیت، پرۆسەی دابەزاندنی هێلکە تێکدەدات. هەرکاتێک هەستتکرد وەرزشەکەت سووڕی مانگانەت تێکدەدات، ڕاوێژ بە پزیشک بکە و چاو بە شێوازی وەرزشەکەتدا بخشێنەوە.

## 10 - دەرزیی ڕێگەگرتن لە منداڵبوون:

ئەگەر بە حەب ڕێگا لە منداڵبوون بگریت، تەنیا مانگێک دوای وەستاندنیان چانسی دروستکردنی منداڵ پەیدا دەکەیتەوە. بەڵام دەرزیی ڕێگەگرتن لە منداڵبوون (دیپۆپرۆڤێرا) بۆ هەر جارێک سێ مانگ ڕێگا لە منداڵبوون دەگرێت. دوای وەستاندنی، هەندێک لە ژنان تەنیا دوای مانگێک توانای منداڵ دروستکردن پەیدا دەکەنەوە، بەڵام هەندێکی دیکە ساڵێکیان دەوێ تاوەکو ئەو توانایە پەیدا دەکەنەوە.

## 11 - نەخۆشی ڕژێنی دەرەقی:

نەخۆشییەکانی ڕژێنی دەرەقی لەمپەر دەخەنە بەردەم پرۆسەی هێلکە دروستکردن و سکپڕی و یەکێکە لە هۆکارەکانی نەزۆکی ئەگەر چارەسەر نەکرێت.

## 12 - کافایین:

زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی ئەو خواردنەوانەی بە کافایین دەوڵەمەندن (قاوە، چا، نیسکافە و هاوشێوەکانیان و خواردنەوە وزەبەخشەکان) لەمپەر لەبەردەم بەپیتی دروستدەکەن. توێژینەوەیەکی دانیمارکی دەڵێت خواردنەوەی پێنج کوپ قاوە لە ڕۆژێکدا، بە ڕادەیەکی بەرچاو بەپیتی کەمدەکاتەوە.

## 13 - نەخۆشی:

وردەکیسی هێلکەدان و کیسی منداڵدان چانسی سکپڕبوون و بەردەوامیی سکپڕی کەمدەکەنەوە. هەروەک هەندێک نەخۆشیی ڕۆماتیزمی کار لە توانای منداڵ دروستکردن و بەردەوامیی سکپڕی دەکەن.

## 14 - سێکسی ناتەندروست:

هەندێک لەو نەخۆشییانەی لە ڕێگەی سێکسەوە دەگوازرێنەوە (وەک کلامیدیا و گۆنۆریا) ڕێگا بۆ نەزۆکیی خۆشدەکەن. لە ڕاستیدا نەخۆشیی کلامیدیا لەوانەیە بۆریی فالووپ (کەناڵی نێوان هێلکەدان و منداڵدان) تێکبدات بێئەوەی ژنەکە هەست بەهیچ نیشانەیەکی نەخۆشی بکات و لەو بارەدا پێدەچێت تاکە نیشانەی نەخۆشییەکە نەزۆکی بێت، بەڵام هەوکردنە سادەکانی وەک کەڕووی زێ، نابنە هۆی نەزۆکی.

## 15 - گوشاری دەروونی:

فشاری دەروونیی درێژخایەن کار لە باڵانسی هۆرمۆنی دەکات و دوور نییە پرۆسەی دروستکردنی هێلکە و سکپڕبوون تێکبدات. هەندێک لە توێژەران دەڵێن ئەو ژنانەی پلان بۆ سکپڕی دادەنێن و سەرکەوتوو نابن، باشترە بەشداری کۆرسێکی چارەسەری فشاری دەروونیش بکەن.





دکتۆر ئیکرام حوسێن

# چا بە ڕەنگی میز

نازانم ڕاستە یان نا، دەڵێن وەزیری تەندروستیی ئێستا کە پێشتر بەڕێوەبەری گشتی تەندروستیی سلێمانی بووە، کارمەندێکی تاقیگەیان لای ئەو تۆمەتبار کردووە بەوەی ئەنجامەکان دەنووسێ بێ ئەوەی تاقیکردنەوەیان بۆ بکات، بەڕێوەبەریش کەسێک دەنێرێت بە ( normal saline، distal water)، یەکێک لەو دوو شلەیەی پێدەبێت بۆ پشکنین کە گوایا میزە، دوو شلەکە یەکێکیان ئاوی پاڵێوراوە و ئەوی دیکەیان ئەو ئاوەیە لە کاتی پێویستیدا لەڕێگای کانۆلاوە بە نەخۆش دەدرێت، لە کۆتاییدا بەڕێوەبەر بۆی دەردەکەوێت کە کابرای تاقیگە فێڵبازە و سزاکەشی ئەوەندەی بیرم مابێت، گواستنەوەی دەبێت بۆ دەرەوەی شار.

ئەوەی کە ڕۆژنامەنووسێک چای دەبات بۆ تاقیگە لەجێی میز، بەو بیانووەی کە خەڵکی زۆر سکاڵایان لەلا دەکات، زۆر قسە هەڵدەگرێت. ڕۆژنامەنووسەکە لە کارەکەیدا هێندەی خەمی گەورەکردنی بابەتەکەی بووە، هێندە بیری لەوە نەکردووەتەوە زانستییانە کارەکە بکات کە هەر دەیکات، بۆ نموونە کێ لە پێکهاتەکانی چای دڵنیایە؟ ئەو دەبوو شتێکی بردبا بۆ پشکنین کە لێی دڵنیا بووایە، کاتێک بە زمانی شت گەورەکردن دەڵێت چاییان لێبووە بە میز، لەوانەیە خەڵکی بە سەری خۆیاندا بکێشن، بەڵام لەڕاستیدا زۆر ماددە هەن لە میزدا کە لەوانەیە لە چایشدا هەبن، یان لەوانەیە لێکچوون لە نێوانی گەردیلەکانیاندا هەبێت لە ژێر گەردیلەبیندا، ئەو ئەگەرانە و ئەگەری دیکەش، لەوانەیە کاکی کارمەندی تاقیگە هەر بە چاو پشکنینی بۆ چایەکە کردبێت، بەڵام کاتێک لەو ئەگەرە دڵنیا دەبووین ئەگەر شلەیەکی دیاریکراوی باوەڕپێکراو ببرایەتە تاقیگە، نەک چای.

دەبوو بەشی بەڕێوەبردنی جۆرێتی ئەو کارەی ڕۆژنامەنووسەکە بکات، توانا و لێهاتوویی تاقیگە و پزیشکان هەڵبسەنگێنێ، بە تایبەتی لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن کە فریای هەمووومان دەکەوێت.

لە کاتی چوونە ژوورەوەی ڕۆژنامەنووسەکەدا، دیارە پزیشکە موقیمەکە چ قەرەباڵخییەکی لەسەرە، ئەوە لەوەتەی هەیە هەروایە، ئاخر دوو پزیشک ڕۆژانە پێشوازی لە نزیکەی 1500 نەخۆش بکەن، دەبێت بیشیکەن، هەر ئەوەندە دەتوانن، ئینجا ئەنجامەکە بەو شێوەیە لە تاقیگە گەڕاوەتەوە، کاکی ڕۆژنامەنووسیش ئازاری (گورچیلە)ی هێندە زۆر بووە ڕووی لە تەواری کردووە، ئەو مادام بۆ تەقاندنەوەی بابەتێک ڕۆیشتووە، دەبوو بڵێ (ئێرە)م ئازاری هەیە، نەک (گورچیلە)م.

بە هەموو ئەو ڕەخنانەوە لەسەری هەیە، نەخۆشخانەی فریاکەوتن ماندووترین نەخۆشخانەیە، تەقینەوەیەک لە هەر شوێنێکی کوردستان ببێت، نەخۆشەکانی دەگەنە ئەوێ، پارساڵ دەستێکی قرتاویان بۆ پیاوەکەی شەقامی مەولەوی پێوەکردەوە کە کارێکی دەگمەن و مەحاڵ بوو، تۆ بۆ خۆشیی خۆت سەرخۆش دەبیت و تووشی ڕووداوی هاتوچۆ دەبیت، لەوێ لە ماوەیەکی کەمدا دەتبەنە هۆڵی نەشتەرگەری و جۆرەها نەشتەرگەریت بۆ دەکەن.

لە ڕۆژی پەرستاراندا سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا پێشانگایەکی کردبووەوە لە نەخۆشخانەی شار، هیوادارم بیری نەچووبێت و پرسیبێتی ئەمە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەیە، ئەی کوان نەخۆشەکانی؟

نەخۆشخانەی فریاکەوتن، دەبێت فریای نزیکەی دوو ملیۆن کەس بکەوێت، دەبێت فریای کارمەندەکانی نەخۆشخانەی شار بکەوێت کاتێک تووشی ڕووداوێک دەبن، دەبێت فریای نەخۆشەکانی نەخۆشخانەی فاروقیش بکەوێت کاتێک پارەیان پێ نامێنێ، کاتێک نەخۆشێک 35 ملیۆن دینار دەدات و ئیتر ئیفلاس دەکات، دەبێت نەخۆشخانەی فریاکەوتن وەریبگرێت، گەر هەموو نەخۆشخانە ئەهلییەکان و کلینیکە تایبەتییەکان دابخەیت، لەوانەیە ڕێژەی مردن کەم ببێتەوە، بەڵام نەخۆشخانەی فریاکەوتن فریای هەمووومان دەکەوێت، بە تایبەتی لە ڕۆژی ڕەشەبادا کاتێک منداڵەکانمان دەڕۆنە شاری یاری، یان کاتێک یەک فلسیشمان پێ نەبێت، نەخۆشخانەی فریاکەوتن ماڵ و موڵکی هەژارانە.

رووداو هەمەجۆر
ژمارە (360) دووشەممە 2015/5/25

## ئەرسەلان لە خەمی هەوراماندایە



**رووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژی ناوچەی هەورامان، ئەرسەلان هەورامی رایگەیاند خەریکی تۆمارکردنی چەند گۆرانییەکە بە شێوەزاری هەورامی و داوا دەکات ئاوڕ لە هونەری ناوچەی هەورامان بدرێتەوە.
ئەرسەلان هەورامی کە گۆرانیبێژێکی ناسراوی دەڤەری هەورامانە، دەڵێت "بەداخەوە هونەری هەورامان کە خۆی لە هۆرەدا دەبینێتەوە، خەریکە لەبیر دەکرێت، بۆیە هەرچی زووە دەبێ ئەم هونەرەی هەورامییەکانی پێ ناسراوە بیووژێنرێتەوە". ئەو پێیوایە ئەم کارە بە هاندانی گەنجە هەورامییە هونەرمەندەکان دەکرێت.
ئەرسەلان هەورامی باسی نوێترین کاری خۆی بۆ (رووداو) کرد و گوتی "ئێستا سەرقاڵی تۆمارکردنی کلیپی چەند گۆرانیەکین کە لە رۆژانی داهاتوودا بڵاودەبنەوە".

## پەنیر دەبێتە سپۆنسەری دەلال



**رێکەوت سەلام**
**رووداو- زاخۆ**

گۆرانیبێژی دەڤەری بادینان دەلال زاخۆیی رایگەیاند کە سەرقاڵی بەرهەمهێنانی کلیپی گۆرانییەکە بە سپۆنسەریی کۆمپانیایەکی دروستکردنی پەنیر.

دەلال زاخۆیی بە (رووداو)ی گوت "سەرقاڵی کلیپکردنی گۆرانییەکم بەناوی (لە غەریبی) و لە داهاتوویەکی نزیکدا بڵاوی دەکەمەوە".

ئەم گۆرانییە لە تێکستی هەڤاڵ زاخۆییە. عیماد عەلی ئاوازی بۆ داناوە.

سەبارەت بە سپۆنسەرکردنی گۆرانییەکە لەلایەن کۆمپانیایەکی تایبەت بە پەنیر، دەلال زاخۆیی گوتی "راستە کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی پەنیر بەناوی کانلار بووەتە سپۆنسەری گۆرانییەکە. هەرچەندە پەنیر و گۆرانی لە یەکدی دوورن، بەڵام ناچار بووم ئەم کۆمپانیایە بکەم بە سپۆنسەر، چونکە لەم وڵاتەدا کۆمپانیای هونەری بەس بۆ تورک و عەرەب و فارسە".

## بە گالیسکەیەک ناوبانگی دەرکرد



**رێکەوت سەلام**
**رووداو- سلێمانی**

دوای پێشکەشکردنی شانۆگەرییەک، کچە دەرهێنەرێکی کورد ناوبانگێکی زۆر لە بواری شانۆدا پەیدا دەکات و ئێستاش بەنیازی کارێکی نوێیە.

سۆنیا زەنگەنە، لەدایکبووی 1994 و خوێندکاری دوا قۆناغی بەشی شانۆ لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی، وەکو بەشێک لە پێداویستیەکانی دەرچوونی لە پەیمانگا، شانۆگەریی "گالیسکەی مەرگ"ی پێشکەش کرد و کارەکەی لە نێوەندە هونەرییەکاندا دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو.

سۆنیا کە کچی دەرهێنەری کورد جەلیل زەنگەنەیە، بە (رووداو) گوت کە تەنیا بەو گالیسکەیەوە ناوەستێ و وەکو دەرهێنەرێکی شانۆیی بەردەوام دەبێ لەکارکردن.

سۆنیا گوتی "ئێستا ئامادەکاری دەکەم بۆ مۆنۆدرامایەک لەبارەی ژنانی کوردستانەوە و لەم مۆنۆدرامایەدا باسی کێشەکانی ژنی کورد دەکەم".

## سۆنیا دەبێتە چینی



**هیوا سەڵاح**
**رووداو- هەولێر**


کچە دیزاینەری رۆژهەڵاتی کوردستان سۆنیا بێتووشی بۆ واژووکردنی گرێبەستێک، ئێستا لە چینە و دەیەوێت دیزاینەکانی خۆی لە بواری جلوبەرگ بفرۆشێت.

لەبارەی ئەو سەردانەی بۆ چین، سۆنیا بێتووشی زانیاری زیاتری بە (رووداو) دا و گوتی "کۆمپانیایەکی بەناوبانگی جلوبەرگی چینی دەمێکە داوای لێکردووم دیزاینی خۆمیان پێ بفرۆشم و ئەوانیش لە کارگەی خۆیان بیدروون و دابەشی سەر هەموو بازاڕەکانی جیهانی بکەن. بۆیە من ئێستا لە چینم و لەگەڵ ئەو کۆمپانیایە گرێبەستێکمان واژوو کردووە".

سۆنیا گوتیشی "لەم سەردانەم بۆ چین لەگەڵ زۆر کۆمپانیا و خانەی نمایشکاران و مۆدێلی چینی قسەم کردووە، تاوەکو نمایش بۆ دیزاینەکانی من لە چین و وڵاتانی ئەورووپی بکەن. هەروەها هەوڵمداوە لە رێگای دیزاینی جلوبەرگەوە فەرهەنگ و کولتووری کوردی نیشانی چینییەکان بدەم و بە جیهانی بکەم".



## نەخۆشی ناهێڵێ کارەکەی تەواو بکات



**رێکەوت سەلام**
**رووداو- سلێمانی**

هونەرمەند کەریم کابان، بەهۆی ناجێگیریی باری تەندروستی، ماوەی دوو ساڵە ناتوانێ بەرهەمێکی خۆی تۆمار بکات.

شوان کەریم کابان بە (رووداو)ی گوت "دوو ساڵە بەرهەمێکی باوکم ئامادەیە بۆ تۆمارکردن، بەڵام بەهۆی تێکچوونی باری تەندروستی ناتوانێ تۆماری بکات". گوتیشی "باوکم هەرچەندە باری تەندروستی جێگیر نییە، بەڵام ئەگەر دۆستێکی یان میوانێک بچێتە لای، دڵی ناشکێنێ و گۆرانی بۆ دەڵێت".

کەریم کابان لە کاروانی ژیانی هونەریی خۆیدا تەنیا 12 گۆرانی تۆمار کردووە و ئەم ناوبانگە زۆرەی پەیدا کردووە.

شوان دەڵێت باوکی سەرەڕای نەخۆشکەوتنی، بەڵام زۆر خۆڕاگر و بە ورەیە. گوتیشی "ئەوەندەی من بەبیرم بێت، باوکم یەکجار زۆر گریاوە، ئەویش بۆ مەرگی دایکم بوو، مردنی دایکم زۆر بێتاقەتی کرد".

## لە تاڤەوە فێربن

**رووداو- هەولێر**

تاڤە، پسپۆڕی بواری جوانکاری و کە بڕوانامەی لە بواری جوانکاری لە ئەمریکا بەدەستهێناوە، بە سەردانەوەیەک گەڕاوەتە شاری هەولێر و بەنیازە چەند سەمینارێک پێشکەش بکات.

تاڤە کە کچێکی هەولێرییە و ساڵانێکە لە شاری لۆس ئانجلسی ئەمریکا دەژی، ئێستا گەڕاوەتەوە کوردستان و بە (رووداو)ی گوت "دوای بە دەستهێنانی بڕوانامەی ئەکادیمی لەبواری ماکیاژ و جوانکاری لە شاری لۆس ئانجلسی ئەمریکا، ئێستا خەریکی پێشکەشکردنی چەند سەمینار و وۆرکشۆپێکم لە کوردستان و کچانی کورد فێری ماکیاژ دەکەم، بۆ ئەوەی چیدی بە هەڵە ماکیاژی دەموچاویان نەکەن".

تاڤە پێیوایە کچانی کورد کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەو وێنانەی لە سۆشیاڵ میدیا لە بواری ماکیاژدا بڵاودەکرێنەوە و شارەزاییان نییە لە ماکیاژکردن. ئەو دەڵێت "بۆ ئەوەی کچان نەکەونە هەڵەوە، فێریان دەکەم چۆن برژانگ دابنێن، چۆن ماکیاژی رووخساریان بکەن، هەروەها چۆن دەبنە خاوەن پێستێکی ساف".

## بەختی رووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**
بەهۆی سەرقاڵییەوە بەکاری تر، کارە گرنگەکەت بە ناتەواوی فەرامۆش چونکە ناچار دەبی لەسەرەتاوە دەستپێبکەیتەوە، لەوانەشە بەسەربچێت. هەر کارێک بۆ ماڵ یان یەکێک لەئەندامانی خێزان بکەی سەرکەوتوو دەبیت.

**گا**
بەهۆی باشبوونی پەیوەندیت لەشوێنی کار هەست بە کەشێکی ئارام دەکەیت، هەوڵ بدە گرفتەکان بچوک بکەیتەوە بۆ ئەوەی چارەسەریان بکەی. بۆ ئەوەی نێوانتان تێکنەچێت لەگەڵ ئەڤیندارەکەت، ئاگاداری دەربڕین و رەفتارت بە.

**جمک**
بیرکردنەوەیەکی ئاسایی دەتبات بەرەو خەیاڵی قووڵ، هەندێک جار لە دۆخێکی ئاساییدا ترس بۆ خۆت دروست دەکەیت کە لەڕاستیدا بوونی نییە. لەم هەفتەیەدا پەلە لە کارەکەت مەکە، چونکە هیچ ئەنجامێکی نابێ.

**قرژاڵ**
لەم هەفتەیەدا بە هێمنی گفتوگۆ لەگەڵ چواردەورەکەت بکە، چونکە بەهۆی گوشاری بیرکردنەوە ناتوانی مەبەستەکەت بگەیەنیتە بەرامبەرەکەت. بەختەوەری دەرگایەکی نوێ بەڕووتدا دەکاتەوە، هەنگاوەکانت بنێ و دوایان مەخە.

**شێر**
ماوەیەکە ئەو هەواڵانەی چاوەڕوانیان دەکەیت، پێچەوانەکەیان دەبیستی، لەم هەفتەیەدا هەواڵی دوور لەڕاستی بڵاو دەبێتەوە، بۆیە خۆت دڵتەنگ مەکە هەتا راستی دەدۆزیتەوە. هەرچەندە پەیوەندیی خۆشەویستی دوودڵی کردووی، بەڵام بڕیاری پەلەی لەسەر مەدە.

**گوڵەگەنم**
هەتا زیاتر خۆت بدەیتە دەست رەشبینی زیاتر کۆنترۆڵت دەکات، بەڵام توانایەکی باشت هەیە بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو ئاواتەکانت بنێی. خەڵک ستایشی هاوکاریت دەکەن، هەوڵ بدە پەیوەندییەکانت بەباشی بمێنێتەوە لەگەڵ نزیکەکانت.

**تەرازوو**
لەکارە نوێیەکەت دەستبەکار دەبیت، ئامادەکارییەکی باشت بۆ کردووە، دوای تەواوکردنی هەر قۆناغێک پێداچوونەوە بە کەموکورییەکاندا بکە، بە رەخنە و هەڵسەنگاندن تووڕە مەبە، رەنگە ببێتە شتێکی یارمەتیدەر بۆ تۆ.

**دووپشک**
هەوڵ بدە خۆت لەگەڵ گۆڕانکاریەکان رابهێنی و شتە نامۆکان دڵتەنگت نەکەن، گرنگ نییە خەڵک چۆن رەفتار دەکەن لەگەڵ تۆ یان چۆن بیردەکەنەوە، بەڵام یارمەتیت دەدەن ئەزموونی ئەوان دووبارە نەکەیتەوە.

**کەوان**
کاتی ململانێ نییە و ئەوە تەنیا کاتت بەهەدەر دەدات، هەوڵ بدە کۆنترۆڵی تەواوی هەستەکانت بکەیت، خەڵکانی بەرامبەر هەڵچوونەکانت وەک خاڵی لاوازی بەکاردەهێنن. کاتەکانت بەو بابەتانە بەسەر بەرە کە ئاسوودەت دەکەن وەک گەشت و گەڕان.

**کاژۆلە**
ئەم هەفتەیە هەوڵی دەرچوون دەدەی لە دووبارەبوونەوە، بۆ بیرۆکەکەت دەتوانی پێشنیار بۆ کەسێک بکەیت. گفتوگۆکانی ئەم ماوەیە سوودبەخش دەبن، گوێبیستی بیروڕایەکی نوێ دەبیت کە بەتەواوی سەرنجت رادەکێشێ و بیرکردنەوەت دەگۆڕێت.

**سەتڵ**
ئەگەر کەسێکت خۆشبوێت، پێویستە لە هەڵەکانی ببووری یان لەجارێک زیاتر فرسەتی بدەیتێ. هەر کاتێک داوابکەیت هاوکاری دەکرێی. لەکاردا هەنگاوێکی نوێ دەنێی و متمانە و رێزی بەرپرسەکەت بەدەست دەهێنی.

**نەهەنگ**
هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی ئاسوودەیی دەدەی تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت، چونکە دڵنیایت کە ماندووبوونی ئەم ماوەیەت سەرکەوتنی بەدوادا دێت. تا کۆتایی مانگ بەخت هاوکارییەکی باشت دەکات. هیچ کارێک لە وادەی خۆی دوا مەخە.

# شێتی و فاشیزم لە (هەورەکانی دانیاڵ)دا



بەفراو نوری

هەورەکانی دانیاڵ دواهەمین ڕۆمانی ئەدیب و نووسەر بەختیار عەلییە، ئەم ڕۆمانە پێچەوانەی ئەزموونەکانی دیکەی نووسەر، بە تەمێکی کەم تا زۆر ڕیاڵ و تێکەڵێک لە خەیاڵ و فەنتازیا و ڕوانینێکی ئارکۆلۆژییەوە نووسراوە. ئارکۆلۆژییە چونکە نووسەر دەمانباتە ناو گەشتێک بە مێژووی دەستپێکردنی شارستانیەت و چۆنیەتی دروستبوونی شوناسی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی و سەرچاوەکانی توندوتیژی و دیاردەکانی.

نووسەر پێچەوانەی ئەو ڕوانینە باوانەی بۆ مێژووی مرۆڤی ڕۆژهەڵات و پرۆسەی دروستبوونی شوناسەکان کە لە ژێر کاریگەریی فیکری مارکس و هێگڵدا وەک هێڵە گەشەیەکی ڕاست سەیرکراون و لە قۆناغێکەوە ڕۆیشتوونەتە سەر قۆناغێکی تر، ئەو ڕوانینانە بۆ مێژوو و بۆ عەقڵ دەخاتە نێو گومان و پرسیارەوە. شتێک کە ئەم ڕۆمانە دەیدرکێنێ، ئەوەیە کە مێژوو وەک کاری یەک هێز تەماشا ناکرێت، کاری خەون، توندڕەوی، ترس لەسەر دروستکردنی مێژوو کەمتر نییە لە هێزە گەورەکان. وەک بڵێت ڕوانینی عەقڵانی هەموو شتێک تەفسیر ناکات و نهێنیی مێژوو زیاتر لەناو زیهن و خەیاڵی مرۆڤەکاندایە. مێژوو چەند یاسایەک نییە بە ڕێکی بڕوات، بەڵکو نارێکییەکە و بە زەبری هێز دەمانەوێت ڕێکی بخەین. ترسی گەورەی ڕۆماننووس لەو هێزانەیە کە ئەو کاری ڕێککردنە دەگرنە ئەستۆی خۆیان. کەسانی وەک دکتۆر سیامەند و سەی ئەسڵان و نەقیب یوکسەل لەوانەن بەو کاری ڕێکخستنە هەڵدەستن و لەو ڕێیەدا دەبنە کەسی تاوانبار. لە نووسینەکانی دیکەی نووسەرەوە ئەو ڕاستییە دەزانین کە فاشیزم بریتییە لە دروستکردنی وێنەیەک بۆ مرۆڤ کە بگونجێ لەگەڵ ئەو خواستەی بۆ مێژوو دیاریکراوە. بەگشتی لای نووسەر، ڕوانینی ئارکۆلۆژی بۆ تێگەیشتن نییە لە مێژوو وەک کۆمەڵێک چیرۆک و ڕووداو، بەڵکو بۆ تێگەیشتنە لەو بەشە نیشتووانەی سەر دەروونی مرۆڤ، بەشە هەستپێنەکراوەکەی کە بەڕوونی لێمان دیار نییە. خوێندنەوەی ئارکۆلۆژی بۆ ئەوە نییە بڵێت ئێستا وەک ڕابردووە، بەڵکو بۆ ئەوەیە بپرسێت بە چ هۆیەک ترسە کۆنەکان دەگەڕێنەوە و ناتوانین خۆمانیان لێ ڕزگاربکەین.

دەشێت ئێمە لە ڕێگای ئەم ڕۆمانەوە بگەین بە ئاستێکی زۆر قووڵتر لەو زانیاریانەی تا ئەمڕۆ لەسەر مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی دروستمان کردووە. ڕۆمانەکە جگە لەو دیوە ئارکۆلۆژییە، دیوێکی دەروونیشی هەیە. چوون نووسەر بەو دۆخانە ئاشنامان دەکات کە شوناسی مرۆڤی تێدا دروستبووە، دەروونی مرۆڤەکان وەک بەشێک لە یادەوەرییەکی مێژوویی سەیر دەکا. دەروون لەم ڕۆمانەدا جارێک وەک شانۆیەکی مێژوویییە و جارێکیش لە تێکەڵبوونی بەردەوامدایە لەگەڵ ئەوانی تر، ئەوەی ئینسانەکان یەک خەون دەبینن یان ڕێنوار خەونی ئەوانی تر دەبینێ، ئاماژەیە بۆ بڕوایەکی نووسەر کە دەروون جێگایەکی کراوەیە، مێژوو دەروون دەجوڵێنێ و دەروونیش بە جێگای خۆی کار لە مێژوو دەکات. نووسەر پێمان دەڵێت، دەروونی داخراو کە دەکرێتەوە، بەجۆرێکی ترسناک دەکرێتەوە و شتی سامناکی تێدایە.

چیرۆکی ڕۆمانەکە بە ژیانی یەکێک لە پاڵەوانەکانی بە ناوی ڕێنواری زەریاواری دەستپێدەکات، ڕێنوار گەنجێکی ساف و مرۆڤێکی میهرەبان و خوێندەوارە کە لای مامی وەک بەردەست ئیش دەکات، ماوەیەک لە شاردا خەڵک بەهۆی بینینی خەونێکەوە هەست بە پەشێوی دەکەن و ڕوو دەکەنە لای مامی ڕێنوار بۆ چارەسەری. ئەو تەنیا دەروونناسی شارەکەیە (کە نووسەر دەڵێت دکتۆر سیا تەنیا دەروونناسی شارەکەیە، بۆ ئەوەیە پێمان بڵێت دەروون بووە بە چ جێگایەکی ناشناس و لەیادچوو) گەرچی زۆربەی کارەساتەکان لەوێوە دێن. دوای ماوەیەک خەڵکانێکی زۆری شارەکە تووشی ئەو خەونبینینە دەبن و خەونەکە وەک نەخۆشی پەردەستێنێ. خەڵکی خەون دەبینن کە کەسێک سەریان دەبڕێت، ئەوەش دەبێتە مایەی پەشێوی و نیگەرانیی هاووڵاتیان و دوایی دەگەن بەو بڕوایەی کە زیندانێکی شار بکەن بە نەخۆشخانەی دەروونی و هەموو نەخۆشەکانی تێدا کۆبکەنەوە. مامی ڕێنوار بۆ ئەوەی وەک دەروونناسێک چارەسەریەک بدۆزێتەوە بۆ نەخۆشەکان، بە ڕێنوار دەڵێت بڕواتە لای هاوڕێیەکی کۆنی بە ناوی پرۆفیسۆر بەهنام کە پرۆفیسۆری مێژووە و داوای لێدەکات بۆ ئەوەی لە نەخۆشییەکە بگات، بگەڕێتەوە بۆ مێژووی دروستبوونی دێلاوار. پێیوایە خەونەکە پەیوەندی بە مێژووی شاری دێلاوارەوە هەیە. ئەم گەشتە ڕێنوار دەخاتە سەر ڕێگایەکی درێژی گەڕان لە دەروونی خۆی و دەروونی مێژوو و دەروونی مرۆڤەکانی تردا، ئیشێک کە ڕۆماننووس بەردەوام لەسەر سێ هێڵی جیاواز دەمانجوڵێنێ بێ ئەوەی بهێڵێت هەست بە لەنگی و نارێکی بکەین، بەڵکو بێ ئەوەی هەست بەخۆمان بکەین کە بەردەوام لە هاتوچۆ و جوڵەداین لەنێو شوێن و کاتی جیاوازدا. لەو گەشتەدا بە دوای نهێنیی خەونەکە، تێدەگەین ئەو شارە بەهۆی بوونی زیندانێکی گەورەوە لە سەنتەرەکەیدا گەشەی کردووە و هەموو خەڵک کاتی خۆی هاتوون و بە مەبەستی جیاواز لە دەوری دیوارەکانی ئەو زیندانە نیشتەجێ بوون.

ئەوی ئاشنا بێت بە نووسینە تیۆرییەکانی نووسەر، دەزانێت کە سەرچاوەی زۆربەی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێز و فیکرانەی نووسەر لەسەر فاشیزم و چۆنیەتی دروستبوونی لە ڕۆژهەڵاتدا نووسیونی، کە پێشتر وەک وتار کاری تێدا دەکرد و لەم ڕۆمانەدا وەک نیشاندانەوەیەکی واقیعی و ڕەمزی، بە زمانی ئەدەب بۆیان گەڕاوەتەوە. لێرەوە ئەم ڕۆمانە بە پێچەوانەی کارەکانی تری نووسەرەوە، تێکهەڵکێشێکی وردی دنیای تیۆرە و ئەدەبە بە یەکەوە کە لە کارەکانی تری نووسەردا بەداخەوە ئەم تێهەڵکێشە بەرچاو ناکەوێت، بەمەش نووسەر ڕەوتی هەندێک نووسەر و فەیلەسوفی ناسراو دەگرێتەوە بەر کە بۆچوونی ئەدەبییان لە خزمەت بۆچوونی فەلسەفییاندا بووە، وەک سارتەر و کامۆ.

لێرەدا زۆر کورت باس لە هەندێ ڕەگەزی سەرەکیی ڕۆمانەکە دەکەین کە نووسەر بە ڕوانینێکی فۆکۆییەوە لەناو ڕووداوەکاندا پێشانیداون.

سەرنجی یەکەمم دەربارەی نەخۆشخانەی دەروونییە. نەخۆشخانەی دەروونی یان شێتخانە یەکێ لەو ڕەگەزە سەرەکییانەی نێو ڕۆمانەکەیە کە نووسەر فۆکوسێکی زۆری کردووەتە سەر. ئەم شێتخانەیە شوێنێکە کە ئەوانەی خەونەکە دەبینن بۆ مەبەستی چارەسەری و بۆ جیاکردنەوەیان لە مرۆڤە ساغەکان، دەیانهێننە ئەو شوێنە. فەزا و وەسفی نووسەر بۆ شێتخانەکە بە جۆرێک (هۆپیتاڵ ژنرو)مان بیر دەهێنێتەوە. هۆپیتاڵ ئەو شوێنەیە کە فۆکۆ لە کتێبی (شێتی و شارستانیەت)دا باسی دەکات. هۆپیتاڵ ژنرۆ شوێنێکە لە فەرانسەدا دروستیان کردووە بۆ شێتەکان یان بۆ ئەو خەڵکانەی ئاسایی نەبوون. فۆکۆ دەڵێت لە ڕاستیدا ئەم شوێنە، شوێنێکی پزیشکی نەبووە، بەڵکو شتێک بووە لە نێوان زیندان و کەمپێکی ئیش کە دەسەڵات لەبەر ڕێکخستنی نەزمی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی ئارامی، ئەو شوێنەی دروست کردبوو، دەڵێت شێتەکان لەوێ وەک ئاژەڵ سەیر دەکران و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرا. بۆ ئەوەی کۆنترۆڵیان بکەن، توندوتیژییەکی زۆریان لە دژ بەکاردەهێنان. تەنیا مەبەستی ئەو کەسانەی شوێنەکەیان دامەزراندبوو، ئەوە بوو نەخۆشەکان کۆنترۆڵ بکەن نەوەک بیانەوێت چارەسەریان بکەن. لە نەخۆشخانەکەی (هەورەکانی دانیاڵ) یشدا ئەوپەڕی توندوتیژی دەبینین بەرامبەر بە نەخۆشەکان، وەک کەمپێکی ئیش هەموو ئیشێکی سەختیان پێ دەکەن، لێیان دەدەن بۆ ئەوی لەو ڕێگایەوە بتوانن زیاتر کۆنترۆڵیان بکەن. فۆکۆ دەڵێت: لە سەدەی هەژدەدا چاکسازێک بە ناوی فیلیپ پینێل هەوڵ دەدات تۆزێک دۆخی نەخۆشەکان باشتر بکات تا باشتر لەگەڵیان مامەڵە بکرێت، وەک ڕێنوار کە هەوڵی چاککردنی دۆخی نەخۆشەکان دەدات، بەڵام دوایی کە هیچی پێ ناکرێت، بۆیان دەگری. بەڵام جیاوازیی گەورەی نێوان دنیای فۆکۆ و دنیای بەختیار لەوەدایە کە لای فۆکۆ جیاکردنەوەی دنیای عاقڵ و دنیای شێت بە دیوارێکی ئەستوور، ئاماژەیە بۆ ئیش و نیازی عەقڵی مۆدێرن. عەقڵی مۆدێرن پایەکانی خۆی لەسەر خۆجیاکردنەوە و خۆدوورخستنەوە لە شێتی ڕاگرتووە.




بەڵام بەختیار قسەی لەسەر فاشیزمی ڕۆژهەڵاتییە کە پێچەوانەی مۆدێرنەی ئەورووپی هەڵگرتنی جیاوازی لە نێوان مرۆڤی ساغ و نەخۆشدا، وەک هۆیەکی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵ بەکاردەهێنێت. هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا هاتووە (پیاوماقووڵانی شار، سیاسەتمەدارەکانمان، خوێندەوارە ناسراوەکانمان خۆیان وا دەردەخست وەک ئەوەی تووشی کێشەی دەروونی نەبن، شوورەیی بوو یەکێکیان لای پزیشکی دەروونی ببینرێت. مامم زۆر لەوە پەست بوو، خەڵکی وایاندەزانی کە پزیشکی دەروونی تەنیا بۆ شێتەکانە. ئەو قینەی ناو دڵی وایکرد، دواتر سەدان خەڵکی ساغ بخاتە قەرەنتینەی دێوانەکانەوە، وەک بەوە بیسەلمێنێ کە دەسەڵاتی پزیشکی دەروونی تەنیا بەسەر شێتەکاندا نییە، بەڵکو لەڕاستیدا بەسەر تەندروست و ساغەکانیدایە). فاشیزم زیاتر کۆنترۆڵی مرۆڤە ساغەکانە، هەر بۆیە خەستەخانەکەی دکتۆر سیا، مەبەستی زیاتر تێکەڵاوکردنی ساغی و شێتییە تا ئەوەی جیایان بکاتەوە. لە جێگایەکی دیکەدا ڕوونتر نیازی فاشیستانەی پشت شێتخانەکە ڕوون دەکاتەوە، کاتێک ژنراڵ مەحمودی قەرەقازانی دێت و دەیەوێت دیلەکان بخاتە ئیشەوە. (ژەنراڵ لە سەرچاوەیەکی زاناوە زانیاریی تەواوی هەبوو کە نەخۆشەکانی ئێرە جۆرە مەخلوقاتێکی هەڵواسراون، چەشنێکن لە بەشەر کە نە ئەوەیە نەخۆش بن و نە ئەوەیە ساغ، نە ئەوەیە دیل بن و نە ئەوەیە ئازاد، نە ئەوەیە کاری ئاسایی بکەن و نە ئەوەیە تەواو بێ کەڵکیش بن. دڵنیابوو ئێرە بیمارستانێکی دەروونی، شێتخانە، یان سەنتەری چارەسەریی نییە، بەڵکو مەخزەنێکی تایبەتە بە جەستەی ئادەمی کە دەشێت ژنراڵ سوودی لێ ببینێت). فاشیزمی خۆرهەڵاتی مرۆڤی شێت و ساغ جیاناکاتەوە، بەڵکو مەخزەنێکی دەوێت پڕ بێت لە مرۆڤی بە کەڵک بۆ جەنگ و کوشتار.

ڕەگەزی گرنگی دیکەی ڕۆمانەکە کەسایەتی ڕێنوارە کە وەک پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکە، ئەو کەسەیە کە نووسەر لە ڕێگایەوە چۆنێتی بە سۆزەبوونی مرۆڤی ئەم سەردەمەمان بۆ دەردەخات، ئەو سۆزەیەی کە ڕەنگە وەک زیندانییەک یان وەک شێتێک لە لایەن ئۆرگان و نەخۆشخانە و زیندانەکانەوە کۆنترۆڵ نەکرێت و لێی نەدرێت، بەڵام لە ناو تۆڕێک لە کۆنترۆڵی تردا بووە بەو سۆزەیەی کە هیچ ئیرادە و ئیختیارێکی نییە، هەموو ئەو شتانە دەبینێت کە ئازاریان دەدات، بەڵام هیچ ناکات و زۆر جار بێ دەنگە و هەندێ جاریش وەک ڕۆبۆتێک پلانەکانی مامی دەبا بەڕێوە، بێئەوەی خۆشی بزانێت بۆ دەیکات. ئەگەر نەخۆش و خەونبینەکان لە ڕێگای سزا و لێدانی جەستەییەوە کۆنترۆڵ دەکرێن، ئەوا ڕێنوار لە ڕێگای هەندێ شتی تری نەبینراو و هەستپێنەکراوەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و دەبێت بەو کەسەی کە خۆی نییە یان پێی خۆش نییە ببێت. ڕێنوار سەمبولی مرۆڤی بێ ئیرادەی ئەم سەردەمەیە کە هێزە نەناسراو و گەورەکان چییان بوێت لێی دروست دەکەن. ڕێنوار هەتا کە خۆشی بیردەکاتەوە و کە هەست بە ڕاستییەکان دەکات، ئەو هەستکردنەی هیچ سوودی نییە. وەک نووسەر بڵێت: زانین و نەزانینی ڕاستی، بۆ ئەم مرۆڤە بێ ئیرادانە شتێکی گرنگ ناگۆڕێت. ڕێنوار هەڵەی گەورە دەکات، وەک کەرەستەیەکی جەنگی لێ دێت، وەک چۆن ئاڵ موراد ئاڵوودەی تاوان دەبێت، ئەویش بەشی خۆی هەڵەی گەورەی دەبێت، بەڵام دەیەوێت لە ڕێگای گریان و ڕزگارکردنی زەهاوەوە پارسەنگ ڕابگرێت. نووسەر لێرەدا نەهاتووە پاڵەوانێکی گەورەمان پێشکەش بکات کە بەگژ مێژوودا دەچێتەوە، بەڵکو مرۆڤێکی جوانی پێشکەش کردووین کە بە ئەندازەی توانای خۆی دەیەوێت بە پاکی و وەک مرۆڤ بمێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا تەوژمەکان لەوە بەهێزترن و هەر پیسی دەکەن و ئاسان دەربازی نابێت. ئەم ڕوانینەی نووسەر بۆچوونی فۆکۆمان یاد دەخاتەوە لەسەر سوژەی مۆدێرن کە چۆن دەبێت بە دوو کەرتەوە لە نێوان کردار و بوونی ڕاستەقینەی خۆیدا، واتە بە کردار شتێکە و بە فیکر شتێکی تر، فۆکۆ پێیوایە کە لە ئەمڕۆدا دەسەڵات و ئۆرگانە دەوڵەتییەکان لە خەستەخانە و زیندان و مەکتەب و ... هەموو ئیش بۆ ئەوە دەکەن کە مرۆڤێکی ستانداردی خۆیان شێوە بدەن کە تەواو نامۆ بێت لەگەڵ سروشتی ڕاستەقینەی خۆیدا. بەڵام فۆکۆ لە هەمان کاتدا کە باس لە گیرۆدەبوونی مرۆڤ دەکات لەناو ئەو هەموو تۆڕەی دەسەڵاتدا، ئاسۆیەکیش دەخاتە بەردەممان بۆ ڕزگار بوون لەو بە ستانداردبوونە. لێرەدا بۆ ئەوەی باسەکە زۆر درێژ نەبێتەوە، ناڕۆمە سەر ئەو بابەتە، بەڵام هەندێک لەو هەوڵانەش لە ڕێنواردا دەبینین. ڕێنوار زۆر جار ئەو زەختە دەخاتە سەر خۆی بۆ ئەوەی ببێتەوە بە خۆی و لە کۆتاییشدا نزیک دەبێتەوە لەو شتەی کە دڵ و دەروونی خۆی لێیەوە نزیکە.

توندوتیژیش یەکێکی ترە لەو ڕەگەزە بەرجەستە و زەقانەی نێو ڕۆمانەکە وەک کردارێک کە ڕووبەری زۆری ڕۆمانەکەی داگیرکردووە. ئەو توندوتیژییەی کە هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی شارەکە، ئەو کاتەی دێلاوار لە دەوری زیندانێک دروست دەبێت، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان شارستانی بکاتەوە و کۆنترۆڵیان دەکات، بۆ سەردەمێک شەپۆلی نوێخوازی و مۆدێرنە دەگاتە شاری دێلاوار، ئیتر ئەو کاتەیە کە شوناسی مرۆڤ لە دێلاواردا وەک خۆی نامێنێ و تێکدەچێت، مرۆڤەکان دەبن بە خاوەن شوناسێکی ترسنۆک و پڕ لە وەهم، شوناسێکی بێ وێنە و دۆڕاو و بێ ڕەنگ کە بەدوای ڕەنگەکانەوەیە، تا ڕەنگێک بدات بە خۆی. بۆیە لە دێلاوار بە ئاسانی گەنجەکان بێ ئەوەی لە خۆیان بپرسن، جارێک لە پێناو ئایندا چەک هەڵدەگرن و جارێک لە پێناوی نەتەوەدا و هەر جارە و بە بیانوویەک دەبنە کەرەستەی شەڕ. دێلاوار، مێژووی ئەم دۆخە و ئەم سەردەمەمان پیشان دەدات کە ئێستا تێیدا دەژین، مرۆڤەکان دروشمی نەتەوەیی و دینی تووشی هەڵچوون و خەون و هیستیریایان دەکات.

خاڵێکی تری گرنگی نێو ڕۆمانەکە ئەوەیە، ئەم ڕۆمانەی نووسەر پێچەوانەی ئیشەکانی دیکەی خاڵییە لە کاراکتەری ژن. تەنیا یەک کچی تێدایە، ئەویش لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا بە ڕۆڵێکی زۆر کەمڕەنگ دەردەکەوێت. ئەم نەبوونی ژنە شتێک نییە بە زیانی ژن بێت، یارییەکی نووسەرە بۆ ئەوەی دەریبخات، ئەم دۆخی جەنگ و تاریکییەی تێکەوتووین، لەدەستکردی پیاوانە. ژن لە دروستکردنی ئەو مێژووە ناشیرینەدا ڕۆڵێکی گەورەی نەبووە، ئەوەی کە هەیە تا ئێستا پیاو کردوویەتی. ژن لەنێو ئەم ڕۆمانەدا تەنیا ئەو کاتە هەیە کە وەک ڕەمزی فریادڕەسێک بۆ ڕزگاریی مرۆڤایەتی و دروستکردنەوەی دوای ڕووخان دێتە پێشێ.

ئەم کارەی نووسەر لە هەموو ڕۆمانەکانی تری زیاتر پرسیار و مشتومڕی سیاسی و ئەدەبی هەڵدەگرێت، چونکە بەجۆرێکی سەمبولی مێژووی نزیکی سەد ساڵی خۆرهەڵاتمان لە ڕێگای بەسەرهاتی دوو شار و دوو مرۆڤەوە بۆ دەگێڕێتەوە.

# جنۆکەکانی من



بەسام مستەفا

کێ بوو ئەو ئازارەی
لە حەوشەی مەدا چاند
کێ ئاوی دا
کێ ڕێگەی دا وا مەزن بێ
بەریش بگرێ و
بگاتە پەڕەکەی ئاسمان
کێ؟

**********

بۆنی هەژاری لە ماڵەکەی دەهات
بۆنی هەژاری توونە
وەکو لاولاو
بەدیوارەکانیدا هەڵدەگەڕا
لە ڕۆژ و خەونانی دەئاڵان
منیش
لەپشت پەنجەرەوە
دوودڵی لەخوێنما دەگەڕا
ئیدی نەمدەزانی
ئەوە ماڵی منە یا هی ئەوە

**********

شێت و دینم
کوردی ڕاستبێژ و حەزینم
بێ بەربانگم
لە چۆڵستانی سەدەی بیست و یەکدا
درەختێکی هەتیوم
لەنێو ژاوەژاوی شەڕ و جەنگدا
لەنێو دەماری تەکنەلۆژیای هاوچەرخدا
کۆیلەی سەردەمم
بێ چاخ و دەمم
بەهرام و تیر و گەلاوێژم
وەلێ لەسەر عەرد بێبەشم

**********

جنۆکەکانی من
کەسک و سوور و زەردن
ئاڵاکان ناناسن
وڵاتان ناناسن
ناسینیش ناناسن
تەنێ هەنە و
لە هەبوونم بە گومانن

**********


وڵات؟!
ئەو شوێنەی لێی بگریم
وڵاتی منە!

**********

لەژێر بازووەکانی ئەو ئاڵایەدا
من بێ بازوو کرام
بێ بازوو و
قۆڵشکستە بووم.

**********

لە خوێنی تۆ تێر نابن
یار و نەیارانت
ئەی وڵات...



## لەتیف هەڵمەت لەبارەی ڕۆمانە نوێیەکەی:

# "ڕۆمانەکەم جیهانێکی سەرووی جیهانی بینراوە"

**سیروان عەباس**
**ڕووداو- هەولێر**

شاعیر و ڕۆماننووس لەتیف هەڵمەت، باسی نوێترین ڕۆمانی خۆی دەکات و دەڵێت: ئەم بەرهەمە نوێیەم دووبارە وەکو ڕۆمانی (ژنە جنۆکەکانی شێخ مەحموود) جیهانێکی سەرووی جیهانی بینراوە و باس لە جیهانێکی ئەفسووناوی دەکات.

لەگەڵ ئەوەی لەتیف هەڵمەت دەیان شیعری بڵاونەکراوەی هێشتا بە چاپ نەگەیاندوون کە نزیکەی 200 لاپەڕە دەبێت، بەڵام چاوەڕێی بەچاپگەیاندنی شیعرەکانی ناکات و ئێستا سەرقاڵی نووسینەوەی ڕۆمانە نوێیەکەیەتی کە وەک خۆی دەڵێت: "بەهۆی ئەوەی ناوی کتێب تا دوایین سات گۆڕانکاریی بەسەردا دێت" نایەوێت ئێستا ناوەکەی ئاشکرا بکات.

لەتیف هەڵمەت، بە (ڕووداو)ی گوت: "لە ڕۆماندا پێمخۆشە لە دونیای بینراو بڕۆمە دەرەوە، بچمە جیهانێکی ڕۆحییەوە وەکو نوێژ کە ڕادەوەستی و بیر لە دوو دونیای جیاواز دەکەیتەوە: بەهەشت و دۆزەخ، بەبێ ئەوەی هیچیانت بینیبێ لە خۆت دەپرسیت کە ئاخۆ دەبێ چۆن بن؟"

هەڵمەت باس لە شیعرە بڵاونەکراوەکانی دەکات و دەڵێت: "بەرهەمی سێ ساڵی ڕابردوومن، هەرچەندە بەشێکیم لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بە ناوی (شیعری دژە شیعر) بڵاوکردووەتەوە، بەڵام بەشێکی زۆری ماوە و هێشتا بڵاونەکراونەتەوە". دەشڵێت، ئەوانەی کە ماون و بڵاونەکراونەتەوە بە ناوی (شیعری دژە شیعر) نابێت.

شیعرێکی بڵاونەکراوەی لەتیف هەڵمەت

"چوارینەیەکی یەک گۆشەیی-بەشی یەکەم"
بەرنامەی هەفتەیەک
شەممە، جەژنی ژن
یەکشەممە، جەژنی یەکدی کوشتن
دووشەممە، جەژنی جل شووشتن
سێشەممە، جەژنی خۆشووشتن
چوارشەممە، مانگرتن
پێنج شەممە، جەژنی دۆستایەتی لەگەڵ دوژمن
شەش شەممە، جەژنی ماچکردن
حەوت شەممە، جەژنی دەموچاو هەڵگرتن
هەشت شەممە، جەژنی گوتار گوتن
نۆ شەممە، جەژنی کڕین و فرۆشتن
دە شەممە، نان خواردن
هەینی، جەژنی کات لەباربردن
ڕۆژانی پشوو و بۆنەکان، جەژنی خەوتن و خەون
جەژن
جەژن
جەژن
گشت ڕۆژەکان دەستبەسەرن
ڕۆژێک نەماوەتەوە بۆ من
بیکەم بە جەژنی مردن

# جان دۆست کۆبانی دەکاتە ڕۆمان

**فەرهاد چۆمانی**

خۆی کوڕی کۆبانێیە، ئەو شارەی ئێستا بووەتە وێرانە، بەڵام بەچۆکدا نەهات. منداڵیی خۆی لە گەڕەکی (سەیدا) بەڕێکرد، ئێستا لە تەمەنی 50 ساڵیدا دەیەوێ شارەکەی بکاتە ڕۆمانێک.. ئەو ڕۆماننووسی ناوداری کوردی ڕۆژئاوای کوردستان (جان دۆست)ـە.

ناوەڕاستی مانگی ڕابردوو پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە ئەبوزەبی کرایەوە و جان دۆست وەک نووسەرێکی کورد بەشداریی تێدا کرد و سەردانی تونسیشی کرد. وەک خۆی دەڵێ، ئەویان وەک باڵیۆزی ئەدەبی کوردی ناوزەد کردووە لەوێ. لەبارەی ئاستی ناسینی ئەدەبی کوردی لەلایەن خوێنەر و وێژەوانانی عەرەبی، جان دۆست گوتی: "منیان وەک باڵیۆزی ئەدەبی کوردی دەبینی و دەرد و ئێش و ئازاری کوردم بردە ئەو وڵاتانە، هەروەها باسی ڕەوشی زمان و ئەدەبی کوردیم کرد و کوردم وەک میللەتێکی ئەدەبدۆست بەوان ناساند، بەڵام بەداخەوە ئاگایی کەمیان لەبارەی ئەدەبی کوردی هەیە، لە چەند شاعیرێکی وەک شێرکۆ بێکەس بەولاوە ئاشنای ئەدەبی کوردی نین. دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپشت ئەو کارەوە بێت و ئەدەبی کوردی بە دونیای دەرەوە بناسێنێ".

ڕووداو: بەشێک لەو ڕۆمانانەی تۆ کە تاوەکو ئێستا پێیان ئاشنا بووین، پشت بە ڕایەڵەیەکی مێژوویی کوردی چ لەسەر ئاستی تاک چ لەسەر ئاستی نەتەوە دەبەستن، دەکرێ لەم سۆنگەیەوە تۆ وەک ڕۆماننووسێکی مێژوویی بناسین؟

جان دۆست: ئێمە پەندمان لە مێژوو وەرنەگرتووە، هەر لەبەر ئەوەیە دەکەوینەوە ناو هەمان ئەو هەڵانەی باپیرانمان کردوویانە. شۆڕشەکانمان تێکدەچن وەک چۆن شۆڕشەکانمان بە هەمان هۆ پێش سەت دووسەت ساڵ تێکچوون. لەبەر ئەوە بۆ من مێژوو شتێکی زۆر گرینگە، من دەچمەوە ئەو دەڤەرانەی کە تاریکن، لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو پنتە مێژووییانە دەکەم کە دەستی کەسیان پێنەگەیشتووە و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکەم. کەسایەتییە مێژووییەکانمان زیندوو دەکەمەوە، وەک جەنابی ئەحمەدی خانی، قازی محەممەد و شێخ سەعید، بەڵام حەز ناکەم من وەک "ڕۆماننووسی مێژوو" بناسن. نووسین لەسەر مێژوو تەنیا لایەنێکە، لە ڕۆمانەکانی مندا فیکر و فەلسەفە و بیروباوەڕ هەن.

ڕووداو: هێندە نابێ ڕۆمانی "عەشیقی وەرگێڕ" بە سۆرانی دەرچووە، ڕەنگە بۆ خوێنەرانی سۆرانی سەرنجڕاکێش بێ لە زاری تۆوە شتێک لەبارەی دونیای ڕۆمانەکەوە ببیستن.

جان دۆست: من ئەو ڕۆمانەم لەماوەی کەمتر لە ساڵێک نووسی، تێمای سەرەکی ڕۆمانەکە یەکتر قەبوڵکردنی نێوان ئاینەکانە. باسم لە ناکۆکیی ئاینەکان و مەزهەب و نەتەوەکان کردووە. چیرۆکەکە ئەوەیە کە ژمارەیەک گەنجی ڕۆژهەڵات ڕوو لە ڕۆما دەکەن بۆ ئەوەی فێرە زمانی ئیتاڵی و لاتینی ببن. لەو سەردەمەدا کە کۆتایی سەدەی 17 و سەرەتای سەدەی 18یە، دانوستاندن لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەبوون و وەرگێر دەچوون و دەهاتن. دەهاتنە وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و فێرە عەرەبی دەبوون و لەوێشەوە دەچوونە ڕۆما و فێرە زمانەکانی ڕۆژئاوا دەبوون. زیاتر پانتاییم بۆ لێبووردەیی فەراهەم کردووە، واتە یەکدی قەبوڵکردنی نێوان نەتەوەکان، لەنێوان دین و مەزهەبەکان. لە "مارتینی بەختەوەر" کە هێشتا نەبووەتە سۆرانی و وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی، زیاتر گرنگیم بە هزر و بیر داوە، ناکۆکی لەنێوان گەلان.

ڕووداو: دەکرێ ئەم پرسیارە و کردنەوەی ئەم باسە وەک موژدەیەکیش بێت بۆ خوێنەرانی کورد، ئەوەندەی ئاگامان لێ هەیە، بە نیازی کۆبانێ بکەیتە ڕۆمان، بیرۆکەی ئەم ڕۆمانە چۆن سەریهەڵدا و ئەگەر کەمێکیش بێت ئاشنای دونیای ئەو ڕۆمانەمان بکە؟

جان دۆست: وەک خۆتان دەزانن کۆبانێ هەم سیمبولی بەرخودانە هەم سیمبولی وێرانبوون، ئاوارەبوون و کۆچ و دەربەدەری، کۆبانێ ئازاری خودی خۆمە کە خۆشم خەڵکی کۆبانێم و ماڵباتەکەم هاوشێوەی خەڵکی کۆبانێ ئاوارەبوون. ئەوێ جێگای منداڵی و یادەوەری و گەرەبوونی منە، بۆ من ئێشێکی گەورەیە و پێموایە بە ڕۆمانێک و دووان ناتوانم ئازاری خۆم دەرببڕم، وەلێ من ناچارم بنووسم، ئەگەر من وەفاداربم بە ئاو و ئاخ و بای کۆبانێ، دەبێ شتێک لەسەر کۆبانێ بنووسم، چ لەسەر بەرخودانی کچ و کوڕانی بێت، چ لەسەر ژان و ئێش و ئاوارەبوون و بێچارەبوونی خەڵکەکەی.

ئێستا من سەرقاڵی نووسینی ڕۆمانەکەم، دۆکیۆمێنت و وێنە و ڕێکەوتەکانم کۆکردوونەتەوە و هەموو ڕۆمانەکە لەسەرمدا گەڵاڵە بووە، ڕەنگە تا کۆتایی ساڵ ڕۆمانەکە ئامادە بێت.

ڕووداو: ڕووداوەکانی ئەو ڕۆمانە لەکوێ ڕوودەدەن، کام بەشی مێژووی کۆبانێ دەکەیتە ڕۆمان؟

جان دۆست: ئەم ڕۆمانە باسکردنە لە ڕووداوەکانی دوای ئەیلولی ساڵی ڕابردوو. هاوکات باسکردنە لە کۆبانێی پێش ئەو کاتە، باسکردنە لە منداڵیی من، چۆن ژیام، دواتر چۆن بوومە پەنابەر، هەروەها دوای هاتنی داعش و شکان و گەڕانەوەی خەڵکەکەی بۆ سەر جێوار و ماڵە کاولبووەکانیان، ناتوانم بە کورتی بڵێم، بەڵام زۆر لایەنی تێدا دەبێت.

ڕووداو: تۆ بۆ نووسینی ڕۆمانی "مژاباد" سەردانی مەهابادت کرد، بۆ نووسینی ڕۆمانی "میرنامە" سەردانی باکووری کوردستان و بایەزیدت کرد، بەڵام بۆچی بۆ نووسینی ڕۆمانێک لەسەر کۆبانێ نەگەڕایتەوە و سەردانت نەکرد؟

جان دۆست: بۆ من خەونە بچمە کۆبانێ و هەوڵیش دەدەم بچم. دەمەوێ ئەو وێرانە مەزنە بە چاوی خۆم ببینم. گوێ لە بەرگریکارەکانی بگرم، گوێ لە پەنابەرەکان بگرم، بچمە ژێر خێوەتەکان و بچمەوە گەڕەکی خۆم (سەیدا). بچمەوە مزگەوتی باوکی خۆم، بچمەوە ئەو گۆڕستانەی کە دایک و باوکمی تێدا نێژراون. ئەگەر بچم ئەو شوێنانە ببینم نووسینی ڕۆمانەکە ئاسانتر دەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی من خەڵکی کۆبانێمە و کونج بە کونج ئاشنای ئەو شارەم، سەردانی مەیدانی هێندە پێویست نییە.

ڕووداو: ئێستا یەکەم ڕۆمانیشت، ڕۆمانی "مژاباد" دەکرێتە سۆرانی. لەبارەی ئەم وەرگێڕانە و وەرگێڕانی ڕۆمانەکانی دیکەت بۆ سەر زاراوەی سۆرانی چی دەڵێین؟

جان دۆست: "مژاباد" نۆبەرە ڕۆمانی منە، زۆر لەلام شیرینە و بە ئێش و سووتان و عەشقەوە نووسیومە. ساڵی 1996 بەو هەموو ترسەوە کە هەبوو چوومە مەهاباد، چووم لەگەڵ کوڕی قازی محەممەد قسەم کرد، چوومە سەر گۆڕی قازی محەممەدیش. شانازی دەکەم کە مژابادیش ببێتە سۆرانی.



جان دۆست، ڕۆماننووسی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان و خەڵکی کۆبانێ-یە. ساڵی 1956 لە کۆبانێ لەدایکبووە، بەشی بایۆلۆژی خوێندووە، بەڵام تەواوی نەکردووە. یەکەم چیرۆکی خۆی "خەونی سووتاو" لە ساڵی 1993 بڵاوکردووەتەوە. دواتر چیرۆکی "مشتێک خۆڵ" و "ڕوویەکی شیرین و چەند چیرۆکێکی دیکە..

- جان دۆست یەکەم ڕۆمانی خۆی "مژاباد" لە ساڵی 2003 نووسیوە.
- سێ هەنگاو و سێدارە- لە ساڵی 2007 بڵاوبووەتەوە.
- میرنامە- لەساڵی 2008 بڵاوبووەتەوە.
- عەشیقی وەرگێڕ- 2014 بڵاوبووەتەوە.
- خوێنی سەر منارە- 2014 بڵاوبووەتەوە.

سەرباری شیعر و چەند کارێکی دیکەی وەرگێڕان.



گۆران محەممەد
rebwar.karim@rudaw.net

# حیزبی ئێچ دی

ئێستاکێ هەر کەسێ، بە دەمپانکردنەوەوە، وێنەی خۆی لە فەیسبووکدا دانابێ و لە بنیدا نووسیبێتی (ئویوم هەدەپەیە) کە بە کوردیی یانی دەنگم بۆ هەدەپەیە، بزانێت یان نا، پشتگیریی شەهیدکردنی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتیش بە دەستی پێکاکا دەکات.


کوردی فەیسبووکنشین، لە هەڵوێستدا سکیان دەچێ، خۆیان پێڕاناگیرێ و زوو لێیان بەردەبێتەوە. جا بۆ دوور دەڕۆی؟ هەر بۆ نموونە، خاتوو ئالا تاڵەبانی کە خۆی مووچە لە مووچەبڕی خەڵکی کوردستان وەردەگرێ، بە جلی کوردییەوە، بە ترکی نووسیویەتی: ئویوم هەدەپە یە، جارێ قوربان بەڕێزتان چونکە ترک نین، بۆتان نییە دەنگ بەم و بەو پارتی ترکی بدەن، باشە بەر لەوەی ببیتە دەنگدەرێکی قاچاخ، بۆ ناچی مافی ئەو دەنگدەرە راستەقینانە وەربگریتەوە کە تۆیان ناردە بەغدا تا مووچە لە مووچەبڕەکەیان وەربگری؟ ئەگەر هەر ئەوەشت پێناکرێ، ئەرک نەبێ، بۆ ئێمەی ترکیی نەزان، شەرحێکی بەرنامەی هادەپ بە کوردیی بڵاوبکەرەوە، ئاخر خۆیان تەنیا بە ترکی هەیانە.

ئەوە ئاساییە عەوامی بێئیش، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە مانا و بێمانا، تا، بیانگرێت، لەوە تێدەگەم عەوام بێئەوەی هەڕ لە بری هیچ مەسەلەیەک جیابکەنەوە، بکەونە لایەنگریی کوێرانە و جنێودانی کوێرانە. ئەوەی تێیناگەم و ئاسایی نییە، ئەوەیە بەحیساب سیاسەتکار و بە حیساب خوێندەوار، لە عەوام عەوامتر بن، لەوان بێسەوادتر بن.

عەلی قەراخی، کە چەند رۆژێکە کەرەستەی قسەوباسی نێو فەیسبووکی کوردییە، لە وتارێکی (عەرەبیدا) بە شانوباڵی ئاشتەوایی و مافی ئینسان لە تورکیادا هەڵدەدا، کە وانییە. بەرنامەی هەدەپیش، بە تورکی باسی هەمان شت دەکات، کە ئەویش هەر وا نییە، راستیت دەوێ؟ هەدەپ چاک دەکا بە تورکی کار دەکا، ئاخر ئەو باش دەزانێ پێنج ملیۆن کەسی بێئیش لە باشوور پشتگیریی بکات، ناکاتە دەنگی یەک ترک کە دەنگی پێبدات، بۆیە لە بەردانەوەی هەڵوێستدا زۆر لە خۆتان مەکەن، بۆ مایەسیری خەراپە رۆڵە.

کاری هەرە باش ئەوەیە کورد، جا هەر کوردێک و لە هەر بەشێکی کوردستان بێت، بێتە پێش و سەربکەوێ، داخ بۆ کوردی هەرزەیە جا عەوام بێت یان بە حیساب نوخبە، ئەوانەی سەرکەوتنی نیوەی کورد، لە قڕکردنی نیوەکەی دیکەیدا دەبینن. بۆ ئەوانەش کە هەستۆکەی کوردایەتییان هەدەپە دەبینێت و شەهیدکردنی پێشمەرگەی دیموکرات بە دەستی گەریلای پێکاکا نابینێ، من هیچ ناڵێم، ئاخر پەشێوی مەزن جوانی وتووە

کە براکوژێک دەبینم
باوەڕکەن رشانەوەم دێ
تا بەیانی هەدا نادەم
دایم ئەمدیو ئەودیو دەکەم
سەد قۆناغیش دوور کەومەوە
بۆنی لاکی ماکەرێکی تۆپیو دەکەم



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# ئەوەش پەکەکە!

## 1

لە کاتێکدا کە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە هەموو ئاستەکاندا بێ ئەوەی بزانێ بۆچی (ئەڵبەتە هەندێکیان رەنگبێ بزانن بۆچی) سەقەربەر بوونە بۆ پشتیوانی لە سەرکەوتنی هەدەپ لە تورکیا و پەیامەکەیان بریتییە لە پشتیوانیی خەباتی نەتەوەیی کورد لە هەر کوێیەک بێت، پەکەکەی خاوەنی هەدەپ، رووی چەکەکانی خۆی بەرامبەر تورکیای خۆشەویست! بێدەنگ کردووە و خستوویەتیە خزمەتی ئێرانی باوک.

رووداوەکانی ئەو چەند رۆژەی رابردوو ئیسپاتی ئەو ئیدیعا دێرینەی کرد کە پەکەکە پتر لەوەی پاسەوانی سنوورەکانی کوردستانی باشوور بێت لە هەڕەشەی تیرۆریستانی ئیسلامی، پاسەوانی سنوورەکانی ئێرانە لە دژی شۆڕشگێڕانی رۆژهەڵاتی کوردستان. سەرەتا، لەگەڵ تەقینەوەی رق و کینەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بەرامبەر بەو دەستدرێژییەی کە کرایە سەر پاکیزەیەکی کورد لە مەهاباد، پەکەکە ویستی بە هەموو شێوەیەک رووداوەکە لە قازانجی خۆی بقۆزێتەوە، کە ئەوەشی بۆ نەچووە سەر، ئینجا فەرخەکەی خۆی واتا پژاکی خستە کار، بەڵام سەیر لەوەدا بوو کە چالاکیی پژاک لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێش ئەوەی لە لایەن پژاکەوە بڵاوبکرێتەوە لەلایەن رژێمی ئێرانەوە راگەیەندرا!

گەمارۆدان و شەهیدکردنی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان (میراتی پێشەوا قازی محەممەد) رووی راستەقینەی پەکەکە و یەکێتی دەرخستووە. کۆیە و کێلەشین دوو پەڵەی رەشن بە ناوچاوانیانەوە. ئەمڕۆ سەرکەوتنی هەدەپ لە هەڵبژاردن گرنگترە یان رزگاریی کوردی رۆژهەڵات؟ ئایا یەکێتی دەتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ئەگەر هەدەپ رێژەی 10% تێپەڕێنێ چ سوودێکی بۆ دۆزی کورد لە تورکیا دەبێ؟ کەس ئەوەی لەخۆی پرسیوە کە نەیارانی حیزبەکەی ئەردۆغان چییان بۆ کورد پێیە؟ ئەو هاشوهوشەی یەکێتی لە کوردایەتی و نیشتمانپەروەری نییە، موزایەدەیەکی رووتە و وەک قەرەبووی شکستی خۆیان لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستانی باشوور بە خەڵکی ئێرەی دەفرۆشنەوە. تاقیگەی ناسیۆنالیزمی کوردی، کیان و بە نەتەوەبوون لە کوردستانی باشوورە، بەڵام یەکێتی و پەکەکە لێی دەرنەچوونە. هەردووکیان لە مەرایی و پاڵپشتی بۆ روانگەی ئێرانی شیعی لە ناوچەکەدا و پاراستنی سنوورەکانی سایکس پیکۆ قسووریان نەکردووە.

## بۆ پارەی نەوت تورکیا و بۆ موزایەدە هەدەپ!

## 2

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بەو حاڵەی ئێستای (چ لە ناوخۆی کوردستانی باشوور و چ لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە) تووشی نەخۆشییەک بووە کە لە عیلمی سیاسەتدا پێیدەگوترێ شیزۆفرینیای سیاسی. حیزبی وەکو یەکێتی لەسەر رووی زەمین زۆر دەگمەنن. نموونەیەکی سادە دێنمەوە، هەموو شانازیی یەکێتی ئەوەیە کە کاتی خۆی لە نەوەدەکان سکرتێری گشتیی ئەو حیزبە (جەلال تاڵەبانی) دەسپێشخەریی کردووە لەوەی پەکەکە و رژێمی تورکیا دەست بە دانوستاندن بکەن و لە رێگەی گفتوگۆوە کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر بکەن، تا ئێرە هەمووی ئاساییە و جێگەی دەستخۆشیشە. بەڵام حاڵەتی نائاسایی ئەوەیە کە مام جەلال لە 1992 سەرۆکی پەکەکەی بە "عەوڵا شێت" ناوبرد، جا چییە؟ رەنگبێ ئەوکاتە کابرا شێت بووبێ و دوایی چاک بووبێتەوە، بەڵام سەیر ئەوەیە کە دوای دوو ساڵ هەمان شێت (عەبدوڵڵا) لەسەر دەستی تاڵەبانی کە خۆی شێخ بوو، نەک هەر چاک نەبووەوە، بگرە بووە "مەجنوون"یش. کەس نازانێ "لەیلا" کێ بوو، بەڵام "شفرەی" نێوان جەنگیز چاندار (کە ئەوکاتە راوێژکاری تورگوت ئۆزال بوو)، تاڵەبانی و ئۆزال ئەمە بوو: "مەجنوون واتە (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) داوای دانوستاندن دەکات".

هەر دیسان لە مێژووی نزیکدا و کاتێک لە سەرەتای دوو هەزار، یەکێتی لەگەڵ تورکیا ئاشت بووەوە و پارە و ئەرزاقی لە تورکیا دەستکەوت، جگە لەوەی کە لە کۆیە! زەویی نیشتەجێبوونی بۆ ئەندامانی بەرەی تورکمانی (کە ئەو کاتە تا سەر ئێسقان دژایەتیی کوردیان دەکرد) دیاری کرد، ئینجا کەوتە شەڕێکی بێ ئامان لەگەڵ پەکەکە، ئەو پەکەکەیەی کە هەر چەند ساڵێک بەر لەو مێژووە هاوسەنگەری یەکێتی بوو بۆ لەناوبردنی پارتی و دامەزراندنی فیدراسیۆنی باشوور! ئەوانەی ئەو رۆژانەیان لەبیرە، ئەوەشیان لەبیرە کە میدیای یەکێتی چ حەشرێکیان بە پەکەکە دەکرد و چ ناو و ناتۆرەیەکیان بۆ ریز دەکردن.

کەسێک ئەگەر کەمێک هەستی کوردایەتیی تێدا بێت، نابێ دڵی بەوە توند بێت کە کورد لەهەر شوێنێک هەبێت سەربکەوێت. بەڵام حیزبێک کە خۆی لە هەموو بەها نەتەوەییەکان داماڵیبێ و ئیدعای تورکیاییبوون بکات (رێک وەکو ئەوەی کە حیزبی شیوعی لە حەفتاکان هەزاران کوردی پێ دەستخەڕۆ کرد و بووە هاوپەیمانی بەعس) چی لێ چاوەڕوان دەکرێت؟ بۆ یەکێتی پشتیوانی لەو حیزبانەی دیکەی کوردستانی باکوور ناکات کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیاندا داوای فیدراڵی بۆ کوردستانی باکوور دەکەن؟! یان بۆ بەرامبەر بە سەرکوت و قەتڵوعامی کورد لە رۆژهەڵات بێدەنگە؟ بەڵام مەسەلەکە روونە کە دژایەتیی بارزانییە.

## بارزانی و سیسی

## 3

بڵاوبوونەوەی هەواڵی دیداری بارزانی و عەبدولفەتاح سیسی زۆر ناڕەحەتی کردم.. سێیەم رۆژی کودەتاکەی سیسی لە قاهیرە بووم. بەچاوی خۆم دیتم کە چۆن لایەنگرانی سەرۆکی هەڵبژێردراو (محەممەد مورسی) لە بەرەبەیاندا خەڵتانی خوێن کران. مورسی هەرچییەک بوو، دەبووایە دەرفەتی پێبدرێ. کەس بە قەدەر کورد بەدەست سوپا و رژێمەکانیەوە ئازاری نەچەشتووە و قەتیش خێرمان لێ نەدیون، بۆیە خۆزگە بارزانی بە دیداری لەگەڵ سیسی بەشداریی لەو زوڵمە نەکردبایە کە دەرهەق بە دیموکراسی کرا.



دانا نەوزەر

# کە کۆنی

هەموومان ئەوەمان بەسەر هاتووە کە بەشەوق و زەوقەوە نوکتەیەکمان گێڕاوەتەوە، بەڵام تومەز نوکتەکە کۆنە و هەموو بیستوویانە، هەر بۆیە لەجێی پێکەنین پێماندەڵێن: کە کۆنی.. تۆزی لێ هەڵدەستێ. دوای ئەوەش لەجێی نوکتەکە بەخۆمان پێدەکەنن.

بەم دواییە، حاڵی هەندێ سیاسیی پارچەکانی دیکەی کوردستان وەک حاڵی خاوەنی نوکتە کۆنەکەی لێ هاتووە. پێشنیازەکانی ئەوان بۆ باشووری کوردستان لە نوکتەیەکی کۆن و بێتام زیاتر هیچی دیکە نییە.

باشووری کوردستان و سیاسییەکانی ئەزموونی حوکمدارییان زیاترە لە پارتە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان. بۆ نموونە، ئێمە تا چەند ساڵێکی کەمیش لەمەوبەر دوو کانتۆن بووین. کانتۆنی زەرد و سەوز. بێجگە لە خودا هەموو شتێکمان جودا بوو. تا ئەم ساتەش برینی دوو ئیدارەییمان سارێژ نەبووە. هەربۆیە کاتێک کەسێک دێت و بە حەماسەتەوە و وەک ئەوەی شتێکی تازەی کەشف کردبێ پێشنیازی چەند ئیدارەییمان بۆ دەکات، پێدەکەنین. ئەو خورمایەی ئەوان بەنیازن بیتەکێنن، ناوکەکەی لە دەستی ئێمەدایە.

یاخود کاتێک هەندێک سیاسی و نووسەری بەشەکانی دیکە دێن و شەڕە گەرمە ئایدیۆلۆژییەکانی خۆیان دێننە باشوور، ناچارین پێبکەنین. خەڵکی ئەم بەشە نەک هەر تێرە، بەڵکو وەڕس بووە لە ئایدیۆلۆجیا و قسەی گەورە. لێرە حیزبی ئیسلامی و عەلمانی تەنها بەناو لە یەک جودان. لێرە تەنانەت لە کاتی هەڵبژاردنیشدا بەرەی عەلمانی و ئیسلامی دروست نابێ. ئەو پارتانەی بڕیار وایە سیکۆلار بن، ژمارەی مەلاکانیان زیاترە لە پارتە ئیسلامییەکان. ئیسلامییەکانیش ئەوەندەی باسی دژایەتی گەندەڵی و چاکسازیی ئیداری دەکەن، ئەوەندە باسی دەوڵەتی ئیسلامی ناکەن. لە بەیاننامەی هیچ حیزبێکی ئیسلامیدا دەستەواژەی دەوڵەتی ئیسلامی بوونی نییە، بەکورتی حیزبەکان لێرە تێگەیشتوون لەوەی ئایدیۆلۆژیای وشک سکی کەس تێرناکات. ئێستا ئەگەر بە رووکەشیش بێت، شەڕەکانیان باسی پرۆژە و بژێوی و قووتی خەڵکە.

باشووری کوردستان لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا باوەشی بۆ ئایدیۆلۆژیای مارکسی کردەوە. ژمارەیەکی کەم مەلا و پارتی نەبێ کە ئەوانیش هەر بە مەلایی ناسرابوون، زۆرینەی رەهای خەڵکی باشوور باوەشیان بۆ ئایدیۆلۆژیای مارکسی کردەوە. بەڵام ئەوکاتیش ئەوەندی بە وێنەکانی لینین و ستالین سەرسام بوون، ئەوەندە ئاگاداری ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆژیاکە نەبوون. دواجاریش کوردستان خاکێکی بەپیت نەبوو بۆ ئەو ئایدیۆلۆجیایە. هەر بۆیە کاتێک ئێستا پەیڕەوانی ئەو ئایدیۆلۆجیایە یان هی دیکە دێن و دەیانەوێ ئەو خەیاڵەی لە مێشکیاندا هەیە بۆ سیستەمی ئابووری و جیاوازیی چینایەتی بیسەپێنن و خۆیان و بۆچوونەکانیان وەک مەسیح و فریادڕەس بخەنەڕوو، ئێمە تەنیا پێدەکەنین. ئەمە نەک بۆ کۆمیونیزم، بۆ تەواوی ئایدیۆلۆجیاکانی دیکەش راستە. هەروەک ئێمە لە باشوور ئیرەیی بەو سیستەمە سیاسیانە نابەین کە لە جێگەی دیکەی بەشەکانی کوردستان لە گەشەکردندان. سەرەرای هەموو کەموکوڕییەکانی، سیستەمی سیاسی و حوکمڕانی لە باشوور پێگەیشتووترین و کامڵترینە لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە.

دەبێت هەموو لایەک ئەوە تێبگەن کە پێمانخۆشبێت یان نا، هەر پارچەیەکی کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە. بەشێکی زۆری ئەم تایبەتمەندیانە بەهۆی ئەوەوەیە کە هەر پارچە و لەژێر دەسەڵاتی نەتەوە و دەسەڵاتێکی تەواو جیاواز بووە لەوانی تر. ئەمە مانای ئەوە نییە ئێمە یەک نەتەوە نەبین، بەڵکو مانای ئەوەیە کە پێویستمان بە کاتە بۆ ئەوەی لە یەک تێبگەین. هەر کەس دەیەوێت نەبێتە نوکتە و قسەکانی گوێیان بۆ بگیرێت، دەبێت ئەو راستیەی لەبەرچاوبێت کە باشووری کوردستان گەشە و پێگەیشتنێکی فیکری و سیاسی و ئابووری بەخۆیەوە بینیوە و لە قۆناغی شۆڕش و شاخ تێپەڕیوە. پێویستییەکانی ئێمە و خەونەکانی خەڵک لێرە زۆر جیاوازن لە هی شوێنی دیکە. حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتی زنجیرە شاخێک نییە بەڵکو حکومەتێکی دانپێدانراوی دەستوورییە کە هەرێمێکی گەورە بەڕێوە دەبات و ئەرک و مافی هەیە لەبەرامبەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دراوسێکانیدا. بەر لە هەموو ئەوانەش، میللەتێک هەیە کە چاوەڕوانییەکانی جیاوازن و چیدی تەنها بە دروشمی یان کوردستان یان نەمان رازی نابن، بەڵکو هەلی کارو ئاسایش و خۆشگوزەرانیشیان دەوێت. بێگومان باشوور فرمێسک و خوێن و هاوکاریی پارچەکانی دیکە لەیاد ناکات و باوەشیشی کراوەیە بۆ هەموو کورد، بەڵام نوکتەکانتان هەڵگرن بۆ خۆتان.



هیوا حاجی

# میدیایەک بۆ شەرمەزاریی کۆمەڵایەتی

دەمەوێ سێ فۆرمی گرنگی ئابڕووبردنی کۆمەڵایەتی بخەمەڕوو کە بەشێک لە دەزگا میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان دەیکەن. پێمباشە ئەم سێ فۆڕمانەش بەم شێوەیە ناوبنێم: ئابڕووبردن بەهۆی کاری خێرخوازی، ئابڕووبردن لە راپۆرتەکانی تاواندا و لە کۆتاییشدا ئابڕووبردنی پیشەیی. با بە کورتی هەرسێکیان روون بکەمەوە:

بەشێک لە میدیاکان، بە تایبەت تەلەفزیۆنە ناوخۆییەکان، بەرنامەی جیاوازی خێرخوازییان هەیە و لە رێگەی نیشاندانی باری زۆر خراپی خێزانە هەژار یان نەخۆشەکانەوە هەوڵی هاندانی خەڵکی دەدەن بۆ کۆمەکبەخشین بەو خێزانانە. ئامادەکاران و پێشکەشکارانی ئەو پرۆگرامانە زۆرترین دیمەن و دەستەواژەی بەزەیی وورووژێنەر بەکاردێنن بۆ ئەوەی بە بینەر و خێرخوازان بڵێن ئەو کەسانەی ئەوان راپۆرتیان لەسەر بەرهەمدێنن، چەند هەژارن و چەندیش پێویستیان بە دەستگیرۆیی هەیە. ئەو پرۆگرامانە بەدیوێکدا زۆر باش و بە دیوێکیشدا دەگونجێ زۆر رووخێنەر بن. رووە باشەکە ئەوەیە کە زۆر گونجاوە میدیا بەکاربێت بۆ هاندانی خەڵکی بۆ کاری خێرخوازی و خۆبەخشی. هیچ کێشەیەک نییە لە بەکارهێنانی میدیا بۆ ئەم مەبەستە. گرفتەکە لەوەدایە کە ئەم بەرنامە میدیاییانە سنوورێکیان بۆ باسکردن و نیشاندانی وێنەی ئەو کەسانەی کۆمەکیان پێ دەبەخشرێت نییە. وێنەی ژن و پیاو و منداڵ بە چاوی فرمێسک و بەوپەڕی بێ دەسەڵاتی، دیمەنی زۆر باون لەو راپۆرتە میدیاییانەدا. ئەم جۆرە بەرنامانە راستە دەتوانن هەندێ یارمەتی، کەم تا زۆر، بۆ ئەو خێزانانە فەراهەم بکەن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەو خێزانانە دەکەنە نیشانەیەک بۆ ستیگما و سەرنجڕاکێشان لە گەڕەک و کۆمەڵگەکانی خۆیاندا. راستە هەژاربوون یان نەخۆشبوون بە هیچ شێوەیەک مایەی ئابڕووچوونی هیچ کەسێک نین، بەڵام بە زەلیل نیشاندان و جێگەی بەزەییبوون بۆ هەموو خەڵک جۆرێک لە ئابڕووبردن دروست دەکەن. ئەم کێشە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیە هێشتا بۆ منداڵانی ئەو خێزانانە گرانترە. منداڵێک ئێستا ئەوەندە بە داماو وێنا بکرێت، ئایا پاش 10 ساڵی دیکە، کاتێک گەنج دەبێ و گەورە دەبێ، چ وێنەیەک و چ رێزێکی بۆ خۆی و خێزانەکەی دەبێ؟

ئێمە ساڵی رابردوو گرووپێک لە قوتابیەکانمان لە زانکۆ هاندا بۆ لێکۆڵینەوە لەو بەرنامە میدیاییانە کە بەکاری خێرخوازییەوە خەریکن و ویستمان بزانین کە بۆ بەڕێوەبەرانی ئەو بەرنامانە کەیسەکانیان ئەوەندە بە شەفافی دەخەنە بەردەم بینەرانیان. دوو هۆکاری سەرەکی لە پشت ئەم مەسەلەیەوە هەبوو: یەکەم، بەڕێوەبەرانی ئەو پرۆگرامانە پێیانوابوو کە چەندە دیمەنی بەئێشتر و بەزەیی و وروژێنەرتر نیشانبدەن، ئەوەندە زیاتر خەڵک ئامادەی کۆمەککردن دەبن. دووەمیشیان ئەوەبوو کە ئەو کەسانەی یارمەتی پێشکەش بەو بەرنامانە دەکەن، دەیانەوێ دڵنیابن لەوەی یارمەتیەکانیان دەگاتە دەستی خەڵکی موستەحەق. بەم شێوەیە بە نیشاندانی کەیسەکان هەم یارمەتی زیاتر کۆدەبێتەوە و هەمیش کۆمەکبەخشەکان دەزانن کۆمەکەکانیان بۆ کێ دەڕوات. دیارە هەر دوو هۆکارەکە زۆر مەنتیقین، بەڵام بەکارهێنانی بێ سانسۆری کەیسەکان بەم شێوەیە لە هەڵەیەک زیاتر هیچی دیکە نییە. لەبەر سنوورداربوونی وتارەکە، من ناتوانم هیچ پێشنیارێک لێرەدا بخەمەڕوو، بەڵام بێگومان رێگای زۆر هەیە بۆ هاندانی خەڵک بۆ کاری خێرخوازی و شەفافبوونی کۆمەکەکان بەبێ ئەوەی پێویستبێ کەیسە موستەحەقەکان بەم شێوەیە لە میدیادا نیشانبدرێن.

دووەم جۆری ئابڕووبردنی کۆمەڵایەتی لە هەندێک لە میدیاکانی ئێمەدا، لە راپۆرتەکانیاندا سەبارەت بە تاوان و دەستگیرکردنی تاوانباران دەردەکەوێت. ئەمەش دیسان لە دوو رەهەنددا دیارە: یەکەم، زۆرێک لە راپۆرتە میدیاییەکان بە روونی ئاماژە بۆ باکگراوندی نەتەوەیی، یان ناوچەیی و یان تەنانەت عەشیرەتی دەستگیرکراوەکان دەکەن. بۆ نموونە دەڵێن "دوو تیرۆریستی بە رەگەز....." یان دوو "چەتەی خەڵکی فڵان شوێن" و تەنانەت لە چەند راپۆرتێکدا ناوی عەشیرەتی تۆمەتبار و تاوانبار و دەستگیراوەکانیش رادەگەیەنرێ. ئاشکراکردنی باکگراوندی نەتەوەیی، ئایینی، ناوچەیی یان عەشیرەتی دیسان ئەویش جۆرێکی دیکەی رووشاندنی ئابڕووی کۆمەڵایەتیی هەموو نەتەوەکە، ئایینەکە، ناوچەکە یان عەشیرەتەکەیە. بەپێی زانیاری موتەوازیعی من، لە هەندێ وڵاتدا، ئاشکراکردنی باکگراوندی نەتەوەیی یان ئایینی تاوانباران بە یاسا قەدەغەکراوە. تاوانبار هەر تاوانبارە، ئەوجا چ جیاوازیەکی هەیە ئەگەر لە هەر نەتەوە یان ئایین یان ناوچەیەک بێت؟ هەر لەو چوارچێوەیەدا، بەشێک لە میدیاکان ئاماژە بە شوێن دەدەن و مۆرکێکی نابەجێی کۆمەڵایەتی پێدەبەخشن. لەماوەی رابردوو، لە راپۆرتێکدا سەبارەت بە لەشفرۆشی و لەشکڕین، بە روونی باس لە ناوچەیەکی هەولێر کرا کە تاوانبارەکە تێیدا راوی کردووە. ئەمەش دیسان ئابڕووی ئەو کەسانەی لەو شوێنانە دەژین دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

سێیەم فۆڕمی ئابڕووبردن، ئەویش ئێستا زۆر باوە، بێباکبوونە لە پرسیارخستنە سەر سومعەی پیشەی خەڵک. زۆر بە ئاسانی و بە راستەوخۆ دەگوترێت مامۆستاکان ئاستیان نزمە، پزیشکەکان نەشارەزان، ئەندازیارەکان کارەکانیان نارێکە و چەندین گوزارشتی دیکە. بێگومان ئەمە راستە، لەنێو مامۆستا و پزیشک و سیاسی و ئەندازیار و هەموو ئەوانی دیکەشدا خەڵکی نەشارەزا هەیە و رەنگە کەمیش نەبن. کێشەکە لەوەدایە کە لە هەندێ لە میدیاکانی ئێمەدا، ئەمە دەکەنە حوکم و بەسەر هەمووانیدا دەسەپێنن. ئەو راستیە لەبەرچاو ناگیرێ کە لەناو هەموو ئەو بوارانەدا خەڵکی لێهاتوو هەیە کە شەونخونی کردووە لە بنیاتنانی خۆیدا و خزمەتی باش پێشکەش بە دەوروبەری خۆی دەکات. تەنانەت لە هەندێ باردا، بە روونی دەڵێن، فڵان زانکۆ مامۆستاکانی ئەوەندە نەشیاون، دکتۆرەکانی ئەو شارە بێباکن. دیارە ئەوەندە بەخراپ باسکردن و ناوهێنانی دامودەزگاکان بەم شێوە گشتیە جۆرێکە لە لەکەدارکردنی ئابڕووی ئەو کەس و دەزگایانە.

لەبەر ئەوە، میدیاکانی ئێمە باش دەکەن ئەگەر دەزگاکانیان بۆ کاری خێرخوازی بەکاربێنن، بێگومان ئەوەش هەر باشە کە پاڵپشتی پۆلیس بکەن و بەدواداچوونیش بۆ کارکردنی دامەزراوە پەروەردەیی و تەندروستی و ئەوانی دیکەش بکەن. بەڵام هەموو ئەمانە مەرجدارە بەوەی کە دەبێ گەورەیی و ئابڕووی ئەو کەسانەی لە میدیادا باسیان دەکرێت، نەخرێتە ژێر هەڕەشەوە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

ڕووداو ژمارە (360) دووشەممە 2015/5/25



محەممەد حاجی کەریم

# هاوپەیمانیەکی لاواز لە دژی داعش

هەفتەی ڕابردوو بووینە شاهیدی کەوتنی دوو شاری دیکەی گرنگ لە عێراق و سووریا. هەروەک ئەوەی بەر لە ساڵێک لە مووسڵ بینیمان، لە ڕومادی دووبارە بووەوە. لە سووریاش شاری تەدموری مێژوویی لەگەڵ پایتەختەکەی حوکمڕانیی داعش (ڕەققە) یەکتری گرتەوە.

بە پێچەوانەی لێکدانەوەکان، لە ماوەی هەفتەیەکدا داعش هەم لە رووی سەربازییەوە سەرکەوتنی بەدەستهێنا، هەم لە رووی مینۆکییەوە بە دونیای گوت، نەک توانای بەرگریکردنی سنووری حوکمڕانیی خەلافەتی ئیسلامی لەدەست نەداوە، بەڵکو لە پێشڕەوی و فراوانخوازیش بەردەوامە.

ڕووداوەکانی دوای شەڕی داعش لە عێراق و سووریا بە گشتی، پێیانگوتین لەگەڵ ئەوەی بەرەی دژە داعش فراوانە، وەلێ ڕێکخراوی داعش بێ پشتیوان نییە و ئەو لایەن و وڵاتانەش زۆرن کە بوونەتە هاوپشت و پەنایان.

ڕەنگە داعش زۆر نەژی، بەڵام پێناچێ بەمزووانە هەوڵی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بە تەواوی پێش بە دڕندەیی ئەم گرووپە بگرێ، وەک ئەوەی سەرەتای ئەم هەفتەیە باراک ئۆباما بە گۆڤاری ئەتلانتیکی ئەمریکی گوت، شەڕی داعش درێژخایەنە و کاتی زۆری پێویستە.

ئەگەر قووڵتر لە مەسەلەکە بڕوانین، دەبینین ستراتیژیەت و هێزی ڕووبەڕووبوونەوەی بەرەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی، لە ئاست گەورەیی مەترسیی داعشدا نییە. بەمەش ئەوانەی زیاتر باجی تەمەندرێژیی داعش دەدەن، گەلانی ناوچەکەن و بە چاوی خۆیان مەرگەساتی زیاتر دەبینن.

تاوانە قێزەونەکانی داعش بەرامبەر خەڵکی سڤیل و بێ تاوانی ئێرە و ئەوێ، هەموو سنوورێکی بەزاندووە و گەیشتووەتە لوتکەی دڕندەیی و وەحشیگەری، کەچی پرۆسەی بەگژداچوونەوە و ریشەکێشکردنی داعش، ناکاریگەرە و پەیڕەوی ڕێوشوێنێکی گونجاو بۆ یەکلاکردنەوەی بارودۆخەکە ناکات.

هەنگاوە هێواشەکانی بەرەی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی، دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی داعش بە ئاسانی و بە خێرایی بە کۆتا نایەت، چونکە ئەو تەنیا گرووپێکی چەکدار نییە، بەڵکو پرۆژەیەکی سیاسی، سەلەفی جیهادیی پاوانخوازە. ئەو ئیسلامییە توندئاژۆیانەش کەم نین کە لە زۆربەی وڵاتانی دونیا، لایەنگری و وابەستەییان تا ڕادەی مردن بۆ ئەو ڕێکخراوە هەیە. بەگشتی کۆمەڵگەی موسوڵمان بۆ بەرهەمهێنانی گرووپی تیرۆریستی و جیهادی خاوەن کێڵگەیەکی لەبار و بەپیتە و ڕەگی سەرهەڵدان و گەشەکردنی، بە قووڵی شۆڕبووەتەوە نێو تاکەکانی.

تەنانەت ئەم ناوچانەش کە بەر لە ئەوانی تر، تامی ئازارەکانی ئەم گرووپەیان پێگەیشتووە، بوونەتە کارگەی بەرهەمهێنانی کاراکتەر و توندڕەوانی نێو ڕێکخراوەکە. کەواتە مەسەلەکە لەوە گەورەترە کە داعش تەنیا گرووپێکی چەکداریی تیرۆریستی بێ، بەڵکو ڕەهەندێکی فیکری و عەقیدەیی هەیە و پەیوەستە بە باوەڕەوە.

بۆیە پێناچێ ناوچە نائارامەکان لە داهاتوویەکی نزیکدا ئارام ببنەوە، چونکە ئامانجی هەڵگرانی فیکری سەلەفیی جیهادی تەواوکردنی ئەو بەرنامەیە کە کۆیکردوونەتەوە.

بەداخەوە، لە سایەی مەیلی هەژموونگەریی دەوڵەتانی زلهێز بە گشتی و عەقڵیەتی فەرمانڕەوایانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەتایبەتی، لە نێویشیاندا وڵاتانی دەوروبەر، پێشبینی ناکرێ ئاگری ئەو شەڕ و فیتنەیەی ناوچەکەی گرتووەتەوە، بەم زووانە دابمرکێتەوە و کێرڤی خوێنڕژان و توندوتیژیەکان دابەزێ.

لە دۆخێکی دژوار و پڕ لە ململانێی ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەیی و کێبەرکێی دەوڵەتان لە پێناو باڵادەستیدا، یەکلاکردنەوەی کێشەیەکی ئەوەندە گەورە، هەروا ئاسان نییە. بە تایبەتی ئەگەر بەرەی هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی بەو سستی و لاوازییە بمێنێتەوە و میکانیزمێکی جددی نەگرێتەبەر.

ئاڵۆزیی دۆخەکە بە جۆرێکە، ئەگەر لە وڵاتێکی وەک عێراق بڕوانین، لەوە تێدەگەین تەنیا یەک لایەن و دەوڵەت لە بازاڕی ململانێ و هاوکێشە سیاسییەکانی ئەو وڵاتەدا ئامادەییان نییە، ئەو ئاوەز و ماسک و دەستانە زۆرن کە بە ئاشکرا و شاراوە ڕۆڵیان لەو بارودۆخەدا پێ سپێردراوە. بە چەشنی عێراق ئەم وێناکردنە بۆ تەنگ و چەڵەمەکانی سووریا و یەمەن و زۆر وڵاتی دیکەش ڕاستە و دەتوانین بڵێین لەوێ واقیعێکی پڕ کێشمەکێش و سەختتریش ئامادەیی هەیە.

ئەمە وایکردووە، لەو وڵاتانەدا هەموو شتێک سروشتی خۆی لەدەستبدا و بێ بەها بێ. بۆ نموونە ئەگەر لە ڕووداوەکانی ئەمڕۆی سەر گۆڕەپانی عێراق وردبینەوە، یان فۆکوس بخەینە سەر داگیرکردنی رومادی، جارێکی دیکە ئەوەمان بۆ دووپات دەبێتەوە کە تەنیا هەڕەشە و گوڕەشە و ئیمکانیەتی سەربازی و تانک و تۆپ و فڕۆکە پێوەری سەرکەوتن نییە، بەڵکو سەرکەوتن و پاراستنی وڵات لە مەترسییەکان، بە ئیرادە و عەقڵەوە بەدی دێت.

وەک بەراوردێک، ئەو ئیمکانیەتەی پێشمەرگە لە بەردەستیدایە هێندەی سەتا پێنجی ئیمکانیەتی سوپای عێراق نییە، بەڵام بە ئەزموون ساغ بووەتەوە، پێشمەرگە لە سوپای عێراق خۆڕاگرتر و ئازاترە. هەنووکە هەرێمی کوردستان مەترسی شکست و دۆڕاندنی خاکەکەی تێپەڕاندووە و لە حاڵەتی بەرگری و بەدەستهێنانەوەی تەواوی ناوچە لەدەستچووەکانیدایە. وەلێ حاڵەتەکە لە ناوەڕاستی عێراق بە جۆرێکی ترە، تارادەی ئەوەی بەغدای پایتەختیش مەترسی زۆری لەسەرە.

هەر وڵاتێک، لە دەرەوەی لۆژیکی یەکترقبوڵکردن و هاوبەشیی سیاسی، مەحاڵە قەیرانەکان دەرباز بکات و دەستکەوت و سەرکەوتن مسۆگەر بکات. دەوڵەتی عێراق ئێستا متمانەی لەدەستداوە و لەوپەڕی ناکارامەیی سیاسیدایە.

عێراق بە کورتبینی سیاسی و پەراوێزخستنی زۆرێک لە پێکهاتە جیاوازەکان، کەمترین ئینتیمای نیشتمانی لای ڕۆڵەکانی نەهێشتووەتەوە و نەیتوانیوە کەشوهەوایەکی تەندروست بۆ هەمووان وەک یەک دروست بکات. بۆیە چارەنووسەکەی بە ئەمڕۆ گەیشت. گەلانی ناوچەکە ناحەقیان نییە لە ڕێوشوێنی چارەسەریی حکومەتەکانیان بێ هیوا بن و چاوەڕوانی فریادڕەسێکی ڕاستەقینە بکەن.

بە بڕوای من دەربازبوونی وڵاتێکی وەک عێراق لەم دۆخە ئاڵۆزکاوەدا، دەمانباتە بەردەم دوو ڕێگەچارە. یەکەمیان هەڵوەشاندنەوەی نەخشەی ئەو وڵاتە و لێکجیاکردنەوە و دارشتنەوەی بە گوێرەی پێکهاتە جیاوازەکانی وەک کورد و سوننە و شیعە. دووەمیشیان گۆڕینی ستراتیژیەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەکتیڤبوونی زیاتری بەرەی هاوپەیمانێتی دژە داعش.

بەکورتی، دۆخەکە بە جۆرێک شێواوە، دژوارە کۆتایی داعش، هێوربوونەوەیەکی تەواو لەگەڵ خۆی بێنێ.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# پەکەکە چما وا نەکات؟

لەپاش ئەو هێرشەی پەکەکە لە کێلەشین کردیە سەر دیموکرات، پرسیارە چارەکە سەدەیەک دووبارە بووەوەکە دووبارە دەبێتەوە: پەکەکە چما وا دەکات؟ بەتایبەتیش ئەو حیزبە، کە بەقسەی سەرکردەکانی وازی لە سەربەخۆیی کوردستان هێناوە و بڕوای بە کۆنفیدراڵیی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە، پشتی بە کام شەرعیەت بەستووە بۆئەوەی وەک پارتێکی باکووری کوردستان لەنێو خاکی باشووری کوردستان پەلاماری پارتێکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدات؟

هەریەکە لە پەکەکە و دیموکرات لە بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا لە سیاسەتیاندا بەرامبەر ئەزموونی باشووری کوردستان دوو سیاسەتی تەواو جیاوازیان هەبووە. پەکەکە لەو ماوەیەدا هیچکات وازی لە سەرئێشە دروستکردن بۆ هەرێمی کوردستان نەهێناوە. قەتیش لە سیاسەت و کارەکانیدا ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی ئەزموونی ئەم بەشەی کوردستانی نەکردووە. دیموکرات لە هەمان ماوەدا سیاسەتێکی تەواو پێچەوانەی هەبووە. هێندە پێچەوانە کە ئەندامان و لایەنگرانی لۆمەی سەرکردایەتیی خۆیانیان کردووە و لەگەڵ ئەو هەموو خاترگرتنە "لەخۆڕاییە"ی باشوور نەبوون.

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام، گلۆڵەی پەکەکە لە لێژەوە کەوتبووە لێژتر. لەو سەروبەندەدا ئەمریکا و تورکیا گوشارەکانیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان و بەتایبەتیش بۆ سەر بارزانی چڕکردبوووەوە تاوەکو هەولێر بەشداربێت لە شاڵاوی ڕاماڵینی پەکەکە لە قەندیل. بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکا لەو سەردەمەدا پیشانیدەدەن کە گوشارەکان دەگۆڕدرێن بۆ هەڕەشە، بەڵام بارزانی ناچێتە بن باری ئەو داواکارییانە. ئەمە چەندین مانگ درێژە دەکێشێت، بەڵام هەڵوێستی بارزانی ناگۆڕێت.

دوای نەمانی ئەو گوشارانە، خەریک بوو ڕابوونەوەی پەکەکە بە ئاراستەیەکی ڕاستدا بڕوات. ئەو حیزبە بەڕووی هەمووانـدا کرابـووەوە، بەڵام دوای گۆڕانی بارودۆخی ڕۆژئاوای کوردستان، جەمیل بایک و هاوبیرەکانی جڵەوی دەسەڵاتداری لەنێو پەکەکە بەدەستەوە دەگرن و ئەو حیزبە دەگەڕێتەوە سەر خووە خراپەکەی ساڵانی نەوەتی، کە بریتی بوو لە تاکڕەوی و بەخشکەیی خۆبێبەریکردن لە ئامانجە نەتەوەییەکان.

لە سەروبەندی دانیشتنەکانی هەولێر بۆ سازدانی کۆنگرەی نەتەوەیی، پارتەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بەئومێدەوە خەڵکیان دڵنیا دەکردەوە کە کۆنگرەکە سەردەگرێت. بەڵام، وەک دواتر دەرکەوت، لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان و سترەکچەری سەرۆکایەتیکردنی کۆنگرەی نەتەوەیی، پەکەکە نەیهێشت کۆنگرەکە سەربگرێت.

بەو هەموو هەڵە و کێماسییانەوە ئاراستە دەستڕۆیشتووەکەی نێو یەکێتی پشتیوانییان لە سیاسەتەکانی پەکەکە کردووە و دەیکەن. ئەمەش وادەکات لەجیاتی ئەوەی بەسەرسوڕمانەوە بپرسین: پەکەکە چما وا دەکات؟ بە نیگەرانییەوە بپرسین: پەکەکە چما وا نەکات؟ مادام پەکەکە دڵنیابێت هەر هەڵەیەک بکات، تەنانەت ئەگەر دژی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کوردستانیش بێت، فڵان حیزب لەڕقی فیسار حیزبی باشوور پشتیوانیی لێدەکات، بۆ نەیکات؟

خەریک بوو دەبووە پانزدە ساڵ، بەبێ ئەوەی ڕابگەیەندرێت، شەڕی براکوژی لە سەرتاسەری کوردستان حەرامکرابوو. مخابن لە ڕووداوەکەی کێلەشیندا ئەو حەرامکردنە کۆتایی پێهات. ئەمەش دروست ئەو شتەیە کە دوژمنانی کوردستان دەیانەویست ڕووبدات. ئۆبالی مێژوویی ئەمەش دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەی لە بیانوویەک دەگەڕان تاوەکو ئەو حەرامشکێنییە بکەن.



بەرزان عەلی حەمە

# ئێوە شێتن یان پادشا؟

هەموو یەکێتییەکان ڕەخنەیان لە حکومەت هەیە، بەڵام ئەو حکومەتەی کە لە هەولێر و دهۆکە. هەموو پارتییەکان ڕەخنەیان لە حکومەت هەیە، بەڵام بەشە حکومەتەکەی یەکێتی لە سلێمانی و گەرمیان. گۆڕان و ئیسلامییەکانیش، نزیکەی 300 کەسیان لە خەڵکە ئۆپۆزسیۆنەکەی خۆیان هەڵدایە ناو حکومەتەوە، بەڵام ئەوانی تریان هێشتا هەر ئۆپۆزسیۆنن، دەبوو کابینەی هەشت، بۆ ڕێکخستنی ئەم ژاوە ژاوە (وەزارەتی کاروباری ڕەخنە)شی هەبووایە!

لەنێو کورددا، زۆربەی دیاردە و ڕووداوەکان ئاوەژوو بوونەتەوە، لەسەر تەلەفزیۆن، وەزیر دەبینی ڕەخنەی لە سیستمی حوکمڕانی هەیە، پەرلەمانتار باس لە بێ دەسەڵاتیی پەرلەمان دەکات. ئەندامی سەرکردایەتی حیزبێکی فرە دەسەڵاتە، کەچی وەک کرێکارێکی هەژار و بێ دەست، ئەویش ڕەخنەی هەیە!

لێرە هەموو لایەکیش، نەیار و بگرە دوژمنی یەکترین، حیزبەکانیش لەنێو خۆیاندا هەروان، هەموو کەس هەر ڕەخنە دەگرێ، دەوڵەمەند و هەژار، دەستدار و بێ دەست، کەچی هێشتا دیار نیە، ئەو ڕەخنانەی کە ڕۆژانە شەش ملیۆن کورد هەڵیدەدەنە هەواوە، بەرەوڕووی کێیە!

لە هەر چایخانەیەک چاییەک بخۆیتەوە، دەیبیستی خەڵک چەندە رقی لە حکومەتە، لە کاتی خۆپیشاندانیشدا، بە داری دەستی پۆلیسەکاندا بۆت دەردەکەوێ کە حکومەت چەندە لە خەڵک پەستە. خۆ ئەگەرچی هەمیشە حکومەت و خەڵک لێک تووڕە و دوورن، بەڵام بۆ ڕێکخستنی نێوانیان وەزارەتێکیان دانەناوە، کەچی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەت لە یەک حەوشەدان، وەزیرێکیان لەنێواندایە بەناوی وەزیری کاروباری پەرلەمان، تا پەیوەندییەکانیان بۆ ڕێکبخات!

ئەم تووڕەییەی خەڵک و حکومەت لەیەکتری شتێکی نامۆ نییە، هەموو حکومەتە ڕۆژهەڵاتییەکان لای میللەتەکانی خۆیان ڕەزایان گرانە، بەڵام لە کوردستان هۆکارەکە سەرباری ئەوە شتێکی تریشە، ئەو کاتەی کە یەکێتی و پارتی وەک دوو تیپی فوتباڵ، بەڵام بە ڕۆحیەتی عەسکەرییەوە ڕووبەڕووی یەک بوونەوە و کوردستانیان دابەش کرد، پارتی لە هەولێر حکومەتۆچکەی خۆی ڕاگەیاند، کەچی ئۆپۆزسیۆنی حکومەتۆچکەکەی یەکێتی بوو لە سلێمانی، یەکێتیش لە سلێمانی بەهەمان شێوە. ئیتر لەو ڕۆژەوە، خەڵکی لێیانەوە زمانی ڕەتکردنەوە و خراپ نیشاندانی بەرووبوومی یەکتری فێربوون.

لێکدانەوەیان بۆ دیاردەکان بەتەواوەتی سەقەت بوو، بۆ نموونە: ئەگەر ڕۆژی حەوت تەقینەوە لە هەولێر ڕوویدات، ئیتر ئەمە لای خەڵکی دەبێتە بەڵگەی ئەوەی کە ئاسایشی سلێمانی چاکترە. ئەگەر ڕۆژی چوارسەد سەیارە لە سلێمانی وەربگەڕێت، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە ڕێگاوبان و پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر و دهۆک باشترن.

ئەگەر ڕۆژی شەش حەوت ڕەز و باخی شارباژێڕ بسووتێن، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کە پۆلیسی دارستانی زاخۆ چاک و چالاکترن. ئەگەر مانگی سێسەد تانکەر لە مەرزی حاجی هۆمەران گرپبگرێت، ئیتر ئەوە مانای وایە مەرزی باشماخ نێودەوڵەتیترە، توو ویژدانتان لە کوێی دونیادا ئەمە میتۆدی هەڵسەنگاندنە؟ لەبەر ئەوەی عومەر چاک بوو بۆیە عەلی خراپە، یان عەلی چاک بوو بۆیە عومەر خراپە !

دەبێ ڕێگە بە هەناسە و نەفەسی تر بدرێت، بەڵام لێرە زۆربەی خەڵک یەک جۆرن، داواش دەکەن تۆش لەوان بیت، دروست وەک چیرۆکی پادشاکە "لە شارێکدا ڕووبارێک هەبوو، هەر کەس لە ئاوەکەی بخواردایەتەوە شێت دەبوو، خەڵکی شارەکە هەموویان خواردیانەوە و شێت بوون، تەنیا پاشا نەیخواردەوە، بەڵام خەڵکەکە چونکە هەموویان یەک جۆر بوون و پاشا جیاواز بوو، بە پاشایان دەگوت شێت، داوایان کرد دەست لە پۆستی پاشایەتی هەڵبگرێت، بە لایقیان نەدەزانی شێتێک پاشایان بێت، سەرئەنجام پاشاش بەناچاری لە ئاوی ڕووبارەکە دەخواتەوە بۆ ئەوەی تەختەکەی بپارێزێ".

ئەگەرچی ڕەنگە پێتانوابێ کە پەیوەندی بەباسەکەوە نییە، بەڵام کە میوە نەبوو، چەوەندەر سوڵتانی میوەکانە!



بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# نان و پیاز خواردن بە هەڵبژاردنی تورکیاوە

هەفتەیەکی ڕێک و ڕەبەقە، باس باسی دوو شتە! یەکەمیان "فیتپەمپ" (بە زمانی خەڵکی)، دووەمیان هەڵبژاردنەکانی تورکیا و دەنگەکانی HDP. بەداخەوە شارەزاییم لە مەسەلەی "فیتپەمپ"دا نییە، بەڵام یەک دوو قسەم هەیە لەسەر نان و پیازخواردنی خەڵکی و لایەنە سیاسییەکان بە هەڵبژاردنەکانی تورکیاوە.

پێش هەموو شتێک پێویستە هەموو کورد لە دڵەوە سوپاسی کەناڵی ڕووداو بکات کە ئەم هەڵبژاردنەی تورکیای کردە بەشێک لە ڕۆژەڤی هەرێمی کوردستان. جارانیش لە تورکیا هەڵبژاردن دەبوو، HDP یش بەشدار دەبوو (بەناوەکانی پێشوویەوە)، دەنگیشی دەهێنا و کەسیش لە هەرێمی کوردستان پێی نەدەزانی.

گواستنەوەی گوتاری سەرکردەکانی تورکیا، بە دەمیرتاش و ئەردۆغان و داودئۆغڵووەوە، لەگەڵ شیکاری و ڕاپۆرت و هەڤپەیڤینەکانی ڕووداو لەسەر هەڵبژاردنەکانی تورکیا، بووە هۆی ئەوەی ئەم بابەتە ببێتە بابەتی ڕۆژ لە باشووری کوردستان. جێگەی دڵخۆشییە بۆ من کە بەشێک بووم لەو ستافەی بەم ئەرکە هەستا.

ئینجا با بێینە سەر نان و پیاز خواردنەکە. لێرەدا پێویستە بڵێم، پێشاندانی پشتگیری بۆ HDP لەلایەن خەڵک یان کۆمەڵێک لایەنی سیاسییەوە، هەڵوێستێکی ناوازە و جێگەی ڕێزە. نابێت کەس قەڵس ببێت لەمە.

لەگەڵ ئەوەی HDP خۆی بە پارتێکی تورکیایی دەناسێنێ و لە کارنامەی هەڵبژاردنەکەیدا بە ڕوونی باسی کێشەی کورد و کوردستانی نەکردووە، بەڵام دواجار نوێنەرایەتی کورد و دۆزی کورد دەکات لە تورکیا و نزیکەی 90%ی دەنگدەرانی کوردن.

پشتگیریکردنی AKP یش، بەڕای من شتێکی ئاساییە. دواجار ئەو پارتەش کۆمەڵێک هەنگاوی بوێرانەی لە چارەسەری کێشەی کورددا ناوە و بەلایەنی کەمەوە هێندی HDP دەنگدەر و سیاسەتمەداری کوردی هەیە.

دەبێت هەردوو بۆچوونەکە لە چوارچێوەی ئازادیی بیروڕادا ببینرێ و ڕێزی لێبگیرێت.

تەنها شتێک کە لێرەدا نائاسایی بێت، بەکارهێنانی هەڵبژاردنەکانی تورکیایە بۆ شەڕە دەمی نێوخۆیی خۆمان.

جێگەی سەرنجە کە گەلی ئێمە ئامادەیە سوود لە هەموو شتێک وەربگرێت بۆ قووڵکردنەوەی ناکۆکییە نێوخۆییەکان. ئامادەیە لەسەر بابەتێک کە کەمترین زانیاریی ڕاست و دنیایەک زانیاریی هەڵەی لەسەری هەیە، دەست بە شەڕە پەڕۆ بکاتەوە و تەخوینی یەکدی بکات.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم هەڵەیەکیش بۆ هەموو لایەک ڕاست بکەمەوە. نازانم بۆ، بەڵام لێرە باوەڕێک دروستکراوە کە HDP ڕکابەری یەکەمی AKP یەو ئەگەر ئەمان لێرەوە پشتگیری لێبکەن ئەوا AKP کۆتایی دێت.

ڕاستە ئەگەر HDP بەربەستەکە تێپەڕێنێ ئەگەری ئەوە هەیە 55 بۆ 60 کورسی مسۆگەر بکات. نزیکەی 15 بۆ 20 لەم کورسیانە لە AKP وە دەبات بۆ خۆی. بەڵام هێشتا AKP نزیکەی 300 کورسی پەرلەمانی بۆ دەمێنێتەوە کە دەکاتە دوو هێندە و نیوی کورسییەکانی HDP و توانای دەبێت بەتەنیا حکومەت پێکبێنێتەوە. HDP بەپێی سەرجەم ئامارەکان چوارەم پارتی تورکیاوە و لەدوای CHP و MHP وە دێت.

ئەگەر ڕا و هەڵوێستی من دەپرسن، من پێموایە زۆر گرنگە HDP بەربەستەکە تێپەڕێنێ و بچێتەوە نێو پەرلەمان. ئەگەر ئەمە ڕوویدات، هەم دۆزی کورد لە تورکیا هەنگاوێک زیاتر دەچێتە پێشەوە، هەم هەیمەنەی ئۆجەلان و قەندیل بەسەر HDP وە کەمتر دەبێتەوە. ئەگەر پێچەوانەکەی ڕوویدات، پرۆسەی سیاسی کوردی لە تورکیا دەیدۆڕێنێ و کاریگەریی خەباتی چەکداری دەگەڕێتەوە.

ئاسۆ

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more




## سۆنیا دەبێتە چینی

« 19


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : سالْح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران : بەختیار مستەفا ، هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net



